# DLANPAR

دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

ژمارە 3و4     خولی پێنجەم     1995.12.25







2

هه‌ڵبژارده له به‌رهه‌می هونه‌رمه‌ندی کورد ئێلی ئه‌براهامی (ئـ.ئه‌براهامی) له‌شاری سنه له‌دایکبووه، له‌ته‌مه‌نی حه‌ڤده ساڵی له‌گه‌ڵ باوانی چونه‌ته ئیسرائیل. تا ساڵی حه‌فتا له‌وێ ژیاوه، له‌وه به‌دواوه هاتۆته فه‌ره‌نسا. ئێستە له پاریس ده‌ژیت.

# DLANPAR دلانپار

ده نگی کومیته ی ئاشتی وپشگیری نیشتمانی کوردستان



ناونیشان P. O. Box 533 00101 Helsinki Finland

بانگیرۆ SPS 800024-12855719

ته له فۆن 358 - 0-308045 فاکس 358-0-77474200


## خوینه رانی خۆشه ویست


سالێکی تر وا ته واو ده بێ ، له و چه ند ساله ی که هه ر هێنده ی ژماره ی په نجه ی ده ستێکن سالێکی تر له سه ره تای سه ده ی بیستویه ك نزیك ده بینه وه !

لێ ده لێی کۆتایی ئه و سال و سه ره تای سالی نوێمان له سالانی رابردوو ناکات . که مروف لێی ورد ده بێته وه نیشانه ی وا به دی ده کات که ده شێ بلێین ، له سه رجه می مێژووی سالنامه ی کوردی جیاوازه ، لــه لایه که وه ئاگربه ستی نێوان هه ر دوو پارت له باشور وا خه ریکه ده بێته ئاشتیه کی هه میشه یی ، شه رێ نیوان پ.ک.ک و پارتییش ، شه رێ باکور و باشور وا جارێ وه ستانی درا ! کورد ده لێ : کوێره چیت گه ره که ؟ دوو چاوی ساغ ، ئه مه هه مووی له لایه که وه ، له لایه کی تره وه پرۆسه ی کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان وا خه ریکه له سه ر زه مینه ی رووده وه ك راستیه کی حاشا هه لنه گر خۆی ده سه پێنێ ، به لێ گه ر کۆتایی ئه م ساله و سه ره تای سالی نوێ موژه ی یه کێتی نــه تــه وه یی و ستراتیژیه تی نیشتمانی تێدا له دایك بێ ئه وه به راستی رۆژگارێکی رێزپه ر ده بێ له سه رتاپای مێژووی کوردستاندا .

کۆرو کۆبونه وه ی هێز ورێکخراو و رۆشنبیرانی نیشتمانپه ره وه ری کوردستان ماوه یه کی تر پێ ده نێته جاری سێیه م که وا ره چاو ده کرێت ئه و موژه ده یه ی سه دان ساله هاوولاتیان چاورێی ده که ن له و کۆبونه وانه دا بخه ملێ و له کۆنگره ی نیشتمانی کوردستاندا له دایکبێ .

به م هیوایه وه و له چاوه روانی سالی نوێدا ، پیرۆزبایی گه رمتان لێ بێ ، سالی نوێتان پیرۆزبێت سالی سه رکه وتن و به ختیاری و سه رفرازی بێت ، سالی گه شانه وه ی کوانوی خه بات و شه کانه وه ی ئالای پیرۆز . سالی هه نگاوی شارستانیانه ، سالی ته بایی و یه ککرتن و ئاشتی .

*لیژنه ی بلاوکردنه وه*




# له م ژمـــاره یه دا


2 - ئافه رین ، عانفه ریم ، عه فاریم .... پ.ک.ک ........ دلانپار
4 - به سه رکردنه وه ی پێشمه رگه یه کی کۆن ........ هاورێ قادر ره سول
7 - پرۆژه ی کۆنگره ی گه لی کوردستان ........ فاتیح ره سول
9 - راگه یاندنی کۆتایی کۆبونه وه ی حزب و رێکخراو و رۆشنبیران ........ به لگه نامه
10 - خه وشه کانی خه باتی چه کداری ........ سیـروان
13 - ئاگاداریه ك بۆ نوسه رانی به رێز ........ لیژنه ی سه رپه رشتی دلانپار
14 - لیکۆلینه وه یه ك له مێژوی کورد و کوردستان ........ م.رێبوار
18 - ره شکوژی و پێشیلکردنی مافیمرۆڤ. هاریکاری نیشتمانی کوردستان ........ راپۆرت
19 - کوردستان نیشتمان و گه لیکی بێ ده وله ت ........ جه واد مه لا / و. شێرکۆکۆیی
26 - چه ك ! بۆ پاراستن ؟ یاخود قرکردن ؟ ........ ف . وه هاب زه نگه نه
27 - هه یاسه له ئه ورستان چیاسه ؟ ........ هه یاسی خاس
28 - ئیدز و نه خۆشییه هه لپه رسته کان ........ د .زاهیر سوران
29 - دیاری منالان ........ سونیا زه نگه نه
30 - زه برو زه نگ و به رژه وه ندی تایبه تی له هه لوێستی سیاسی و گوتاری رۆشنبیریدا ........ حه مه سه عید حه سه ن
36 - به سه رهاتی راسته قینه ی ژیانی موحه مه د پێغه مبه ری موسلمانه کان ........ کریستیان مه کاریان به هاوکاری موحه مه دبن حوسێن ئاماده کار و /و : سیروان سۆرانی
45 - جواناسی ........ ب .کرۆتشه / و. سه ربه ست خه سرۆ عارف
47 - ره خنه ی هونه ری ........ گ.سۆلتینتز / و. ره هبه ر جه لال
چرپه ، په راوێزی دلانپار ........ کاکه باس


وێنه ی به رگی یه که م: پێغه مبه ر موحه مه د ،فاتیمه ی کچی، عه لی ئامۆزای ، حه سه ن و حوسه ین کورانی عه لی .

وێنه ی به رگی دووه م : موحه مه د ئامۆزاکه ی ناوده نێت « عه لی » له دوایدا ده یکاته کوری خۆی ( میناتور - موزه خانه ی تۆپ کاپی ، ئه سته مبۆل )

هه ر دوو تابلۆی رووی ناوه وه ی به رگی یه که م ده ستکردنی هونه رمه ندی کورد ، ئێلی ئه براهامی .

## ئـــــاگـــــــــاداری

نامه کانتان له سه ر خواستی خۆتان بلاوده کرێته وه. مه رجنییه ئه وه ی بلاوده کرێته وه ده گه ل بیرو باوه رێ ئێمه دا بگونجێ . ده قنامه ونوسینه کانتان نانێردرێنه وه. له رویه کی لاپه ره بنوسن ده قی فۆتۆکۆپیکراومان بۆ مه نێرن . به باشتان زانی ره چاوی رێنوسی گۆڤاره که بکه ن . ناو و ناونیشانه کان به رێکو پێکی بنوسنه وه . خوێنه ران له به رهه می به پێز بێبه ش مه که ن .


گۆڤاوه رزی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستانه . به سه رپه رشی لیژنه ی بلاوکردنه وه

ر.مامه ش . ر.محیدین . ئـ .مسته فا. هـ.ئه کره م

# ئافەرین ....... عانفەریم ........

# عەفاریم ...... پـ . کـ . کـ !!

لە ژێرسایەی بێدەنگییەکی کپ و کەڕدا شەڕە کوردی نیوان پـ کـ کـ و پـارتی بەردەوامە، بەبێ ئەوەی وەك جارانی پێشو ئۆرگان و کەسایەتییە نیشتمانییە کوردستانییەکان دەنگێکی ئەوتۆی نارەزایی یان لێ وەبێ، یا هەر نەبێ داوای وەستاندنی ئەوشەڕەکوردە بکەن کە تەنیا بە سود و بەرژەوەندی داگیرکاران تەواو دەبێ . ئێمە لێرەدا دانوستاندنمان لەسەر ئـــەم بێدەنگییە نییە . چونکێ هۆ وهۆکاری گرنگی ئەم بێدە نگییە زۆرن ، و مەرامی هــەر لایەکیش لەو بێدەنگییە ئاشکرایە ،کە لە گشتیان گرنگتر ئەمەیە: ئەو بێدەنگییە نیشـانەیـەکـی زەقـی ئاستی نزمی هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوایەتی هاووڵاتیانی کوردستانە بە تایبەتی لـــە ریـــزی رۆشنبیرانی کوردستان کە نەدەبوو مل بۆ شەپۆلی ئەم بێدەنگییە کەچ کەن هــەروەك بۆ ماچەکانیان کـــەچ کرد .

لەبەر تیشکی ئەم هەواڵە کەم و ئەو بڵاوکراونەی پـکـکـ بڵاویاندەکاتەوە ، دەرگـــای دانوستاندن دەخەینە سەرپشت . چونکێ تاوەکو ئێستە چ بڵاوکراوەی پارتی بـەرچاوی ئێمە نەکوتوون تا بزانین پارتی لەلایەن خۆیـــەوە وەڵام وراڤەی بەرابەر بەمشەڕە چییە، ئەم گوتارەش بۆ بەرگری کردن لە پارتی و غەیری پـــارتی نییە لە کاتێکدا کوێریش ئەوە راستییە دەبینێ کە پارتی و یەکێتی هیچ نەماوە بە باشوری کوردستانی نەکەن .

جارێ پـ کـ کـ ئەرکی ئەوەی لە کۆڵ کردینەوە خۆمان بەو پرسیارەوە خەریك بکەین : کـێ شەڕی هەڵگیرساند ؟ کێ بوو دەستپێشکەری کرد ؟؟ چونکێ پـ کـ کـ لە بڵاوکراوەکانیدا بـە ئاشکرا دەڵێ : شەڕی دژی پارتی ، ١٥ی تەباغیکی (تەموز) نوێیە !! وەلـێ پـ کـ کـ دەبوایە بـیر لەوە بکاتەوە کە لەماوەی نێوان ١٥ی تەباغ و ١٥ی تەباغی نوێدا ســـێ هەزار گوند لە باکوری کوردستان کاول کراون و دانشیتوانیان دەربەدەربوون ، لەکاتێکدا بۆ تەباغی نوێ و رۆژانـــی ئاینده چ گوند لە باشوری کوردستان دەسناکەون بۆکاولکردن بشێن ! چونکێ پێش ئـەم هەنگاوەی پـ کـ کـ چوار هەزار گوندی باشور بەدەستی بەعسی فاشـــی خاپورکران و ئەوەتـــا دوای ئاوەدانکردنەوەی هێندێکیان لە دوای راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ دووبارە لە ئەنجامی شەڕی پارتی و یەکێتی وێران بوونەوە . مخابن بەشی پـکـکـ یان نەهێشتۆتەوە.

گەر پەرلەمانە کارتۆنییەکەی باشور بەبڕیاری موبارەکی خۆی لەساڵی ١٩٩٢دا دەستپێشکەری هەڵگیرساندنی شەڕی باشورو باکوری کرد ، ئەوا ئەمجارە دەستپێشکەر پـکـکـ بوو . سەیر لێرەدایە کەهیچ نیشانەیەکیش لەئارادا نییە کە پەرلەمانی کوردستان لەهەندەراندا ( کە پـ کـ کـ دەستێکی باڵای لەپێکهێنانی دا هەیە ) پرسی پێکراوە یا نا ؟؟ بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە هەندەران دەبێ هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئەم شەڕە نەگریسە ئاشکرا بکات .چونکێ بڕیاری یەك لایەنی پـ کـ کـ دەرچونە لە بڕیاری بەکۆمەڵی پەرلەمان . جا کە وابـێ، هەڵوێستی پەرلەمان چ دەبێ و یاساو دەستوری پەرلەمان بەرابەر بەو لایەنەی کە لە بڕیاری پەرلەمان دەردەچێ چییە؟؟ پێچەوانەی ئەمەش یانی ئەم پەرلەمانە ، پەرلەمانی تاکە پارتێکە! ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی لە پەرلەمانیەتی بکەوێت .

لێرەدا پرسێکی گرنگ هەیە : پەرلەمانی دەرەوە کە گوایە لە کۆڕی دیموکراتیانەی ئەوروپـادا سەریهەڵداوە ، ئەویش دەبێتە قوربانی بیروباوەڕی ناوچەگەری و وەك ئیمارەتەکانی سـەدەی رابردوو ، دوو سەرکردەکەی باشور بیردەکاتەوە ، یاخود بەراستی خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی دەبێ !!؟

بڵاوکراوەیەکی پـکـکـ دەڵێ: دەوڵەتی تورك دەیەوێ شەڕی کورد بەکورد خۆی بکات تا لە لایەکەوە هیچ سودێك لەو دەستکەوتانەی باشور وەرنەگرێت و لەلایەکی تـریشەوە شۆڕشی باکور بە شەڕی لابەلایی یەوە مەشغول بکات * .

سەیرە پـ کـ کـ ئەو راستییە زەقەش دەزانێت و خۆشی شەڕەکەی جاڕداوە ؟ بێگومان ئەوە هۆی بیر کردنـــەوەی ئاوەژووی کاك عەبدوڵا ئۆجەلانە کـــــە گوتوویەتی : کاتێ مستەفا بارزانی لـــە مەهاباد بوو بە وەزیری بەرگری ئایا کەس پێی وت ئەتو لەوێ چی دەکەیت ** بێگومان نەخێر ، چونکێ بارزانی کە چووە مەهاباد بەشەڕەکوردو تـــەقـــەکـــردن و پێکدادان و کێشانی لەشکری عیراق بـــۆ نێو خاکی کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئەوسا نەچوو. ئەو لـــەخزمەت پێشەوادا وەستاو فەرمووی : پێشەوای مەزن من ئامادەم هەرکارێکی پێم بسپێرن جێ بەجێی بـکەم ، ئەز بچوکترین پێشمەرگەی کوردستان و کۆمارم .بەگەیشتنی بارزانییەکان کۆماری مەهاباد پشتی قایم تر بوو. لێ ئایا ئەو شـــەڕەکوردەی پـ کـ کـ دەستپێشکەری لێ کردووە و قۆڵی لێ هەڵمالیوە بە هەمان مەبەستە ؟؟ یاخود بە پێچەوانەوە، باری ئاڵۆزی باشور ئاڵۆزتردەکات ؟ کەواتە هۆی ئـــەو دژکارییە زەقەی لە نێوان بیری پـکـکـ و کردەوەی پـکـکـ دایە سەرچاوەکـــەی چییە و لەکوێوە دێ؟ ئایا نەدەکرا پـ کـ کـ ئەو ڕێگەیە نەگرێتەبەر ؟؟

ئەمە کارێکی زۆرهاسان بوو گەر پـکـکـ لە سەرەتاوە بەراستی و دروستی ڕێبازێکی ستراتیژی نیشتمانی بگرتبایەبەر . پـ کـ کـ بانگاشەی ئەوە دەکات کـە خاوەنـــی ستراتیژیەتێکی نیشتمانییە ! بەڵام لـەئاکامدا دەرکەوت کە بەراستی هیچی لێ تێنە گەیشتووە فرێ بەسەر ســتراتیژیەتـی نیشتمانی کوردستانییەوە نییە ، نامەکەی ئۆجەلانیش بۆ سـەرۆکی ئـەمریـــکـا کلینتن ، چاکترین بەڵگەیە .(١)

ستراتیژیەتی نشیتمانی : یانی دەستنیشـــــــان کردنی زەمینەو دانانی بنچینە ، دیارە ئەگەر زەمینەکە لەبار نەبێ و بنچینەکـە پتەو نەبێ دیوارەکە بەلادادێ و بەسەر سەری خاوەنەکەی دا دەڕمێ.

هەر بۆ نمونە دەڵێن : گەر پـ کـ کـ ستراتیژیەتی نیشتمانی کوردستانی هـەبوایە هەرگیز نەدەبوایە پێگە و بنکەکانی خۆی لەو شوێنانە دامەزراندبا کە لەسەدا سـەد پشتەوانی شۆڕشن ، چونکێ لە ئاکامدا هەروەك دەبینین بوە هۆی وێرانی کردنی ئەو ناوچە ستراتیژیە و دەربەدەر کردنـــی دانیشتوانی و لەدەستدانی بە هێز ترین بنکەی لۆجیستیکی شەڕی پارانیزانی.

پـکـک دەبووایە دە ساڵ پێش ئیمڕۆ زۆر چاك بیر لە چۆنییەتی دانانی بـەردی بناغەی ستراتیژیەتی نیشتمانی کوردستان بکاتەوە و تاکتیکی پڕ بە پێستی ئـەو ستراتیژیەتە دەستنیشان بکات. مخابن کە ئێستا راستکردنەوەی ئەم دیوارە لـە دەست پـکـک دا نەماوە.

لاوازی پ ک ک کە هەر لە سـەرەتاوە خاوەن هێزێکی رێکخراوی پتەونەبوو لە نێو شارەکاندا ببێتە بنچینەی کارێکی جەماوەری، کەچی ناوچەکانی سنور وەك دەڵێ ئامادە و بەردەست بوون، بۆیە لە کاتێکدا کە پێویست بوو بپارێزرێن لەنێوچوون، دانیشتوانیشی دەربەدەرکران، بێگومان ئەوەش زیانێکی زۆری لە شۆڕشـی باکور داو باری ئاڵۆزی باشوریشـی ئاڵۆزتر کـرد بەمەش زیانێکی گەورە بە سـتراتیژیەتـی نیشتمانی کوردستان گەیشت.

بەڵێ زۆربەی شـۆڕشەکانی گەلانی جیهان توشیان بەتوشی جەنگی نێوخۆییەوە بوە، بەڵام ئەم جەنگەیان لە کاتی خـۆی کردووە، لەکات و ساتێکدا کە ناوچەی ئازادکراویان لەبەردەستا بووە، و لە بارێکی وا دابوون کە بەربەدروستکردنی دەسـەڵات و دەوڵەت دەچوون، بۆیە بەخێرایی کۆتـایی یان بەو جەنگە هێناوەو زووش سـەر کەوتوون، دیارە گەر پـ ک ک لە بارێکی ئەوها ستراتیژی بوایە پێویستی بـەوە نـە بوو نە پەلاماری پارتی نـــە هیچ هێزێکی تربدات چونکێ هەر خۆی دەبووە نمونەیـەك کە رێکخراوەکانی تری کوردسـتان بەرە و پیری بچن و پشگیری بەرنامە ستراتیژیە نیشتمانییەکەی بکەن.

جەنگی لا بەلا یانی: جەنگێك کە لەکات و جێگەی خۆیدا نەبێت، واتە ئـاوەژوو کردنەوەی راستیەکان، ئەمەش هـەردەم بەسود و بەرژەوەندی داگیرکارانی کوردستان تەواو دەبێت.

ستراتیژیەتی نیشتمانی دەبێ زیرەکانـە نەخشەی بۆ دابڕێژرێت و ژیرانەش پیادە بکرێت، گەر هاتوو تەنێ لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تەسك و پارتایەتی یا ناوچەگەری بێ. مایە پوچ دەبێت و لەکۆتاییدا تەنیا دوو رێگەی لە بەردا دەمینێ:

یەکەم: بە یەکدادان و شـەڕەکورد، ئەوەش رێگەی هەرەس و روخانە.

دوومیش: رێگەی دامەزراندنی کۆنگرەیـەکی نیشتمانی کوردستانییە کـە بتوانـی ستراتیژیەتـی نەتەوەیی پیادەبکات.

هەڵەی پـ ک ک لەو روانگە رامیارییـەوە دێ کە تەنیا بیر و بۆچونی تاکە کەس و سەرکردەی پارتی پێشڕەو و نوێنـەری .....هتد، کاك عەبدوڵا ئۆجەلانە، کە نزیکەی پتر لە دە ساڵ بەر لە ئیمڕۆ باوەڕی وابوو: هێزە کۆنەپەرستـەکـان بە خێرایی سەر شانۆی رووداوەکـانی کوردستان چۆل دەکەن. ئەوەش تەنـیا خەملێندان و خەونی سەرکردەیەکی گەنج بوو، نەوەك بیر و بۆچونی رامیاری، چونکێ دیارە هەردەم لە کوردسـتان بەرژەوەندی زلهێزەکان و دەوڵەتـانـی ناوچەکە دەمینێ، بەتایبەتیش دوای هەرەسی لەشکرگەی خۆرهەلات، ئەوانیش زیرەکانە پشتی ئەو هێزانـە دەگرن کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکەن.

چاکە وەبیر خوێنەران بینینەوە کە ئێمە هەر لەسەر وتاری ژمارەیەکی گۆڤاری دلانـــپار، ساڵی ١٩٨٦، رای خۆمان بەم شێوەیە دەربڕیوە:

«ئیمپریالیزم هەر لەو رۆژەوە، نـەك تەنیا رۆڵی تەواوی تەرخانی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە کردووە کـە کوردستانیان پێوە لکێنداراوە، بەو مانایەوە نـــەك تەنیا رۆڵی بووە لەدابەشکردن و لکاندنی بەزۆری کوردستان بەلکو توانیوەیەتـی کۆنەپەرستی کوردیش بە هـێـزێـکی چەکدارەوە گوش بکات بە باوەڕهێنان بەلکاندن و دابەشکردنی کوردستان و سوربوون لەسەر پیلانی ئیمپریالیزمی»

هەر ئەو تێگەیشتن و بۆچونە راستەیە تاوەکو ئیمڕۆش رێ نیشاندەروکلاورۆژنـەی ئێمە، کە لێوەی بەسەر روداوەکانـی کوردستاندا دەنۆڕین گومانمان لەوەدا نییە کە نەوەی نوێ بە بیری زانستی و بۆچونی مێژوویانە دەتوانی بـنـچـیـنـەی ستراتیژیەتی نیشتمانی کوردستان دابنێ. درەنگ و زوو ئەو پارتانەی دەهۆڵی شەڕەکورد دەکوتن و ئەوانەش کـە سایەی کۆنگرەی نیشتمانی قبول ناکەن دەدڕێ و کۆتایی پێدێت!

**دلانـــپار**

« **تێبینی** »

* بڕوانە بڵاوکراوەی (ئازایانە بـەگژ دوژمندا بچنەوە، ٢٨/٨/١٩٩٥،) هـەر ئەو بڵاکراوەیە پـڕە لـە هێرش و توانجی پلارە کوێری، بۆنمونە لە بڕگەیەکدا، بەبێ هیچ بۆنە هێرشی دانیال میتران دەکات! خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت: داخو کام پارت و سەرکردەی کورد لـە ماوەی چوار ساڵی رابردوو هەوڵیـداوە قوتابخانەیەك لە باشوری کوردسـتان ئاوەدان کاتەوە؟؟ وەك دانیال میتران کە کەسێکی بیانییەو ئەگەر نەشـیکات گلەیی لێ ناکرێت چونکێ ئەو دروشـمی رزگاری کوردسـتان و ئاوەدان کردنەوەی هەڵنەگرتووە وەك پارت و رێکخراوەکانی کوردستان، ئـەی بۆمان نییە بپرسین: کاتێ ژنێکی وەك ئەو دەچێتە کوردستان خۆی دەخاتە بـەرمەترسی کوشتن و هەڕەشەی بۆمب، سـەرکردەی پارتی وامان هـەیە هەرگیز بیر لـەوە ناکاتەوە بە سەردانیش بـڕواتـەوە کوردستان! چاوەڕێی چ دەکەن کـە بووین بـە دەوڵەت ئـەوجـا وەك خومەینی بە فڕۆکە بچنەوە.

** بڕوانە مانگنامەی هەنـگاو، ژمارە ٢١ سپتێمبەری ١٩٩٥، (عەبدوڵا ئۆجەلان: دەربارەی شەڕ لەگەڵ پـدکـ ـ دا) ستونی چوارەم. رستەکەش هەڵەیەکی زەقی تێدایە، چونکێ بارزانی مستـەفا کە لە مەهاباد بوو، وەزیری بەرگری نـەبوو، بەلکو فرماندەی لەشکر بوو، وەزیری بەرگری کۆماری دیموکراتی کوردسـتان شەهید موحەمەد سەیفی قازی بوو کە هەر خۆیشی جێگری سەرۆك وەزیران بوو.

١- سکرتیری پارتی کرێکارانی کوردسـتان عەبدوڵا ئۆجەلان لە رێکەوتی ١٤ی ئۆکتوبەر ١٩٩٥ دا نامەیەکی بۆ سەرۆك کۆماری ئەمریکا ناردووە، ئەمە بڕگەیەکی نـامەکەیە (ئێوە بە هەڵە لە ئێمە گەیشتوون کە حیزبێکی شیوعی کلاسیکین و دەمانەوێت سنوری دەوڵەتی تورکیا بـگۆڕین، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لـە تورکیا دروست بکەین) ..... هتد. بڕوانە. ژینی نــوێ، ژمارە ٣ و ٤ ی ئۆکتوبـەری ١٩٩٥، کە لە لایەن میدیای جیهانی کوردەوە، لـە بەریتـانیـا دەردەچێت.

هاوڕێ قادر ڕەسول

# بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەیەکی کۆن ؟!

شۆڕش و ڕاپەڕین کە هەزاران و خەڵکی ستەمدیدە پێی هەڵدەستن، هەر بۆ ئەوە نییە لە بندەستی داگیرکارو بێگانە ڕزگاریان بێت و هیچی تر، بەڵکو بە پیرەوەچوونی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاسایش و دادپەروەریە ..........

ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشوری کوردستان، کە هەزران و دڵسۆزانی کورد بوونە سوتەمەنی و بەهۆیەوە بەشێکی باشوری کوردستانی لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی پێ ڕزگارکرا، و بەهۆی چەند هۆکارێکی نێودەوڵەتیشەوە، کەمێك ئاسایش کەوتە ناوچەکەوە دواتر ئاکامی بەپێچەوانەی ئامانجی ئەو هەزارودڵسۆزانەی لێکەوتەوە کە پێی هەڵسان. هەمان ئەو هەزارو دڵسۆزانە جگە لەرزگاربوونیان لەدەستی داگیرکار، کە ئەوەیش هەموو ئەو بەشەی باشوری کوردستانی نەگرتەوە، هیچ کام لەو دەسکەوتە پیرۆزانەی کە بــە هیوایەوە بوون بۆیان نەهاتە دی....؟

خەڵکی کوردستان، لەژێرسایەی ڕاپەرین و دەستەڵاتی بەرەی کوردستانی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان؛ چاوەڕێی چاکسازی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئابووری و ئاسایش و ڕۆشنبیری و بەکوردی بوونی پەروەردەی منداڵ و لاوەکان و چی و چی تر بوون .......!. بەڵام مخابن جگە لە بێدادی و بێ ئاسایشی وگرانی وشەڕی براکوژی و ..... زێتر! هیچی وایان لەو پارت و ڕێکخراوانە دەستگیر نەبوو، و تووشی نائومێدی و بێهودەیی بون، چونکە تا دوێنێ بوو خەڵکی بەهیوای شۆڕش و ڕاپەرین بوون بۆ چێتر بونی بارودۆخی گوزەرانیان ....... لێ پاش ڕاپەرینیش ژیانیان نەك هەر بەرەو باشتر نەچوو! بەڵکو ڕۆڵەکانیشیان دەکرێنە سوتمەنی ئاگری جەنگێکی ڕوهەڵالراوی وەك شەڕەکورد و سامانی وڵاتەکەشیان؛ ئەگەرچی دەبوایە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆیان! کەچی چەند مافیایەکی بە نێو شۆڕشگێڕ! بۆخۆیان و دەوروبەریان، مۆنۆپۆلیان کردووە ......!

هەژارانی کورد نەك هەر لەسامانی وڵاتەکەیان هیچ پشکێکیان بەرناکەوێت، بەڵکو بەهۆی باجی گەنم و جۆ و شمەکی تر .... قازانجەکەیان سەری مایەکەشیان دەخوات!؟ ئەمەو جگە لەرۆژبەرۆژ گرانتر بوونی پێداویستییەکانی بەکارهێنان کــــە ئەویش دوویەشی بەهۆی گومرگی چەند بارەی مافیای خاوەن دەسەڵاتە ...... مووچەخۆرانیش بە چەندین مانگ، مانگانەیەك وەرناگرن، ئەمە لەکاتێکدا مانگانەی چەکدارەکانیان بەبێ دواکەوتن دابەش دەکەن و لەکاتی شەڕەکورد دا هێندەونیو و دووهێندەیان پێدەدەن ...؟!

پاش ڕاپەرین، ئەو کەسانەی کە پێشمەرگەی کۆن بوون، یان دڵسۆزی نـــەتەوەکەیان بوون، یاخود ئەدیب و نووسەری بە هەڵوێست بوون و ئێستێ بەهۆی باری سەختی ئابووری وڵاتەوە، توشی دەستکورتی و نەهامەتی بوون، جێی خۆی بوو کە لـەلایـــەن دەستەلاتدارانەوە بەسەربکرابانەوە. ئەو پێشمەرگە کۆن و نوسەرە دڵسۆزانە، هەر لە ســـەر داوای حکومەتی هەرێم، کە گوایە ئـەو کەسانە بەسەردەکاتەوە کە دڵسۆزی نەتەوەکەیان بون و ئەمرۆ پێویستیان بە باروبووکردنە، هیوایەك کەوتبوە دڵیانەوە بـــەوەی کەهەوڵ و خەباتی سەختییان بەهەدەر نەچووە و ئەوەتا ئێمرۆ بەسەردەکرێنەوە !!!

هەربۆیە مامۆستا سەعید ناکامـیش لەرۆژی ١٩٩٣/٤/٦دا بیرخەرەوەیەکی بە سیاسەتمەداران و هەندێك لەکاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا !! تاوەکو وەبیریان بێنێتەوە کە ئەمیش جگە لەوەی نیو سەدە لەمەوبەر پێشمەرگە بووە، هەروەها ئەدیبێکی بەهەڵوێستیش بووە و خاوەن گەلێك نوسین و وەرگێڕان، و ســـەرنوسـەری ڕۆژنـــامەی (کوردستان)ی کۆماری دیموکراتی کوردستان و گەلێکی تریش بووە و جگە لەوەی مێژوونووسە هەر ئینسیکلۆپیدیایەکە بۆخۆی، لێ مخابن بەهۆی چوونە تەمەن و خراپی بـاری ئـابووری کوردستان، ئەوەتا ئیمرۆ لەخانویەکی بچوکی بەکرێ لە شاروچکەی شەقلاوادا خاوەنی دوو دۆشەگۆڵەو تەلەفزیۆنێکی گچکەی ڕەشوسپی، هەندێك کتێبە کۆنەو چەند نەخشەیەکـــــی جیهان و وڵاتانی دراوسێیە بەســـەر دیـــوارە زەردەکانی ژوورەکەیەوەو هیچی تر؟!

مامۆستا سەعید ناکام و زۆری تری وەك ئەو تەنیا بەپارەی بەنزینی ئۆتۆمۆبێلـیـــکی یـەك تاکە لێپرسراو! کە هەر دەڵێی تیســـکەی تفەنگن بەشەقامەکانی دهۆك و ســـلێمانی دا بۆی دەردەچن! باری ئابووری و گوزەرانـیان دەبوژێتەوە و ئەو ماوەی ژیانیان بەبێ کێشـەو دەستکورتی بەسەردەبەن، لەوانەشە ببێتە هۆی لەدایکبوونی چەندین کـاری مێژوویی و ئەدەبی مەزن. بە تایبەتی مامۆستا ســەعید ناکام کە ئێستا خەرێکی لێکۆڵینەوەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئەم ســـی ساڵەی دواییە، بێجگەلەوەی کەفلسە سورێك چییە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە نەیدراوەتێ !! هەروەها دەرگای ئەرشیفەکانی هەردوو پاڵەوانی شەڕەکوردی لەسەرداخراوە، نـەوەکا سوود لەکەرەستە مێژووییە شـــاردراوەکانیان ببینێ......! کەچی خامەفرۆشانی کەتا دوێنێ بوو زمانی بەعس بون لەڕۆژنامەکانی هاوکاری و برافـ و ئاسۆ.....! ئەمڕۆش لە میـدیـای ئەو سیاسەتمەدارانەدا گوڕ بە شــەڕەکــورد دەدەن باشترین خزمەت دەکرێن و باخەڵیان دەئاخندرێت......!

ئەورۆ لەکوردستان هەزارانی وەکو مامۆستـا سەعید ناکام پێویستی بە بەسەرکردنەوەیــە، ئەم دیکۆمێنتەی بەردەستان: بیرخەرەوەکەی مامۆستا سەعید ناکامـــە، کە پـێـشـکـەشـی سەرانی باشوری کوردستانی کردووە تاکـــو ئێستێ لە هیچ لایەکدا هەر باسیشی نەکراوە ......؟!

بەڵگەنامە
گۆڤاری دلانیار، ژمارە ٣و ٤ ساڵی ١٩٩٥

بۆ ــ

هەڤاڵی تێکۆشەر کاک مەسعود بارزانی بەڕێز

هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال تاڵەبانی بەڕێز

هەڤاڵی تێکۆشەر کاک سامی عبدالرحمن بەڕێز

برای بەڕێز کاک جەوهەر نامق .

برای بەڕێز کاک دوکتور فوئاد معصوم .

شاعری کوردستان کاک شێرکۆ بێکەس .

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ .

١ ڕۆژنامەی خەبات .

ڕۆژنامەی یەکگرتن .

هەواڵنامەی کتێب

سڵاوی گەرمی کوردانە

وا دیارە گوایا حکومەتی کوردستان ئەو کەسانە بەسەر دەکاتەوە کە بەشمەرگەی کۆن و ئەمڕۆ پێویستیان بولا لێکردنەوەیە ، منیش بێ ئەوەی کەس پێی ڕاگەیاندبم یا بەتەمای شتێک بم حەزم کرد ڕابوردوی تێکۆشانی خۆمتان بۆ بخەمەڕو وەکو بیرخەرەوەیێک :

ـ من لە دایک بوی ساڵی ١٩١٧م وئێستا تەمەنم گەیشتۆتە هەفتا و ئەش ساڵ ، بە درێژایی ئەم ژیانەم کە لەڕێی کوردایەتی دا بەسەرم کردوە ، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستم نەخستۆتە دەستی داگیرکەران و شتێک لە قەڵەم و زمانم دەرنەچوە دژی کوردایەتی و ڕێبازی شۆڕشی کوردستان بێ ، ئەمەش کردتەی ژیانمە کە زۆر کەس دەیزانێ و خۆیان دیویانم .

ـ ساڵی ٩٤٥ فەرمانبەر بوم لە متصرفیتی هەولێر ، بە هۆی بێنوەکانم لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بارزان ، دادگای عورفی ڕاوی نام و ماڵ وژیانم لێ تێکچو .

# بەڵگەنامە

گۆڤاری دلانپار ، ژمارە ٣و٤ ساڵی ١٩٩٥

- ساڵی ٩٤٦ خۆم گەیاندە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان ، لەوێ کرام بە سەرنوسەری رۆژنامەی (کوردستان)ی. زمانی کۆماری و ئامەوە تا کۆمارەکەمان روخا .
- ساڵی ٩٦٥ گەیشتمە ریزی شۆرشی کوردستان و لە دەزگای راگەیاندنا کارم کرد ، پاشان چاپخانەی ئەباتم پێ سپێردرا و گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)م دەرهێنا .
- ساڵی ٩٧٠ لە بەغدا گۆڤاری (برایەتی)م بڵاوکردووەوە .
- ساڵی ٩٧٠ یەکێك بوم لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی نوسەرانی کورد) لە بەغدا .
- ساڵی ٩٧١ لە بەغدا گۆڤاری (رۆژی کوردستان)م بڵاو کردەوە .
- ساڵی ٩٧٢ لە ناوپردان بڵاوکراوەی (دەنگ و باسی شۆرش)م دەرهێنا .
- ساڵی ٩٧٧ لە هەولێر بە سەرۆکایەتی یەکێتی نوسەران هەڵبژێرام بەڵام حکومەتی بەعس قبوڵی نەبو و پەری کردم .
- لە ساڵی ٩٨٠ وە لە شەقڵاوە دانیشتوم ، خانوێکی بە نجا دیناریم بەکرێ گرتوە ، بە رێچونم لە سەر ئەو مانگانە تەقاویتی یە یە کە سندوقی رۆژنامە نوسان بۆی بریومەتەوە .
- سەر بە هیچ حزب و رێکخراوێك نیم
- کتێب و بەرهەمی نوسراوم زۆرە کە دەرفەتی چاپیان بۆ نەرەخساوە .
- لە ژیانما لەبێ ئەوەی چاوەروانی پاداشت بم ئەرکی نیشتمانی خۆمم بەجێ هێناوە ، بەڵام هەرگیز دەستم بە سنگەوە نەگرتوە .
- من هەقێکم بە سەر ئەم خاکەوە هەیە ، ئەو هەقەیش ئەرکێکە لە بەردەم ئەوانەدا کە ئەمڕۆ جڵەوی کوردستانیان گرتوە بە دەستەوە ، ئەم نوسینەم نە داواکاری و نە پاڕانەوەیە ، تۆمارکردنی راستەقینەیێکە بۆ رۆژەکانی دوارۆژم .

بژی کورد .
بژی کوردستان .

سەعید ناکام
شەقڵاوە - ٩٩٢/٤/١٦

هەواڵنامەی کتێب

## فاتیح ره سول

# پرۆژه ی کۆنگره ی گه لی کوردستان

روونکردنه وه یه کی پێویست

خوێنه ری هێژا ئه م نوسینه ی به رده ستان بیروڕای تایبه تی کاك فاتیح ره سوله . لــــه که سمان شاراوه نییه که نوسه ر یه ك له که ســـایه تییه نیشتمانپــه روه ره کـانی کوردستانه ، خاوه ن تاقیکردنه وه یه کی فره به پێزه له بواری خه باتدا به تایبه تی که ماوه یه ك به پراکتیکی هه ڵسوڕێنه ری په یوه نییه کانی ده ره وه ی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووه له گه ڵ پـارت و ڕێکخراو و گروپه کوردی و کوردستانییه کان . هیواداریــن ئێوه ی به ڕێز سودی لێ وه رگرن و له بیرو رای خۆشتان بێبه شمان نه که ن .

خوێنەرانی ئازیز!

لێرەدا کە سەردێڕی « پرۆژەی کۆنگرەی گەلی کوردستان »م ، بە ناونیشان هەڵبژاردوە ، مەبەستم ئەوە نییە هەر لە ئێستەوە ناوێك بۆ ئەوکۆنگرە دابنرێتو دەستی خۆمانی لێ بشۆین ، ئاشکرایە کە دەبێ ناو و ناوەڕۆکی هەر پرۆژەیەك لەیەکتری بوەشێنەوە . لە کۆبونەوەیەکدا کە لە سوید پێکهات و بەندەش داوەتی ئەو کۆبونەوەیەکرابوو ، پرۆژەیەك لەوێدا خرایە بەرباس ولێکۆڵینــــەوە کە هەمان ناونیشانی بەسەرەوە بوو ، من رەخنەو تێبینیم لەسەر پرۆژەکە گەلێ زۆر بوو . تەنیا ئەوەشم دەربڕی گوتم کە ئەم پرۆژە « دامەزراندنی پارتێکی ترە ...... ئەمەش سوودی تــێدا نییە » . هەر لەوکۆبونەوەیەدا بڕیاروەرگیرا کە من رەشنووسەك بۆ پرۆژەیەکی ئاوەهایی ئامادە بکەم ، لەبەر تیشکی سەرنج و ئەزموونی خۆمدا نوسینەکەم ئامادەکردوو گەلاڵەی نوسـینـەکەم بۆچەند لایەکیش نارد . دیارە ئەم نوسینە وەك هەر هەوڵدانێك بێ کەمکوڕی نییە ، بەڵام ئەوەی بەلامەوە مەبەستە و دەبێ جێگەی خۆی بگرێت ئەوەیە کە هەر پرۆژەیەکی ئاوەها پێویستـــە لە بیری تەسکی پـارتایەتیو مرخـی دەسـتبەسەرداگرتنی گـۆڕەپان کە سـالانێکە بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێوەی دەتلێنەوە ، دووربێ .هەر لەوروانگەشەوە زۆرم مەبەستەکەبیروڕای ئێوەی بەرێزم چ بەنامە چ لەسەر رووپەری بڵاوکراوەدا پێبگاتەوە .

## پرۆژەی کۆنگرەی گەلی کوردستان

لەم سەردەمەی ئێستاکەدا ، کە بەسەردەمی نەمانی جەنگی ســـــاردو پاراستنی مافیمرۆڤ و دیموکراسی و مافی گشت نەتەوە بچوك و گەورەکان ناسراوە! نەتەوەیەك لەم جیهانەدا نەماوە وەك نەتەوەی کورد گەورە بێت و لەهەمانکاتدا مافخوراو و وڵات داگیرکراو و پارچەپارچە کراوبێ .
لە مێژ ساڵە تەقەلای دڵسۆزانە دەدەری بۆ ئەوەی تێکۆشانو قوربانی دانی نەتەوەکەمان ، لە یەك ئامانجی سەرەکییدا یەکتری بگرێتەوەو ، ببێتە خودانی دامودەزگەیەکی یەکگرتوو ،کە بکاری رۆڵی رەوای خۆی لە رێنمایی کردنی خەباتە پیرۆزەکەیدا بدینێ .
بەداخەوە بەهۆی فرتوفێڵو زەبروزەنگ و زۆرداری و بەرژەوەندی داگیرکارانی کوردســـــتان و دوواکەوتوویی و بیری خێلەکییەتی ! ئەم ئاواتە پیرۆزە وەپاشی دا .
ئێستەکاتی ئەوە هاتووە کەهەموو کوردێکی دڵسۆز و هێزە رامیاری وکۆمەڵاتییە کان لەسەرانسەری کوردستان ریزی خۆیان رێکبخەن ، یەك دڵ و یەك دەست رێگەی خەبات بگرنەبەر ، تا کاروانەکەمان بکارێ تــــەواوی نەتەوەی کورد بە ئامانجی ســەرەکی بگەیەنی و کوردستانیش بگاتەوە ریزی وڵاتانی تری ئــەم جیهانە .
دەمێکە کۆنگرەیەکی ناوا بۆتە پێداویستییەکی سەرەکیومایەی خەباتوکۆششی نیشتمانپەروەرانو جەماوەری کوردستان ، هەرچەندەش زووتر ئەم هەنگاوە بنێین ئەوەندە زووتـــر لە ئـــاسـۆی سەرکەوتن نزیکتر دەبینەوە .
لە بارو دۆخی ئەمرۆدا هەموو کوردێکی دڵسۆزو هۆشیار بەرپرسە بۆ هێنانەدی کۆنگرەیەکی ئاوەهایـــی بکەوێتە خۆ .

### بەشی یەکەم

ناو ، ناسنامەو ، پرنسیپ .
– ناو : کۆنگرەی گەلی کوردستان
– رێکخراوێکی کوردستانی دیموکراتی فرەلایەنی سەربەخۆیە .
– لەخواستی ئازاد و بڕیاری هۆشمەندانەو بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان هەڵدەقولــــێ .

وەك پرنسیپ و ئامانج « کۆنگرە »
– باوەڕی بە کۆمەڵگەیەکی خـــــاوەن سیستەمی شارستانییە کە بـــەپـێـــی دەستورێکی دیموکراتیانە بەڕێوەبچێ .
– مەیدانێکی کۆکەرەوەیە « گۆرانگە » ، خیوەتێکی بەرین و فراوانە شوێنی هەموو پارت و گروپ و رێکخراوە رامـیاری و کۆمەڵاتیەکان و کەسایەتییـە نیشتمانـپەروەرەکانی تێدا دەبێتەوە .
– باوەڕی بە دیموکراسی و پلورالیزم و جیاوازی و ئازادی بیر و را و بۆچـون هەیە .

### بەشی دووەم

### لە مەیدانی نەتەوایەتیدا

– هەموو کوردستانییەك ، بەبێ جیاوازی نەژادی ، ئاینیو رەگەزی نێر و مـێ دەتوانی بەشداری لە کۆنـــگرەدا بکات .
– کۆنگرە بـــۆ پترکردنی رۆڵی جەماوەری کوردستان لەدەرەوی وڵات تێدەکۆشێت .
– بێوچان تەقەلا دەدات بۆ دارشتنی ستراتیژیەتیکی کوردستانیوبەدیموکراتی و بە شارستانی کردنی شێوازی تێکۆشان لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا .
– تێدەکۆشێت بۆ بەهێز کردنی هاوکاری نێوان رێکخراوە کوردستانیەکان لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان ، لــــە پێناو بەرژەوەندی نیشتمانیو نەتەوایەتیدا .
– رێکخستنی ووزە و دەنـگ و توانای کوردە ئاوارەکانی دەرەوە ، تا ببـێـتــە هێزێکی مـاکـی « مادی » و مینۆکی « مەعنەوی » کاریگەر کــە بتوانی رەنگدانەوەی باشی لەســەر ناوەوەی کوردستانیش هەبێت .
– کۆنگرە بە توندی شــەرەکورد رسوا دەکات ، جا بە هەر بەڵگە و بیانوویەکــەوە بێت ، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەبــێ کێشـەو جیاوازیەکانی ناوخۆ بەرێگای گفـتـوگۆی

ئاشتیانەو بەپشووی درێژ چارەسەر بکرێن .
– کۆنگرە تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا کە کوردستانیان لە بندەستدایە « عەرەب ، عەجەم ، تورك » یا ئەو وڵاتانەی گەلێ لە مێژە کوردی زۆری تێدا دەژیت ( کۆنە یەکێتی سۆڤیەت و پاکستان و لوبنان ) بەتایبەت لەگەڵ گروپە رەوشنبیر و دیموکراتیەکانیاندا ، بۆ کارکردنەسەر رای گشتی ئەو نەتەوانە و رژێمە داگیرکارەکان و راهێنانی سایکۆلۆژیان بەپێویستی چارەسەر کردنی دۆزی کورد لەسەر بنچینەی ناسینی خاکی کوردستان و بڕیاردانی چارەنوسی سیاسی کوردستان .
– کۆنگرە تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پەیوندی لەگەڵ دەربەدەرو ئاوارەکانی ئەرمەن ، ئاشوری ، سریان ، کلدانی و عەلەوییەکان و بۆ خەباتکردنی رەوا لە ریزی کۆنگرەی گەلی کوردستان ، بەختیاری و مافی رامیاری و کۆمەلایەتی و ئاینی ئەوانیش بەسەرکەوتنی کوردستانەوە بەندە .

### بەشی سێیەم

پەیوەندیەکانی کوردی – جیهانی
– کۆنگرە تێدەکۆشێت بۆ پتر کردنی قورسایی و رۆڵی جەماوەری کوردستان لە دەرەوەی وڵات و بەدەستهێنانی پشتیوانی جیهانی بۆگەلی کوردستان لە رووی ماکی و ئابورییەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی رامیاری ـ کلتوری لە دەرەوە و پشگیری کردنی خەباتی ناوەوە .
– ناساندنی ناوەرۆکی رەوای دۆزی کورد و کەسایەتی نەتەوایەتی کورد بە رای گشتی جیهانی ، حەغت کردن لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لەسەر بنچینەی دیموکراسی و مافی بڕیاردانی چارەنوس .
– هەوڵدان بۆ دروستکردنی « لۆبی » کوردی لە وڵاتانی جیهاندا . بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی رێك و پێك هەبێت ، هانی کوردو هەموو ئاوارەبووەکانی تری کوردستان بدات ، تا لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی تێیاندا دەژین جێگەی خۆیان بکەنەوە ، رۆڵی خۆیان ببین بۆ پەیداکردنی زۆر ترین لایەنگر بۆسەر خستنی پرۆسەی نەتەوایەتی و نیشتمانیمان .

### بەشی چوارەم

راگەیاندن و پروپاگەندە
– تێکۆشان لەپێناو ئەوەی دۆزی کورد و کوردستان شوێنی رامیاری و گرنگی خۆی لە نێو دەزگە جۆربە جۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی جیهان بکاتەوە و بەرەسمی بناسرێت .
– تێدەکۆشێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی نێوندا ، کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و رێزگرتنی مافی بڕیاردانی چارەنوسی یەکدی و هاوکاری ئابووری، ئازادی و پلورالیزمی نەژادی و رامیاری و کەلتوری گەلانی ناوچەکە مسۆگەر بکات .
– هانی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەدات دەستی یارمەتی باش بۆ تەلەفزیونی « میدیا » درێژکات کە دەزگەیەکی راگەیاندنی کاریگەری کەم وێنەیە لەم سەردەمەدا . لەهەر وڵاتێکی کوردی تێدا دەژیت بەباروو بووی دارایی و بەڵگە نامەی کلتوری ، مێژووی کۆمەلایەتی دەربارەی کوردستان یارمەتی بدرێت .
بە تێبینی رەوا و رەخنەی دروستکەر ، تەقەلا بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی بدرێت .
– پەیوەندی بەستن بە دەزگە ئابووریە پسپۆرییە جیهانییەکان و دەزگا نێونەتەوەیی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانەوە ، بۆ بەدەستهێنانی پشگیری ماکی و تەکنیکی بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێکردنی باری ئابووری کوردستان .
– دۆزینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و دارشتنی بنچینە یاسییەکانی رەوایەتی ، مرۆڤایەتی ، مێژوویی ، رامیاری و یاسای دۆزی کورد و مافی مرۆڤی کورد لەلایەك و لەلایەکی ترەوە تاوانبارکردنی دوژمنانی کورد و دادگە بۆدانانیان سەبارەت بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و ژینۆسیدیان لە دژی خەڵکی کوردستان .
– پارێزگاری لە مافی هەر تاکە مرۆڤێکی کە لە کوردستان دا دەژیت لە بەرامبەر پێشیلکردن و دەستدرێژکردنە سەر مافی مرۆڤانەی چ لەلایەن رژێمە داگیرکارەکانی کوردستانەوە بێ چ لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی پارتە کوردییەکانەوە بێ .

### بەشی پێنجەم

رێکخستن و بەرێوەبردنی ئەرکەکان
A – بەشداربوون لە کۆنگرە
١– هەموو کوردستانییەکی رەوشت پاك و دڵسۆز بۆی هەیە بەشداری لەکۆنگرەی گەلی کوردستاندا بکات .
٢ – بڕوای تەواوی بەمافی رەوای دۆزی کورد و کوردستان هەبێت .
٣ – تەمەنی لە حەڤدەساڵ کەمتر نەبێت .
٤ – یارمەتی مانگانە سی کرۆن بەکۆنگرە بدات .
٥– بەشداربوون لەهەر کۆروکۆبوونەوەو چالاکییەکی کۆنگرەدا دەکات، وەك هەر کوردێکی دڵسۆز بۆ کوردو کوردایەتی دوور لەبیری پارتایەتی تەسك وگیانی خێڵەکی یا ناوچەگەری .
٦– هەر ئەندامێکی کۆنگرە دەتوانی بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەن و کۆمیتەکاندا بکات و خۆیشی کاندیدات بکات .
B – دەزگەکانی کۆنگرە
١– لەهەر وڵاتێك کوردی تێدا دەژیت لە هەندەران ، باڵاترین دەزگەلە کۆنگرە دا ، ئارەزو و نیاز و خواستی زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرەیە .
٢– هەر دوو ساڵ جارێك لە کۆنگرەی گشتی وڵاتەکەدا ، ئەنجومەنی باڵا بەدەنگدانی نهێنی و شێوازی دیموکراسیانە هەڵدەبژێردرێت .
٣ – ئەنجومەن لە پانزە تا نۆزدە کەس پێکدێت
٤ – لەیەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنەکە ، کۆمیتەی کارگێڕ و بەرپرسیاری یەکەم هەڵدەبژێردرێت . ئەرکەکانیش لە نێوان خۆیاندا دابەشدەکەن .
٥ – هەر دوو مانگ جارێك کۆمیتەی کارگێڕ و ئەنجومەنی باڵاش شەش مانگ جارێك کۆبوونەوەی سانای خۆیان دەکەن .
٦– پەیوەندی لە نێوان بەشداربووانی کۆنگرە لە هەر شارێکدا بە کۆبونەوەی فراوان و بەستنی کۆڕو سیمینار بەپێی پێویست وەجێ دەهێندرێ .

### بەشی شەشەم

کۆنگرەی سەرانسەری
١– ئەرکێکی سەرەکی و هەرە مێژوویی یەکجار پێویستە کە هەموو کۆنگرەکانی گەلی کوردستان و پارت و گروپەکانی کوردستان لە هەندەران ریزی خۆیان رێکبخەن و لە یەك قەوارەی نەتەوایەتی بۆ خزمەت کردن و سەر کەوتنی کوردستان خەبات بکەن .
٢– نوێنەرانی هەموو کۆنگرەکانی گەلی کوردستان لە هەندەران لە کۆنگرەیەکی سەرانسەری سەرکردایەتی باڵا هەڵبژێردرێن کە بریتی بێت لە بیستویەك ئەندام .
٣– هەر پارتیەکی کوردستان مافی ئەوەی هەیە بە یەك ئەندام بەشداری لە ئەنجومەنی باڵادا بکات .
٤ – ڤیتۆ، نابێ لەسەر هیچ پارتێکی کوردستانیدا بندرێت .
٥ – ئەنجومەنی باڵا ، دەفتەری کارگێڕ و بە رپرسیاری کۆنگرە هەڵدەبژێرێت ، ئەندامانی ئەمیش ئەرکەکانی کۆنگرە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن .

# راگه یاندنی کۆتایی کۆبونه وه ی حیزب وریکخراوه کوردستانییه کان وکه سایه تییه نیشتمان په روه ر رۆشنبیره کان

له رۆژانی ١٤ ـ ١٥ / ئۆکتوبه ری ١٩٩٥ له برۆکسلی پایته ختی ولاتی به لژیك کۆبونه وه یه ك به ئاماده بونی نوێنه رانی سێنزده حزب و ریکخراو بیستویه ك که سایه تی نیشتمانی و رۆشنبیر پێك هات ، ئه م کۆبونه وه له سه ر داوای «کۆمیته ی په یوه ندی » که پێکهاتبون له:
١/ شێخ عیزه دین حوسه ینی ـ ٢/ ئیبراهیم ئه حه مه د ـ ٣/ پرۆفیسور عیسمه ت شه ریف وانلی ـ ٤/ زوبه یر ئایدار ـ ٥/ عه لی سه یان ـ ٦/ دکتۆر.جه بار قادر ـ ٧/ شه رەفه دین قایا
٨/ پرۆفیسور د . حه سه ن حیسامی ـ سازدرا .

کۆبونه وه به پێی به رنامه ی په سه ندکرا و له لایه ن به شداران ، پاش ده قیقه یه ك وه ستان بۆ گیانی پاکی شه هیدانی ریگه ی رزگاری کوردستان ده ستی به کاره کانی خۆی کرد . خولی یه که می کۆبونه وه هه لوه سته ی له سه ر کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان و ستراتیژیه تی نه ته وایه تی کرد . ئاماده بوان بیرو را و بۆچونی خۆیان له م باره وه ده ربری . تیکرا به شدران به ستنی کۆنگره ی نیشتمانی کوردستانیان به ئه رکێکی گرنگ و مێژویی زانی . هه روه ها به شداران به رقه رارکردنی ئاشتی و برایه تی نێوان هێزه سیاسیه کانی کوردستان و بنه برکردنی شه ری نێوخۆیان به هه نگاوێکی پێویستی سه رخستنی به ستانی کۆنگره ی نیشتمانی گرێدا .
ئه م خالانه ی خواره وه له لایه ن به شداران وه ك پێویستیه کی نیشتمانی و مێژویی له هه ل و مه رجی ئێستەدا پێشنیار و په سه ندکرد :

١/ وێرای مه حکوم کردنی شه ری نێوخۆی نێوان هێزه سیاسیه کانی کوردستان ته ئکید ـ دوویاته ـ له سه ر چاره سه رکردنی گیروگرفته کان به ریگه ی دیالۆگ کرا ، هه ر ده رچونێك له م پرنسیپه جێگه ی تاوانبار کردنه له لایه ن به شداربوان . ٢/ کۆبونه وه جه ختی له سه ر به په له راگرتنی شه ری نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یه کگرتووکرد ، هه روه ها هه ول بدرێ هۆکاره کانی هه لگیرساندنی ئه م شه ره له بن ببرێ . ٣/ کۆبونه وه داواده کات ئاگر به ستی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یه کگرتوو و یه کێتی نیشتمانی کوردستان بکرێ به ئاشتیه کی هه میشه یی . ٤/ کۆبونه وه هه ر په یوه ندیه ك له نێوان هێزه سیاسیه کانی کوردستان و ده وله تانی ناوچه که و جیهان دژ به جولانه وه ی رزگاری خوازی پارچه کانی تر مه حکوم و تاوانبار ده کات . ٥/ بۆ چاره سه رکردنی گیروگرفت و بنه برکردنی شه ری ناوخۆ و به رقه رار کردنی ئاشتی پێویسته په نا ببرێته به ر گه لی کوردستان و هێزه سیاسیه کانی و که سانی نیشتمانپه روه ر و گوێ له وان رابگیرێ ، نه ك که وتنه ژێر کاریگه ری سیاسه تی دوژمنکارانه ی ولاتانی ناوچه که . ٦/ کۆبونه وه پشگیری خۆی له هاوکاری هه مه جۆره ی نێوان هێز و باله کانی پارچه کانی کوردستان ده کات ، به ئامانجی گۆرکردنی نه خشه و پلانی دوژمنان و داگیرکه رانی گه ل و نیشتمانه که مان . ٧/ کۆبونه وه هێرش و په لاماری ده وله ته داگیرکه ره کان بۆسه ر باشوری کوردستان به تایبه تیش تورکیا ، هه روه ها ده ستێوه ردانیان له کاروباری ناوخۆی ئه م پارچه یه مه حکوم و تاوانبار ده کات . ٧/ سه باره ت به له یه ك نزیك بونه وه ی هه ردوو بالی حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئیران ، کۆبونه وه خۆشحالی خۆی راده گه ینێ و ئومیدی یه کگرتنه وه ی هه ر دوولا ده خوازێ . ٨/ کۆبونه وه بریاری دا که درێژه به په یوه ندی کردنی خۆی بدا له ته ك هێزه سیاسی و که سایه تییه نیشتمانپه روه ر و رۆشنبیره کان به ئامانجی به ستنی کۆنگره و ته واوکردنی هه نگاوه کانی . ٩/ کۆبونه وه بریاریدا کۆمیته ی په یوه ندی کردن فراوان بکات بۆ ئه م مه به سته ش جگه له م هه شت به رێزه ی که له پێشه وه ناویان هات ئه مانه ی خواره وه ش جێگه ی خۆیان له م کۆمیته یه گرت :

١/ کازم بابه ـ ٢ / نه بی قادری (حزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران ـ رێبه رایه تی شۆرشگێر) ٣ / ئه میری قازی ( پارتی سه ربه خۆیی کوردستان ) ـ ٤ / به لێن عه بدولا ( حزبی زه حمه تکێشانی کوردستان ) . ٥/ خه لیل جندی ( پارتی کاری سه ربه خۆیی کوردستان ) . ٦/ مه لا موحه مه د جوانرۆیی ( حزبی شیوعی کوردستان ـ عیراق ) . ٧ / جه واد مه لا ( کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان ) . ٨/ د . شه فیق قه زاز ( کۆنگره ی گه لی کوردستان ) ٩/ ره هبه ر مامه ش ( کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان ) .

له کۆتاییدا کۆبونه وه سوپاسی خۆی له رۆلی په رله مانی کوردستان له کار و چالاکیه کانیدا له ده ره وه ی ولات و هه روه ها له میوانداری و ئاسانکردنی سه رخستنی ئه م کۆبونه وه نویات کرده وه .
سه رکه وێ خه باتی ره وای گه لی کوردستان له پێناو رزگاری وسه ربه خۆیی !
به لژیك ـ برۆکسێل ـ ١٥ / ١٠ / ١٩٩٥

٦ـ ئه نجومه نی بالا چه ند ده زگه یه کی پسپۆر « هیئات اختصاصیة » له که سانی لێزان و شاره زا پێکده هێنێ ، بۆراوێژکردن و ده رسکردنی پێشخستنی پرۆسه ی کورد .
٧ـ بۆ به رپرسیاری یه که م نییه له دوو خول « چوار سال » زیاتر ببێته وه به رپرسیاری یه که م .
٨ـ ئه و پارتیانه ی دێنه ریزی کۆنگره ، پێوسته به پێی توانایان یارمه تی ماکی پێشکه ش به کۆنگره بکه ن .
٩ـ هه ر دوو مانگ جارێك ده فته ری کارگێر کۆده بێته وه . ئه نجومه نی بالاش سالی دوو جار .
١٠ـ کۆنگره ی سه رانسه ری هه ردوو سال جارێك پێکدێت .
١١ـ کۆنگره ی سه رانسه ری نه خشی ستراتیژییه تی دۆزی کورد دا ده رێژێت .
١٢ـ جگه له ته قه لا پیرۆزه کانی له نێوان ولاتانی جیهان و کۆمه ل و رێکخراوه رامیاری و ده وله تی و کۆمه لایه تییه کان بۆ ناساندن و سه رخستنی پرۆسه ی کورد . رۆلی سه ره کی ده بینێ بۆ به هێزکردنی په یوه ندی هاوبه ش و هاوکاری نێوان هه موو پارت و هێزو گروپه کوردستانییه کان له سه راسه ری کوردستان .
١٣ـ به گیانێکی پر هه ستکردن و به رپرسیاری چاره بۆ ئه و کێشه و ناکۆکیانه ده دۆزێته وه ، هه ر کاتێك له نێوان هێز و پارته کوردستانییه کان رووی دا .
١٤ـ ماوه بۆ هیچ کورد و پارت و ده سته و گروپێك نییه له سنور و نه خشه ی گشتی کۆنگره و ئامانجه ستراتیژییه که ی ده رچێت .

١٩٩٥ سوید

## کۆنگره

بلاوکراوه ی هاوکات ده گه ل ئالوگۆرییه کانی کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان ، کۆمیته ی ئاماده کردنی کۆنگره بلاوی ده کاته وه .
به م زوانه ژماره ٧ کۆنگره بلاوده بێته وه . ژماره ٧ کۆنگره ته واوی به لگه نامه و رووداوه کانی کۆبونه وه کانی برۆکسێل ، چاوپێکه وتن ، راپۆرتی جموجۆله کانی کۆمیته ی ئاماده کردنی کۆنگره !!

## کۆنگره

راستی ، به لگه نامه ، له پێناو سازکردنی کۆنگره ی نیشتمانی یه کگرتوو ، سه رکه وتوو !!

سیروان

# خەوشەکانی خەباتی چەکداری

خوێنەری هێژا ! بۆ ئەم بازنەیەی « بێحیکمەتە ئەومیللەتە نەبووە بەهیچ » بەپێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشم کە بۆم نەکرا درێژە بەزنجیرەی ژمارەی پێشووی گۆڤاری « دلانپار » بدەم ، بەهۆی هاتنەپێشەوەی هێندێ سەرقاڵی ، لە بەر ئەوە چەند بازنەیەك بە سەر سیستەمی نوسینەکەمان بازدەدەین و یەکێك لە خەوشەکانی ناو خەباتی نەتەوەی کوردتان لەم ژمارەیە پێشکەش دەکەین ، بەو هیوایەی لە ژمارەی دواتر بگەڕێنەوە سەر ڕەوتی ئاسایی نوسینەکەمان .

« نوسەر »

هەر لە بەرەبەیانی مێژوی جەنجاڵی مرۆڤایەتییەوە ، ڕوویەڕووبونەوە و ململانێی توند وتیژی ژیان شتێك بوە لەو شتە بنەڕەتیانەی کە خودی مرۆڤ چ لە ناوەوەو چ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا فرچکی پێوە گرتبوو ، بەڵام شان بەشانی گۆڕانکاریەکان و گۆڕانی قۆناغەکانی ژیان و گەشەکردنی پرۆسە جۆراوجۆرەکان و هەنگاو هەڵگرتنی خێرایی ڕەوتی ئەو کاروانە ، مرۆڤایەتی بەشێوە و فۆرمی جۆاروجۆری زەمین و زەمانی خۆی فراژبوەو لە چۆنیەتی موقاوەمەت و ئامیرەکانی درێژەپێدانی پرۆسەی ژیانێکی نوێیی بەرهەمی هەوڵ و کۆششی هەمولایەك پێکەوە پشتی پێڕاستکردۆتەوە . بەجۆرێك سەرهەڵدان و گەلالە بون و جێگرتنی نەتەوەکان لە سەرانسەری دنیادا ـ هەر یەکەیان بەپێی ئەو ڕۆژگارەی لەگەڵی هەژاوەو پێوەی ژیاوە ، خاوەنی ئەزمونی تایبەت بەخۆیانن لەکاروانی گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکان کە ئەمرۆ لەژێرسایەیدا ئاڵای سەربەخۆیی و ژیانی ئازادی دەشەکێتەوە .

بەڵێ مەسەلەی چەکداری و چەك بەکارهێنان لەدێر زەمانەوە هەتا هەنوکە ، دیارە بەرهەمی پێکەوە هەڵنەکردنی نەیارەکان و لەیەك ترازانی بەرژەوەندییە سەرەکییەکان « هێزە نەیارو دوژمن و هەتا دۆستەکانیش لێی بەدەررنین » و تەقاندنەوەی ناکۆکیەکان بووە . بەڵام ئەو شێوە توندو تیژەی لە سەردەستی مارکسییەکان » بەشێوەیەکی بەرنامە ئامێز » لە ڕەورەوەی دەستپێکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەستەمدیدەکان بۆەتە شێوەی هەرە باڵای خەبات کردن بۆ گەیشتنە ئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆیی .

ئەورۆش نەتەوەی کورد سەرباری هەمو جۆرە ئازار و دەردەسەرییەی بێ ئامانەکانی فشاری دەوروبەر لەسەر زێدی باوباپیرانی خۆی ماوەتەوە و دەژی ، بەبێ ئەوەی باکی بەو هەمو دژواری و شپرزەیی یەی تەوێڵی کاروانی گەلالەبونی نەتەوایەتییەوە هەبێ کە وەك دەرکەوتێکی بەرچاو خاوەنی چوارچێوەی نەتەوایەتی خۆیەتی ، سەرەڕای نەبونی دەوڵەتی سەربەخۆ ، ئاڵای ڕەسمی ، سنوری دیارکراو و لەسەر نەخشەی بەرچاوی جیهاندا

لێرە من یەك بەخۆم پێم شتێکی ئاساییە ئەگەر بڵێم ، ڕوداوە بەپەلەکانی ئەو دواییەی جیهان باشترین فاکتەری دەرکەوتن و بەرچاو تر بونی دۆزی نەتەوەی کوردە ، چونکە پێشووتر بەهۆی بەرخوردبونی شەڕی سارد و گەرمی سیاسی نێوان زلهێزەکان ، مەسەلەی کوردیش وەك دەیان مەسەلەی دیکە « دیزە بەدەرخونە کرابو » بەلکو بەزۆری هەر لە سنوری پەراوێزی ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە یاخود وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە ، لێرە و لەوێ باسێکی کورت و سەرپێی لێدەکرا ، بەڵام ئێستاکی ئەوەتە لە هەرهەمو ئاستێکی دنیادا ، ناوی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان دەهێندرێ و لە پێش چاوی ڕای گشتی جیهانی بەڕۆژی ڕوناك باس لەو زۆردارییە دەکرێ کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەسەرخاکی کوردستان پیادەدەکرێ .

# بێگومان موقاوەمەت و ڕاپەرینە جەماوەرییەکانی نەتەوەی کورد بونەتە هەوێن و جەوهەری ئەم باس و خواسە ، بەڵام ئەو شێوە خەباتەی ماوەی سەدەیەك زیاترە بەزۆری زۆردارەکی بەسەر نەتەوەی کورددا سەپێنراوە ، بەشێوەیەکی پراکتیکی هیچ بەرهەمێکی بەردەستی بەمانای سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمان نەبووە .

# ئەوەی من لێرەدا دەیڵێم بەرهەمی ئەزمونی خۆمە ، کە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵی ڕەبەقە لە هەوڵدان و تەقەلا لەم کاروانەدا بەردەوام بومە . کەچی شیمانەکان ( احتمالات ) کە هەمیشە کۆڵەگەی خەیاڵاوی خەبات کردن بونە ، لە فەرهەنگی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی سیاسەت و حیزبایەتی کوردان ، هەردەم بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد ئاوەژوو کراونەتەوە .

# بەڵێ نەتەوەی کورد بەردەوام لە لایەن نەیارو دوژمنەکانیەوە ، نەخشە و پلانەکانی بەسەردا سەپێندراوە ، ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ شاردنەوەی ئەو پلان و دەسیسە گڵاوانەی کە تەنانەت بۆ دژایەتی کردنی خودی نەتەوەی خۆشیان بەکاریان هێناوە ، هەڵگیرساندن و درێژە پێدانی شەڕی چەکداری لەسەرخاکی کوردستانیان کردۆتە کۆڵەگەی بنەڕەتی درێژەپیدانی تەمەنی خۆیان بە جۆرێك بیانوی شەڕ لەگەڵ کوردە جیاوازخوازەکان یان!! لە باکوری خۆشەویست ( شیمال الحبیب ) و خۆرئاوای کیشوەر ( غربی کیشور ) و تورکە چیاییە دواکەوتووەکان و عەشیرە خێلەکییەکان ) باشترین پاوانی پیادەبوونی حوکمکردنی داپلۆسێنەرانە یان بوە لەسەر ئاستی تێکڕایی ئەو وڵاتانەی بەخورتی چەندین نەتەوەیان پێکەوە پەل بەست کردوە ، واتە تورکیا ، ئێران ، عیراق و سوریا.....

# هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی موقاوەمەت و خۆڕاگرتنی نەتەوەی کورد ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە تا هەنوکە مەسەلەی تێکۆشان و تەقاندنەوەی ناکۆکییەکان ، سەرباری هەر جۆرە ڕشتی و دژوارییەك لە دژی کوردان ، کەچی نەتەوەی کورد هەرگیز لە خودی ناوەوەی خۆیدا خاوەنی ئەزمونی دەستپێشکەری و پلان دانان و نەخشەی هەڵقوڵاوی خواستەکانی ڕۆژگاری

نەبووە ، بەلكو لەهەمو ئەو كارەساتو روداوە جەرگ برانەی بەناوی ( راپەرینی چەكداری ، شۆرش ) بەسەر نەتەوەی كوردا هاتون ، بەردەوام دوژمنانی سەر سەختی نەتەوەی كورد ، دابین كارو ئاگر خۆشكەری بونە ، ئەوجا خەبات و موقاوەمەتێك لە ئەنجامی فشاری دوژمنێكی پرچەك و بە هێز تر ، دەبێ هەر ئەو ئەنجامە پر كارەسات و ملشكانەی بــۆ نەتەوەكەمان بە چاوەوە بێت .

# بە پێی روداوە نوێیەكانی مێژوی ئەم قۆناغەی دوایی كاروانی خەباتی نەتەوە كەمان ، پرسی خەباتی چەكداری و بە كار هێنانی چەك ، كەرەستەو زەمینـەی پراكتیكی نەپچراوەی موقاوەمەتی نەتەوەی كورد بووە بەبێ ئەوەی خۆی حـەزی پێكردبێ ، بەتایبەت بۆ بەرپەرچدانەوەی شالاوی لەناوبردن و راگواستنەوە بوو بێت كە لەلایەن رژێمەكانی نەتەوە ســەر دەستەكانی عەرەب ، تورك و فارسەوە كراون یان بەمەبەستی بەدیهێنانی سەر بەخۆیی و رزگاری نیشتمانی بوو بێت .

جاگەر بە بەرچاو رونیەكی دوور لە سۆزو هەستی خۆ بەزل زانینەوە بەرهەمی ئەو جۆرە تێكۆشان و هەولدانە بخەینە تـای تەرازووی هەلسەنگاندنەوە دەبینین نەتەوە كەمان لە جیاتی رزگاری و ئازادی لــە جێگای هەنگاونان بەرەوپێشەوە ، زۆرتر توشی مالوێرانی و ئاوارەبون و ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی زیاتر هاتوە ، كـە ئەمەیش راست و دروست بەپێچەوانەی رەوتــی خەباتی نەتەوە ئازادو سەربەخۆكان بووە كە بەری ماندوبون و قوربانییەكانی خـۆیان سەرفرازانە دووریوەتەوە .

# فاكتەرەكانی ئەم پرۆسە بەردەوامەی شكشتی یەكانی دەسرازەی نـە پســاوی تێكۆشانی نەتەوەی كورد زۆرو زەبـەندن ، ئێمە لێرەدا تەنیا چەق لەسەر دۆزی چەكداری و چەك بەكارهێنان دەگرین .

# ئەو گەلانەی بە شێوەیەكی سروشتی و لە زەمان و زەمینی گونجاودا چــەكیان دەستداوەتی ، قۆناغی سەركەوتنیان بە خەباتی چەكداری گەیاندۆتە ئەنجام ، بەبێ یەك و دووكردن تەنیا لە سێبەری چەكەوە بە سەركەوتنە مەزنەكانیان نــە گەیشتوون ، بەلكو هەبوونی فاكتەرەكانـی دیكەی وەك جۆش و خرۆشی كۆمەلانــی خەلك و ئامادەبونیان بــۆ شۆرشی چەكداری ، هەبونی حیزبــی هەلقولاوی ناوئیش و ئازارەكانی خەلك ، لە سەرپێ بونی سەركردایەتییەكی مێژو كــرد و راگیركردنی وەستایانەی بەلانس وپارسەنگی نێوان ئامانجە تاكتیكی و ستراتیژیەكان ، بونی پشگیری رای گشتی جـیهانـی هاوكاری هێزە دەسەلاتدارەكانی دنیا ، هەمیشە و هەمیشە مایەی بەرجەستەبونی ئەو سەركەوتنە مەزنانە بونە .

# بەلام سەرهەلدانی خەباتی چەكداری لە ناو ریزەكانی نەتەوەی كوردا كە لە سەدەی رابردوو یەكەم كوانوی سەر هەلدانی ئەم جۆرە خەباتە باكـوری كوردستان بوە ـ بەراشكاوەیی ـ خاوەنـی هیچ یەكێك لەوفاكتەرانەی سەرەوە بۆ سەركەوتن لـەئاراد نەبووە ، بەلكو سەر كردایەتیە نەزۆك و دەستكورتەكانی ئەو زنجیرە راپەرین وشۆرشانە زۆرتر رەدوی حەزێكی خۆی ونێرگزیانە كەوتوون و لەم پەراوێزەشەوە نەتەوەی كوردیان ناچار كردوە بۆ پـەرچدانەوەی پەلاماری داگیر كەرەكانـی كوردستان بە ناچاری دەست بداتە چەك و روو لە خەباتی چەكداری بكات ، كە هەر هەمو ئەو ئەلقە یەك بەدوای یـەكانە كوردیان بەچارەنوسی نــا هەموارو پر لە چەرمە سەری زیــاتر بردووەو زەمینەو بواری پربەدلی دوژمنـیان سازداوە تا بەبێ سلەمینەوە و بەو پەری درندایەتییەوە بكەونە ویزەی نەتەوەكەمـان و تـەرو وشك پێكەوە بسوتێنن .

# بە درێژایی مێژوی خەباتی چەكـداری نەتەوەی كورد ، وەك راستییەكی حاشا هەلنەگر ، هەمیشە فاكتەری مێژوكردی ساغ بونەوەی بالا دەستی دوژمنەكانـی نەتەوەی كوردی بەخۆەگرتوە ، بەورەنـگەی دوژمنان لە ئەنجامی هەبونی ئەو سامانـە بێ شومارەی بەردەستیان ولەبن نەهاتنی ئەماری چەكی مۆدێرن و هاوكاری كردن و پشگیری كردنیان لەلایەن زلهێزەكانی دنیاوە ـــ لە ئەنجامی گەمەی سیاسی پرۆسەی شەرێ ساردی ئەو زلهێزانە ـــ ئـەوجــا هەلبژاردنی بوار و رۆژگاری شــە رە قورسە بریاردەرەكان بەردەوام بــــەلای بەرژەوەندی داگیركەرانی كوردستان بووە كە سەرانی نەتەوەی كورد پێ بزانن و پێ نەزانن ، خۆیانیان لێ بێدەنگ كردوە

☀ هەر یەكێك لە پارچە داگیركراوەكـانی كوردستان – خۆرهەلات ، خۆرئاوا ، باشورو باكور ، هەر یەكەیان بە تەنیا تەماشـابكەین ، سەرژمێری گەلی كورد لەهەر یەكێكیان هەرگیز ئەوە نیە لەگەل ســـەرژمێری نەتەوەی سەردەستی حوكمران بەراورد بكرێت ، هەتا ئـەگەر ســـە رتاپـای دانیشتوانی هەمو كوردستانیش پێكەوە بگرین ، نابێتە مایەی ئەوەی كە لەگەل سەرژمێری دانیشتوانی عەرەب ، فـارس ، یاخود تورك بەیەكیان بگرین ، كـە دیسانەوە سەرانی نەتەوەی كورد چ لــە كۆن و چ لە ئێستاشدا گەرەكیان نییە بەرپرسـانە ئاور لەم لایەنە بدە نەوە .

لە پال ئەم فرە زیادییەی نەتەوەكانــی سەردەست لە چاو نەتەوەی كـوردا ، ئەگەر لەهەمو شەرو بەیەكدادانەكـاندا زیان یەك بە بیست بووبێت كـە هەرگیز ئاوا نەبووە و نابێت ، ئەوە دیسانەوە هـەر ئەنجامەكەی نەتەوەی كورد زیانـــی زیاتری پێگەیشتوە.

# دامودەزگەی حوكمرانی عیراق ، توركیا ، ئێران و سوریا بەگشتی هەر كافێك لەگەل خودی خۆیاندا « تەنگوچەلەمەی ئـــابوری و سیاسی » توشی ناكۆكـی و دژواری هاتون ، سیناریۆی شەریان لـــەگـەل كورد ئامادەكردوە و بەر بەرەكانێ و لـە ناوبردنی مەترسی كوردەجیاوازخوازەكانیان كردۆتە بنیشتە خۆشەی ژێــر ددانەكانیان و كۆمەلانی خەلكی ولاتەكانیان پــێ گێژو وێژ كردوەو وەك گـاران بۆ تەفرو تونا كردنی كوردســتان بەكاریان هێناون ، هــەروەك چۆن بەعسیە حوكمرانە فاشستەكان لە عیراقدا زۆربەی نەتەوەی عەرەبیان بـۆ دوژمنایەتی كورد چەكدار كردوە ، یـاخود مەلا گۆپال بـــە دەستەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران بـــە ئاسانی لە رێگەی ئاینەوە خەلكی ئێرانیان بەلێشاو و بــۆ پردانە نەتەوەی كورد راپێچاوە ، ئەوەتـە ئەورۆكەش رەگـەزپەرستە توركەكان بە رۆژی روناك ئـاگری دوژمنایەتی نـێوان كورد و تورك یـان بە جۆرێك خۆشـكردوە كە لەژێر سایەیدا ، نەتەوەی تورك بێ پـەروا بۆلە ناو بردنی نەتەوەی كورد فشـەی سمبێلانیان دێتـێ و ســەدان هەزار رۆلەی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە چەپەلە چەكدار كردوە ،

☀ زۆربەی داهات و سامانی نەتـەوەی كورد بەدرێژایی مێژو بووەتە خۆراكـــی خەباتی چەكداری و چەك پەیدا كردن ، كە ئەنجامەكەشی دیارە تەنیا مایـەی بەفیرۆدانی سامانی نەتەوایەتی گەلی كورد بووە چ وەك سامانی بەشەری یـاخود

قوربانییە زۆروزەبەندەکانی ئەم جۆرە خەباتە بێهودەیە سەرژمێر بکرایە ، دەبوو سەرانی ئەم خەباتکردنە کە درێژەیان بەم شێوە داوەو لە سەری سورن ، ئارەقەی شەرمەزاریان دەربدایە ، بەتایبەت لەم سێبەرەدا کوردستان زۆرتر بەوێران کردن چوە . کۆمەڵانی خەڵك لە سەر زێدی خاکی خۆیان پەرەوازەکراون ،سەدان هەزار رۆڵەی کورد بەشەهید کردن دراوە ، زۆربەی بەشی زەنگینی خاکی کوردستان خەریکە لە کوردستان دادەبرێت ، زەقترین نیشانەی ماڵ وێرانی و قوڕبەسەریە کانی نەتەوەی کورد لە سایەی خەباتی شێوە چەکداری بوە .

# بێگومان بە درێژایی کاروانی مرۆڤایەتی مۆرکی دیاری چەك و خەباتی چەکداری ، هەمیشە توندوتیژییە، بەتایبەتی لەناو نەتەوە دواکەوتەکان لە بواری شارستانییەت و کۆمەڵایەتی و رەوتی ژیانەوە ، ئەوە ساغ بۆتەوە کەلە هەر کوێ یەك چەك زمانیحاڵ بووە ، وەك شتێکی بەڵگە نەویست ، دیموکراتییەت و ئازادی ومافی مرۆڤ پێشێل کراون .

لەناو ئەلقە جۆر بە جۆرە کانی خەباتی چەکداری نەتەوەی کوردیشدا ، ئەم هەوارە زۆر بەزەقی سەریشکی روداوەکان بوە ، چەك لەهەمو سات و گاڤێك‌دا وەڵام دەرەوەیەکی نگریسانەی ئێش و ئازاری کۆمەڵانی خەڵك بوە ، بە جۆرێك لە جیاتی ئەوەی نەتەوە کەمان بەگیانی دیموکراتی لەگەڵ ژیان و هاوکاری یەکتری کردن و کاری بەکۆمەڵی نیشتمانی و تەبایی ناو ریزەکانی خەڵك و رێزگرتن لە هەست و نەستی یەکتری فێر بکرێ ، ئەوا چەك لە ناو کوردان بەردوام هۆی یەکتر ئازاردان و کوشتن و ناتەبایی بوە ، چەك گوریسی خنکاندنی دیموکراسی وکۆسپی بەردەم بڵاوبونەوەی پرنسیپە خزمەتگوزاریەکان بووە ، چەك بۆ نەتەوەی کورد « چ بە ئانقەست و چ بێ ئانقەست بێت » بەردەوام ئامێری تەقاندنەوەی ناکۆکییە ناوەکییەکان بووە بۆ بەرژەوەندی دوژمنان و داگیرکارەکانی کوردستان ، چەك بێنە قاقای خەڵکی گرتووە و لە شوێنی خۆی جولەی ئازادانەی لەبەر بریون ، هەمو مافێکی داوەتە دەست چەکدارو چەکداری کردووە بەکەڵەگا بە سەر کۆمەڵانی خەڵکە وە .

* خەباتی چەکداری و چەك لەسەرتاپای ئەزمونەکانی پێشو وهەنوکەشدا ، بە پراکتیك سەرە نێزەی گیانی پرکە لەبەری رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی ئاوەژوو کردۆتەوە ، چونکە لەژێر سێبەری تفەنگ دا تەنیا و تەنیا زەبرو زەنگ و زۆرداری بینراوە ، بە جۆرێك توندو تیژی نواندن لەبەرچاوی خەڵك نەك گوێگرتن لە گیانی رێکخراوەیی ودروستکردنی رێکخستنی پۆلاینی ،یاسای سەرەکی جەنگەڵ بووە .

دیارە هەموومان ئەو پەیڤە ناودارەمان بیستووە کە دەڵێ « تفەنگێکم بدەنێ دایکی هەزار ئەندامت بۆ دەگێ ....... »

بەڵام ئەوەش هەیە ، سەرانی دەستە چەکدارەکان هەتا ئەو گاڤەی سێبەری خۆیان دەبینن ، سەری زمان و بنی زمانیان هەر باسی رێکخستن و بەهێز کردنی رێکخستن و رێکخراوەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بووە ، کەچی دوایی بە بێ سڵەمینەوە و شەرم کردن شەقیان لەرێکخستن وکاری رێکخراوەیی هەڵداوەو رێکخستنیان تەنیا بۆ سەرخۆش کردن و بەجۆش و خرۆش خستنی رووکەش و هەرەمەکی کۆمەڵانی خەڵك بەکارهێناوە .

* لەسێبەری تفەنگ دا ئەوەی نارەوا و سوکایەتیە بەخودی نەتەوەی کورد کراوە ، هەرگیز جوتیار و زەحمەتکێشی کورد لە ئاست چەك بەدەستەکاندا ، لەناوماڵ و منداڵ و لەسەر سامان و گوندی خۆیان خاوەن ماڵ نەبوون ، ئەوەی دوژمنە سەرسەختەکانی نەتەوەی کورد پێیان کردووە ، چەکدارەکانی کورد ئەگەر زیاتریان پێ نەکردبن ئەوە کەمتریان پێ نەکردون ، هەر بۆ نمونە پەردە رەنگا و رەنگەکانی شەڕەکوردی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان بێنینەوە پێش چاومان ،چەکدارەکان بەفرمانی لێپراسراوەکانیان لە ماڵ سوتاندن و سوکایەتی پێکردن و ، دەربەدەرکردنە و تاڵان کردنی گوندان درێخیان نەکردووە ، تەنیا بۆ جیاوازی بیر و باوەڕ و لایەنگیری ئەولایەن و ئەم لایەن ، یاخود جووت نەبوونی ئارەزووەکانی فڵانە سەرکردە لەگەڵ فڵانە ناوچەو شارو گوند .............. هتد .

باشترین بەڵگەش سەیری دوا راپۆرتەکانی ئەمنستی سەر بە سازمانی نەتەوەیە ککرتووەکان بکەن کەلەسەر روداوە دڵتەزینەکانی ئەم دواییەی نێوان دوو حیزبە کاربەدەستەکەی باشوری کوردستان بڵاوبوتەوە. تەماشاکەن چ کێشەیەکی بەروو بومی چەکدارە شەڕکەرەکانە بۆ خەباتی نەتەوەی کوردیان کردۆتە خەرمانی شەرمەزاریمان !

* خەباتی چەکداری یەکەم فاکتەرە کە دەرونی مرۆڤی کوردی وێران و رەزیل کردووە ، چونکەچەکدارەکان بەردەوام لوقمەی ماندبوونی خەڵکی دیکەیان نۆشکردووە و زۆربەی کات سك برسی و رووتەڵە و هیلاك بەسەر سەر و گوێلاکی خەڵکییەوە لەوەڕاون . دیارە مرۆڤی برسی و قەلاش بەردوام چاوچنۆك دەبێ کە ئەمەش بە دەوری خۆی زیاتر دەبێتە مایەی کاردانەوەی نیکەتیڤ و لاوازکردنی دەرونی ، هەر بۆ بەڵگەش تەماشای روداوەکانی دوای سەرکەوتنەکاتی و دەمەکانی هەبونی موفاوەزاتی عوترلی یانە بکەن کە چۆن چەکدارەکان بەتایبەت سەرەکانیان چەند بەلەز و هەڵپەرستانە بونەتە مافیای قۆنتەرات و قاچاخچییەتی و، ئەوەندە تامەزرۆیانە باسکیان لێ هەڵمالیوە کە پیاودەتوانی بێژێ : دموڵەمەندترین پیاوی شارەکان ئێرەیی بە کۆشك و تەلاری قەشەنگ و ئۆتۆمۆبێلی دوا مۆدێل و رەنگاو رەنگی لێپرسراوانی چەکدارەکان دەبەن ، وەك ئەوەی لە سێبەری تفەنگەکانیانەوە بیانەوێ تۆڵەی رابردو بکەنەوە و هەلە کە نەچوێن .

* خەباتی چەکداری بۆتە هەوێنی زەمینەی سەپاندنی هەندێك چەکدار بەسەر کۆمەڵانی خەڵکا لەسێبەری ئەو سەرمایە خێرایەی پەیدای دەکەن و لە پەراوێزی پلە و پایەی دەسەڵاتی چەکەوە یاخود حیزبە چەکدارەکانەوە کە هیچ جۆرە ئاکار و تایبەتمەندییەکی سەرکردەیی ، بەڵکو هەتا کادیری بونیشیان پێوە دیار نیەو لە بوارەکانی سیاسی هۆشیاری یەوە زۆر دەستکورتن ، هەر بۆ نمونە: سەرکردەی عەسکەری لە جیاتی ئەوەی بیر لە نوسین و کاری پێشمەرگایەتی بکاتەوە ، بە پرتاو پرێ داوەتە نوسینی فەرهەنگی پزیشکی ، یاخود بەپێچەوانەوە ، مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە سنوری چەند ساڵێکی خەباتی چەکداری خۆی کردۆتە ژەنەراڵی سەربازی و مامۆستایەتییە پیرۆزەکەی خۆی بەلاوەناوە .

* چەك رێگرێکی ئاشکرای گەشەکردن و هەنگاو هەڵێنانی داهێنەرانەی کەلتور و هونەری و ئەدبیاتی کوردی بووە ، چونکە هیچ دەمێك ئەدیب و نوسەرو هونەرمەند و رۆژنامەنوس و زانایان لەسەر ئافراندنی کاری داهێنەرانە پشکیریان لێ نەکراوە و ناکرێت ، هەمیشە هاریکاری و دەستگرتنی

بەهرەداران بە نیازی لەخشتە بردن و کڕینیان بوە و قەبلاندنی نرخی بەرهەمەکانیان بەگوێرەی رادەی پیاهەڵدانی سەرکردەکان بووە.

* چەکداری هەمیشە ئاگرخۆشکەری رقەبەری و زیاتر دوژمنایەتی نێوان عەشیرەت و هۆزە جۆربەجۆرەکانی کوردەواری بووە ، تا وای لێهاتوە لە پەراوێزی ئەو خەباتە چەکدارییەدا ، لەشکرێکی گەورە بۆ شۆڕشی چەواشە و جاشایەتی کردن دابین کراوە .

* خەباتی چەکداری بەردەوام بەهۆی ئەو بار و دۆخە ناهەموارەی خۆی دەیخولقێنێ وزەی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان پەیتا پەیتا لەبن دێنێ و دەیان و سەدان رۆڵەی دڵسۆز و کارامەی خاوەن توانای زانستی دەتەپێنێ.
چەك ئەوەی زانست و زانیارییە لە بیر و مێشکی خەڵك دەیسڕێتەوە.

خوێنەری هێژا !

ئەمەی سەرەوە پوختە بیرو رایەکە کە لە ساڵانی دوور و درێژی تاقیکردنەوەی خۆمدا دەربارەی بزووتنەوەی چەکداری گەڵاڵەم کردوە . ئاواتەخوازم بۆگفتوگۆکردن، خوێنەرانی خۆشەویست بەسەرنج و رایەکانیان هەر کەم و کورییەکی هەستی پێدەکەن بۆمی راست بکەنەوە و یاخود هەر رەخنەیەکی سود بەخشانەی هەیانە بەراشکاوی دەریببڕن .

## ئاگاداریەک بۆ نوسەرانی بەڕێز

بەڕێزان !

لە ماوەی رابردوو لە باتی لیژنەی سەرپەرشتی وبڵاوکردنەوەو دۆستانی دلانپار نامەیەکمان ئاراستەی نوسەرانی بەڕێز کرد، بەو هیوایەی گۆڕانکارییەك لە شێوەو ناوەرۆکی گۆڤاری دلانپار بکەین . کۆمەڵێ نوسەری بەڕێز ، هەر یەکەو بەنامەی تایبەتی بیرو بۆچونی خۆیان دەربارەی پێشنیار و دواکەمان دەربڕیوە ، هەڵبەتە سوپاسێکی زۆری ئەو بەڕێزانە دەکەین بەتایبەتی هەر یەك لە ئاست خۆیەوە پێشنیاری چەند ناو ناونیشانێکی کردووە بۆئەوەی بتوانین پەیوەندیان پێوە بکەین ، ئێمە وا لەگەڵ ئەم ژمارەی دلانپار دەقی نامەکەیان بۆ دەنێرین لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاین کۆمەڵێکی زۆری نوسەران هێشتا نامەکەیان پێنەگەیشتووە و ئێمەش تاوەکو ئێستا ناونیشانیان نازانین !! بۆیە تکا لە نوسەرانی بەڕێز و خوێنەرانی هێژا دەکەین دەستپێشکاری خۆیان بنوێن و دەقی نامەکەو ئەم هەواڵە بگەێنە نوسەرانی بەڕێز

کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان
Kurdistan National Peace & Solidarity Committe

DLANPAR

14-06.1995
HELSINKI

بەڕێز ..........

لە پێناو بەرەو پێشەوە بردن و دەوڵەمەند کردنی گۆڤاری «دلانپار» چ لە روی ناوەرۆکەوە چ لە روی فۆرمی هونەرییەوە ، نیازمان وایە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ناوبراو فراوانتر بکەین ،لەتەك ئەوەدا هەوڵی ئەوەبدەین مانگانە دەرچێت. لە ئەنجامی بیرورا گۆڕینەوە لەگەڵ هەندێ لەدۆستانی «دلانپار»وا بەچاك زانرا روی تکا لە ئێوەی بەڕێز بکەین ببن بە ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «دلانپار» ئێوەش لەلایەن خۆتانەوە هەر پێشنیارێکتان هەیە و ناوی هەر کەسێك پێشنیار دەکەن ، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە پێخۆشحاڵین ودڵمان کراوەیەو چاومان لە رێیە .

لە باتی / لیژنەی سەرپەرشتی وبڵاوکردنەوەودۆستانی دلانپار

رەهبەر مامەش

---

ئەز ............

ناوەرۆکی ئەم بەڵگەنامەیە پەسند دەکەم و بەگوێرەی توانا بەشداری هەڵسورانیکاروباری گۆڤاری دلانپار دەکەم.هەروەها پێشنیاردەکەم پەیوەندی بە:

بەڕێز ............

............

بۆهەمان مەبەست............

مێژو......./......./١٩٩٥

ئیمزا............

P.O. Box 533 - . 00101- Helsinki . Finland . T: 30 80 45 - Fax: 77474200-

پێشەکی سوپاسی دڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتن و دەستپێشکاریتان دەکەین. تکای زۆریشمان لە نوسەرانی بەڕێزە ئەو ناو و ناونیشانانەی پێشنیاریان دەکەن بەشێوەیەکی رێك و پێك و پیتی گەورە و شاش « هەر پیتەو بەتەنیا » و ژمارە پۆستەکان بەوردی بنوسنەوە . ئێمەش لەلای خۆمانەوە تیکرای نامەکان وەڵام دەدەدینەوە.

هیواداریین بە هەموو لایەکمان چی چاکە و مایەی دڵخۆشکردنی هەموو لایەکمانە بەزورترین کات بێتە دی.

سوپاس

هەواڵنامەی کتێب

م . ڕێبوار

## لێکۆڵینه وه یه ك له مێژوی

# کوردو کوردستان

## له ڕوانگەی ماتیریالیزمی مێژووییەوە

به شی نۆیه م

## کۆمه ڵگه ی کورده واری

باوەڕی موحەمەدییەت لە گەڵ دەسەڵاتو خاوەنداریەتی چ دژکاری نییە ، بەلکو بەپێچەوانەوە ، ئەمەش بەلای چەوسێنەرەکانەوە یەکجار ڕونە ، بـــەڵام بـــەلای هەژارەکانەوە کە دەبوایە ئەو ڕەنجەی لە زەوییەکانیان‌دا دەی دەن دەگەڵـــیان بەشبکەن سەرانە بدەن و بێگاریان بۆبکەن کارێکە بەپێچەوانەوە.

لێ هەر چەندە لە دەقە ئاینییەکاندا باسی ئەرك و مافەکان هەن ، بـــەڵام ئەمەش هەیە ؛ کە مرۆڤ هەرگیز نابێ لە ڕێگەی خواناسی لابدات ؛ لێرەشدا مەبەست هەر ئەوەیە : گەر چەوساوەکان ناچاری خراپەکردن نەبن! واتە ؛ بێگار وسەرانە (باجو خەراج) و هەموو ئەوەی داگیرکارو چەوسێنەر ئاوایانە ، مانای وایە خواناسن و جێــگەیان بەهەشتە ، خۆ ئەگەر بێتوو ئەوەی بە درێژایی تەمەنیان کۆیان کردۆتەوە ،بیبەن لە دەستی بازرگانەکانی (مەکە)ی بکەن ، ئەوا تەواو نیوەندی بەهەشتیان مسۆگەرە.

فەرمانڕەوایی و داگیرکردن لە لایەن خوداوە ئاراستە دەکرێت « مەڕپێ شوان نابێ » بـۆیـە چەوسێنەران لە ڕێی خواناسی لانادەن!

پەیوەندی جوتیارەکان بە زەوی و بە زۆر ژێردەستەکردنیان بۆ « بێگار » شێوەیەکی مامناوەندی یاخود شێوەیەك نییە لە پلەیەکی قۆناغی سێیەمدا ، بەلکو لـــەزۆر شـــوێن لە ئارادا یە .« بەگشتی لەهەموو ناوچەیەکدا ، داگیرکار ئەوەی دەسەپاند ، کـــــە جوتیارەکان زەوییەکانیان بۆ قازانجی ئەوان داچێنن » فردریك ئەنگلز وتەنی.

هەر بەم جۆرەش ئەسحابەکان دەگەڵ جوتیارەکان ڕەفتاریان دەکرد ، زۆریان لـــە خەڵکی هەژار دەکرد زەوییەکانیان بە نۆرە ساڵ بچێنن ، یاخود نیوەی بەرهەمیان پێبدەن ، لە ڕاستیدا داپەروەری ئەوانە هەرهێندە بووە ، بـــەلای هـــەژارەکانـــەوە یانزدە مانگ بەڕۆژوبون و بێگار بۆ چەوسێنەران و دامودەزگای خەلیفەو سوڵتان و ئاغاکان و مانگێکیش بۆ خودای تەبارەك وتەعالا !! لێرەدا دەردەکەوی کە جگە لەوەی ئەرکی ئاینی بێمانا و پڕوپوچە باری چەوساندنەوەشی سەد هێندە گرانە !

« ئاشکرایە لە هەر پێکهاتەیەکی ئابوری دیارکراودا ، کە بەکاربردنی تێدا زاڵبێ ، پەیوەندییەکانـی { بایی ئاڵوگۆڕی بەرهەم } زێدەکار سنورکراو دەبێ ، بەگوێرەی کەمی و زۆری پێداویستـــەکان ، چڵێسی خستنە سەریەکی زێدەکار لەسروشتی کاری بەر هەمهێنانی بێسنور نایەتە دی » مارکس گوتەنی . واتە ؛ ئەو زۆرلێکردنەی لە قۆناغی سەمایەداریدا هەیە بە ئامانجی چاککردنی بەردەوامی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لێرەدا نایەنە دی ، هونەری بەرهەمهێنان و شێوازی ڕێکخستن لە دارێژگەیەکدا دەمەیێ ، کـە ژیانی کۆمەڵایەتی دە ئاخننە نێو ڕێژگەیەك لە نەریت و هەڵسوکەوتی دیارکراوەوە ، بە هۆی ئـەوەوە کەمی و زۆری بەرهەم هەردەم بەرە و زۆرتر و پتربوونە ، خستنە سەریەکیش دەبێتە ئامانجی چەوسێنەران .

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا یەکێ لە توخمە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە هەوڵـــدانـــی دەسەڵاتدارانە بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری یەکتری ، جێ پێ خۆشکردنی دەسەڵات بەتایبەتی لە شارەکانی ئەو سەر دەمە ، کە ویستی هەر یەکێ بوو بـۆ سەقامگیر کردنی بنچینەی دەسەڵات و جێگیرکردنی پـلـەی کۆمەڵایەتی (ئەم بارە هۆی بنەڕەتی هەموو ململانییەك بووە لـــە نێوان دەســـەڵاتە ناوچەییەکانی کوردستان ، واتە ئیمارەتەکان ) ئـــەو بارە هەرگیز نابێتە هۆی هەڵچونی شێوازی بەرهەمهێنان ، بەلکو پتر دەبێتە هۆی بەهێز کردنـــی جۆری پەیوەندی شار و گوند کە بریتییە لە خەستکردنەوەی ئاڵوگۆڕ، بەقـــازانجی بەتین کردنی پەیـوەنـدییـە کۆمەڵایەتییەکانـی قۆناغەکە ، لە دۆخی ئابوری کوردستاندا هەمووئەوە بە قازانجی داگیرکار تەواو بوە .

دژکاری ناوەخۆ لەپلەی یەکەمدا لە کۆمەڵـــگەی کوردەواریدا لەنێوان جوتیارو خاوەنـــزەوی دا بووە ، بۆیە دەبینین جەنگ و داگیرکردنی زەوی یەکتری هەردەم بـــۆتـــە مایەی هەژارکردن و بەفیڕۆدانی دەستیکارو هەروەها بەشی زۆری بـــــەرهەم ، بـــە درێژی مێژوش هەرگیز نەبۆتە هۆیەکی گۆڕەر.

ئەم ئاکارە تەنیا دەبووە هۆی بەهـێـــزبوونی دەسەڵاتی داگیرکار ، لە ئەنجامی تـێـکەوتنی لایەك و پەنابردنەبەر دەسەڵاتێکی بە هـێـز تر بۆ فریا کەوتنی ، لە باری زۆر تایبەتیشـدا بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی .

بنچینەی چەوساندنەوەش لەم کۆمەڵگەیەدا ( زێدەکار ) زێدەبەرهەم بووە ، کـە جوتیارەکان بەرهەمیان دێنا . بۆ ئەوەی چاکتر لە زێدەبەرهەم وردبینەوە ، دەبێ بزانین:

سەرەڕای ئەو ئایدۆلۆژیایەی موحەمەدییەکـان بۆ چینی چەوسێنەریان ڕەخساند ،ڕۆڵیان لـە دروستکردن و پتر نانە سەر زێدە کار (زێـــدە بەرهەم ) چی بووە ؟ دروستبوونی ســـاچینی وەك مەلایان و پیاوانی تری ئاینی ، کە لە ئاکامدا وەك خاوەنزەوی و دەستی کار کاریـــگەربوون لە دزینەوەی زێدەبەرهەمی پتر، و جۆراندنی کاری بێگاری کە بە زۆر بەسەر خەڵکی هەژاردا ساغدەکرایەوە چی بووە.

١–زەویەکانی مزگەوت ( زەوی مەلاکان ، لـــە زۆر دێ زەوی‌وداری میوە ، وەك کەرەستەی تایبەتی مەلاکان و کاری بێگاری لەوزەویانەدا )

٢–زەکات ( لەسەر ئاژەڵ و بەروبوومی کشـــــتوکاڵی دەگەڵ زێدەبەرهەم دادەنرێت).

٣– دابین‌کردنی ئاو جۆگەی مزگەوت کە بە بێگار دەکران .

٤– بەخێو کردنی کۆمەڵێك فەقێ لە دێ ،

له سەر رەنجی جوتیارەکان بەڕێوە دەچوون.

٥- قەڵاچۆکردنی بەشێکی سامانی ئاژەڵداری (قەدەغەکردنی خواردنی گۆشتی ئاژەڵی وەك بەراز کە سامانێکی فرە بوو لە کوردستان).

خاڵی یەکەم و سێیەم دەکەونە بەر زێدەکار، دووەم و چوارەم دەوکەونە بەر زێدە بەرهەم کە لە راستیدا هەر زێدەکارە، پێنجەمیان دەکەوێتە بەر زیانی ئەم نوکتیە(١) زێدە کار هەروا بە ئاسانی ئەنجام نادرێت، زێدەکار کە لە ئاکامدا دێتەوە سەر زێدە بەرهەم کە دەبوایە جوتیارەکان ئەنجامی بدەن، جا چ لەشێوەی زێدەکار یاخود زێدە بەرهەم کۆتا کرابێ جیاوازی نییە لەوەدا یەك جێی ئەوەی دی بگرتەوە.

رەنگبێ بەلای هێندێ کەسەوە ئەم خاڵانە چ گرنگییەکیان نەبێ، بەڵام کاتی سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەمانەش بونەتە سەربارو بنباری شێوەو رژێمی خاوەندارییەتی زەوی کە جوتیارەکان بە هۆیەوە دەچەوسێندرانەوە ئەوجا وێنەیەکی راستەقینەی باری گرانی ئەوانمان دێتە بەرچاو.

بۆ ئەوەی بە رێگەیەکی ئاسان و چێتر لەو بارە بگەین و بزانین تەنیا دوای سێ سەد ساڵێك لەبڵاوبوونەوەی باوەڕی موحەمەدییەت و چەسپاندنی دەوڵەتی بنکەیی، کە دامودەزگا یەك بووە بۆ پارێزگاری و پشتگرتنی رژێمی خاوەنداریەتی زەوی، خاوەن ماف و دەسەڵات ئەنجام گەیشتۆتە کوێ، و تا ئەوانەیش کە تا ئێستە وای تێگەیشتوون کە موحەمەدییەت ئازادی بەخەڵکان بەخشیوەو خۆشی بە دیاری بۆ جەماوەر هێناوە لە راستی کارەساتەکە تێبگەن.

بۆ روونکردنەوەی هەموو ئەم بارە چەند دەقێکی مێژویی دەگوێزینەوە ئێرە کە دەگەڕێنەوە نێوان ساڵانی ٩٨٢ – ١٠٨٨ ی زاینی، نمونەکانیش لەیەك لە ناوچە سەربەخۆکانی ئەو کاتەی کوردستان دێنینەوە کە رێك دەکەوتە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسی وەك دەوڵەتێکی بنکەیی، گومان لەوە دا نییە گەر تۆزێ لە و دوو نمونە وردبینەوە زۆر چاك لەوە دەگەین؛ گەر بارودۆخ لە دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی کوردستان ئاوایی بوبێ دەبێ لە بنکەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا چۆن چۆنی بوبێ؟ بۆ ئەمەش با لە دەرەوەی شورەکانەوە بچینە نێو کۆشکی ئەو دەسەڵاتدارانە و بزانین باریان چۆن بووە:

ناسر خەسرۆ دەڵێ:

گەینە ئامەد (دیاربەکر) کەلە سەر لوتکەیەکی فراوان دروستکراوە، درێژیی هەروەها پانی، هەزار پێ یە، دەوری بە شورە یەك لە بەردی رەش، کە قورسایی هەر بەردێکی هەزاروسەد مەن دەبێ «هی بە سەنگ تریشی تێدایە» هەڵچنراوە، ئەم بەردانە بێ قوڕو گەچ لەسەر یەك دانراون، بەرزی بیست یاردەو پانی دە یاردەیە، لە نێوان هەر سەد یاردەدا بورجێ دروستکراوە کە نیوەکەوانەکەی هەشت یاردەیە، سواندەکانی لە هەمان جۆری بەرد دروستکراوە، لەزۆر شوێن بۆ سەرکەوتن و هاتنەخوار پەیژە هەڵنراون، شارەکە چوار دەرگای لە ئاسن و داری هەیە کە هەر یەکێکیان دەڕواننە لایەك، دەرگەی خۆرهەڵات – دەرگەی دیجلە، دەرگەی خۆرئاوا – دەرگەی رۆم، ژوورو – دەرگەی ئەرمەن، خواروو دەرگەی گرد – ە وە ناونراون. لە دەرەوەی ئەم شورایە شورایەکی تر هەیە لە هەمان جۆرە بەرد، بەرزایی دەیاردەو سواندەکانی مەودای چەکهەڵگرێکی هەیە بە ئازادی تیا بجوڵێتەوە و بجەنگێ، دەرگاکانی بەپێچەوانەی دەرگەکانی شورای ناوەوەیە. ئێستا دەبێ رون بێ کەمانای زێدەکار چییە. دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەمە دیمەنی دەرەوەی کارەکەیە جگە لە کۆشك و باڵەخانەکانی ناوەوەی کە تایبەت بەدەسەڵات بوون.

لەباسی یەکی لەفرمانڕەوایانی ئەم سەردەمدا (فارقی) دەڵێت:

نەریت وا بوو (مەبەستی لە نەسرول دەولەیە) رۆژێك دەگەڵ سەرکردەکانی کۆبێتەوە و بخۆن و بخۆنەوە تا شەو، رۆژی ئایندە دەگەڵ خزم و کەسوکارو دەستوپەیوەندەکانی بە خواردن و خواردنەوە رایبوێری تا شەو، گۆرانی بێژو سەماکەران و تیپی رابوردن دەهاتنە بەر دەستیان، دوای ماوەیەك جێیاندەهێشت دەگەڵ کەنیزەکانی تەنیا دەبوو، رۆژی سێیەم تەنیا لەسەر جێگە پاڵیدەدایەوە بە جۆرێ لە خۆی بەولاوە نێرینەیەکی تر لە کۆڕدا نەبوو، کەنیزە و دولبەرەکانی، خێزان و کچەکانی لەبەردەستی ئامادە دەبوون، دواتر خێزان و کچەکانی جێیاندەهێشت، ئەویش ملی لە خواردنەوە دەناو کەنیزمونۆکەرانیشی لەبەر پێ بوو تا دەمەو بەیانی، ئەوجا دەگەڵ خاوەن نۆرە بە تەنیا دەچووە نێو جێگەو رایان دەبوارد، بەرە بەیان دەچووە راو، لە گەڵ رۆژهەڵاتدا دەگەڕایەوە، دوای ماوەیی پشودان وەزیر مۆڵەتی وەردەگرت، ئەوی پێویستی با ئەنجامی دەدا، دوای نان خواردن تا دەمەو درەنگی پاشنیورۆژ پشوی دەدا، دوایی تا سێیەکی شەو دەیخواردەوە دوویارە کەنیزەو گۆرانبێژان دەهاتنەوە بەر پێ ی و دەکەوتە خواردنەوە و یاری لەگەڵیاندا، تا دوا سێیەکی شەو، ئەوانەی لە بەر پێ بوو بەئارەزوی خۆی کامی لێ وەر دەگرتن، ئەوجا دەچووە نێو جێگەو خاوەن نۆرەیان بۆ دێنا، تا بەرە بەیان لە گەڵیا لە جێگەدا دەمایەوە، ئنجا هەڵدەستا و خۆی دەشۆری و نوێژی بەیانی - لە کاتی خوێدا – دەکرد !!!

خاوەنی ٣٦٠ کەنیزە بوو هی وا هەبوو لە ساڵێ دا شەوێکی بەر نەدەکەوت، هەر شەوە بوکێکی نوێی هەبوو، جگە لەوەی ٥٠٠ کچی بەردەست بوو، ژمارەیەکی ئاوەهاش لەنۆکەران. خاوەنی تەسبیحێك بوو نرخی ٢٢٥ هەزار دینار بوو، بە درێژایی فەرمانڕەوایی خۆیی «ئەمەش لەهەمووشتێ گرنگترە» یەك تاکە نوێژ چییە نەی چواندووە، (کورد گوتەنی: سەری چوویا نوێژی نەدەچوو) جا ئەگەر ئەوە بارودۆخی دەسەڵات بێ لەنیمچە دەوڵەتێکی ئەوسا وا بزانم پێیناوی درێژدادرێ بکەین و ملبێنینە باسی کۆشکەکانی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی.

بێنرخ ترین‌شت نرخی ٢٢٥ دیناربێ، شتێ کە بە ساکارترین ئامێری بەرهەمهێنان بەراورد ناکرێ دەبێ هەژارو چەوساوەکان باریان لەچی دابووبی، وای تێدەگەم زۆریش پێویست نییە ئەو هێندە بیربکەینەوە تا تێبگەین: {{ هەر چەندە تاکی کۆمەڵ دەوڵەمەندبێ و خاوەنداریەتی تایبەتی خەستتر بێتەوە، مانای وایە ئەوەندەی تر کۆمەڵ هەژارو نەدار و بار گرانە }}.

ئەمەیە باری کۆمەڵگەی کوردەواری لە ژێر دەستەیی دەسەڵاتی ناوچەیی ژێر سێبەری دەوڵەتە بنکەییە مەزنەکان.

ژێردەستەکردنی جوتیارەکان لەرێگەی رووتکردنەوەیان لە خاوەنداریەتی زەوی و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، بە کارهێنانیان لەپێناوی پتەوکردنی هێزی ئابوری بوو بە سودی بەتین کردنی دەسەڵاتی چەوسێنەرەکان، بۆیەش هێندەی نەبرد زۆر لەمەلا و شێخەکان نەك هەر بوونە خاوەنزەوی فراوان بەلکو تارادەکی تەواو بەریەرەکانێ ئاغا و

دە سەڵاتدارانیان دە کرد .
ئەمانیش بۆیان لواوە خەڵکی بچەوسێننەوە چونکێ کارکردن بەلای جوتیارە دەروێشەکان راژەکردنی پیاوە هەرە چاك و لەخودا نزیکەکانە . دەتوانین بڵێین ئەم بارەی لە سەرەوە باسمان کرد ناوچەیی بووە ، بەڵام بێگومان دەسەڵاتی بنکەیی بێگانەکان زۆر لەمە خەستتربووە ، هەر لە زوویەکەوە کۆمەڵگەی کوردەواری دووچاری گیروگرفتێکی ناهەموارکردبوو، کە ململانێی بوو لە پێناو جێگیرکردنی دەسەڵات ، دژایەتی کردنیش بۆ وەدەستهێنانی زەوی لەگەڵ ئەم خاڵەدا لێکدی گیرە . ئەنجامی ئەم دوو خاڵەش دوو لایەنی دەبێ : لەلایەکەوە چینی چەوسێنەر (ئاغاکان) هەردەم داوای زێدەبەرهەمی پتر لەجوتیارەکان دەکەن ، لەلایەکی ترەوە لەژێر باری دانۆشینی دەسەڵاتی بنکەییدا دەمێننەوە.
جگەلەوەی بەگوێرەی گۆڕانی دەسەڵاتی بنکەیی رێچکەی خۆی دەگۆڕێ ، بەتایبەتی لەلایەنی بوژاندنەوەی بازرگانی کە ئەو سەردەم هێڵێك بوو لە ئەورووپاوە دەستیپێدەکرد و تا سنوری چین دەکشا ، بەڵام لەگەڵ هاتنی موحەمەدییەکان و داگیرکردنی کوردستان فراژیبوونی کۆمەڵگەی کوردەواری لە قۆناغی سێیەمدا رووی خۆی وەرگێڕاوە بەرەو ئەو شارانەی دەبوونە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام . هەرچەندەش پایتەختی دەوڵەتە ئیسلامییەکە لە کوردستان نزیك بۆتەوە ، ئەم هێڵە نوێیەی بازرگانی پتر دەگەڵ ناوچەکانی دەسەڵاتی بنکەیی بەهێز بووە ، بە تایبەتی لەسەردەمی عوسمانییەکانو سەفەویەکاندا رواڵەتێکی نوێی وەرگرتووە ، کە داپچڕینی کوردستان بووە لە تەاوی کۆمەڵگەکانی تردا ، کە فراژیبوونی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لەواندا لەپێشکەوتن و بەرەو پێشوەچوون دابوو ، بەجۆرێ دەبینین ئەم بارە نوێیە دەرگە داخستنێك بووە لە رووی هاتنی ئامێرە نوێیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە و تێکەڵاوی ژیاری کوردستان پچڕاوە ( دەرگەی تەنگەی بسفۆر لە رووی کوردستان داخرا ) .
ئەم بارە ، نوێ نەبوونەوەی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بۆتە هۆی مەیاندنی قۆناغەکە و درێژە پێدان و سەقامگیرکردنی وەك بارێکی ئابوری و هزری .
« ئاڵوگۆڕی ـ بازرگانی ـ شت بە شت ـ کە توانای هەیە دەگەڵ جۆرەها شێوازی بەرهەمهێنان هەڵبکات ( بە بێ ئەوەی هیچ بەرەوپێشەوەچونێك بێنێتەکایەوە ) تەنیا بە قازانجی بازرگانە دەرکییەکان نەبێ، نەك تەنیا بۆتە هۆی پتر خەستبوونەوەی چەوساندنەوە بەڵکو جێگیربوونی وەك دۆخێکی نەگۆڕاو و هێنانە ئاراو زیندوو کردنەوەی شێوازی نوێی چەوساندنەوە. کارڵ مارکس زۆرچاك ئەمەمان بۆکورت دەکاتەوە لەو گوتەیەیدا ، کە دەڵێ :
{{ لە تێکەڵ بوونی ئەو خەڵکانەی کە بەرهەمیان لەئاستی شێوازی کزی بەرهەمهێنانە « بێگار » هەر ئەوەندە تێکەڵ بەبازاری دەوڵەتی « واتە زێدەبەرهەم کەوتە سەرباری ناردنە دەرەوە / نوسەر» سەرمایەداری بوون ، ئیتر تەنیا خەمیان ئەوەیە بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە ، بەم جۆرە بێشەرمی ژیاری چەوساندنەوەو زێدەکار پتر دەبێ بەهۆڤیەتی بەربەریانەی کاری ـ بێگار و کوێلەتی }} .
بە هێندەی ئەم گوتەیە لە بارودۆخی کوردستاندا بەرجەستەیە ، رەنگ بێ لە هیچ شوێنێکدا و لە چ کۆمەڵگەیەکی تردا وا بێشەرمانە و کێویانە ئەنجام نەدرابێ و بەرجەستە نەبووبێ.
خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەمەیە کە لەوە بگەین : کە چینی چەوسینەری کۆمەڵگەی کوردەواری وەنەبێ هەر لەوەدا سەرنەکەوتبێ پارێزگاری و پاراستن و زاڵبوون بە سەر هێزەکانی کاری کۆمەڵ دابین بکات . بەڵکو لە رادەبەدەر چەوساندیتیەوە . یاخی بوونی جوتیارەکان و راپەرینەکانیان بۆ رزگاربوون لەم دۆزەخە بۆتە هۆی بەجێهێشتنی زەوی و دروستبوونی رەنجبەر و سەپان و ساچینی تر ، چونکێ هەژاری و بێدەرەتانی ماوەی ئەوەی نەدادان لەو بازنە داخراوەدا دەربچن .
لە مەوبەر رونمان کردەوە ، کە دەسەڵاتی چەوسێنەر ، خاوەن هێزی بەرهەمهێنان بوون ئەرکی جوتیارەکان بوو پترکاریان بۆ بکەن ، لە ماوەی دووەمی قۆناغەکە رواڵەتێکی نوێ بەخۆوە دەگرێ ، کە دابەشکردنی زەوییە بەسەر جوتیارەکاندا ئەم رواڵەتە لەناوەرۆکدا بەپێچەوانەوەیە، لەراستیدا دابەشکردنی خێزانە جوتیارەکانە بە سەر زەویەکاندا ، بەجۆرێ هەر خێزانێك بەرپرسیارە بەرامبەر بە پارچە زەوییەك، لە بری ئەمەدا دەبوایە بەشێك لە بەرهەم بە خاوەنزەوی بدات ، ئەم بارەلەداهاتوودا رێگەیخۆشکرد زێدەبەرهەم بگۆڕدرێت بەپارە ، واتە لە جیاتی ئەو بەشە بەرهەمە دەبوایە جوتیارەکان پارە بەخاوەن زەوی بدەن ، بەهۆی ئەوەوە جوتیارەکان تا رادەیەك لەفرۆتنی بەرهەمەکانیان ئازاد بوون و لەم رێگەشەوە تێکەڵیان لەگەڵ بازاری شارەکاندا پەیدا کرد . بەڵام ئەمە بەگشتی رووی دەرەوەی گرفتەکەیە .
چونکێ ئەگەر بێتو بەووردی سەرنجی ئەم بارە نوێیە بدەین دەبینین ئەوەی گۆڕاوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانە نەك شێوەی هێزیکار . واتە جوتیارەکان هەرچەندە بەناو خاوەنزەوی بوون ، بەڵام وازیان لە کارکردنی بەکۆمەڵ « بێگار » نەهێناوە بەڵکو هێزیکار شێوەیەکی نوێی وەرگرتووە کە شێوەی « هەرەوەز»ە ( یارمەتیم بدە یارمەتیت دەدەم بۆ زامن کردنی زێدەبەرهەم ) ، واتە جگە لە بەشە بەرهەمی خێزان زێدە بەرهەمی چەوسێنەریش . بەکۆمەڵ کارکردن « بێگار » بو بە هەرەوەز ، ئەگەر ئەمە وورد تر بکەینەوە دەڵێین : کاری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە سەرئاستی ناوچەییدا گۆڕاوە بۆ سەر شانۆی پارچە زەویەکانی بەناو تایبەت بە خێزانە جوتیارەکان.
ئەم بارە نوێیە پتر بۆتە هۆی دروستبوونی ساچینەکانو چەسپاندنی وەك نەریت و یاسا ، سەپانو رەنجبەری کردۆتەساچین.
رەنجبەران بریتی بوون لەو جوتیارانەی کە خاوەنی هیچ ئامێرێکی بەرهەمهێنان نەبوون ، پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان لە زەوییەوە تا پێڵاو لەسەرخاوەنزەوی بوو ، واتە کارکردن « بەنانەزگ » ، ئەمانە هەژارترین جوتیارانی نێو کۆمەڵ بوون .
سەپانەکان بریتی بوون لەو جوتیارانەی کە خاوەن ئامێری بەرهەمهێنان بوون یاخود لەسەرخۆیان بوو پەیدای بکەن ، سەپانەکان بەرابەر بە بەشێك لە بەرهەم ، کە بۆخاوەنزەوی بوو کاریان دەکرد.
دروستبوونی رەنجبەر و سەپان دەگەڕێتەوە بۆزەبروزەنگی چەوسێنەر کە لەراستیدا ئەویش لەپێناو وەدەستهێنانی زێدەبەرهەم بووە ، بەشێوەیێ چەندە باری پێشو واتە ؛ جێگیربونی

پارە لەباتی بەرهەم و، پتر تێکەڵ بوون و ئاڵوگۆڕی دەگەڵ بازاری شارەکان پەرەی دەسەند و خەستتر دەبووەوە .

جێگیر بوونی چەوسێنەر لەشار ،دەبووە هۆی هێنانە پێشەوەی پێداویستییەکانی ژیانی نوێی شار و فراوان بوونی بازنەی دەستوپەیوەند. بەڕێوەبردنی ئەم بارە نوێیە هەردەم پێویستی بەپەنابردنە بەر زەبروزەنگی پترهەبوو لە پێناو دەستەبەر کردنی سودی زۆرتر لە زێدەبەرهەم .ئەم کاروبارە زۆربەی کات لەلایەن جێگری خاوەنزەوی بەڕێوەدەبردرا کە هەردەم ئەویش خۆی لەیاد نەدەکرد .

پێکدادان لەپێناو دەستبەسەرداگرتنی زەوی بنچینەی هەموو ئاژاوەیەکی ناوەخۆی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو. بۆیە باری چەوساندنەوە هەردەم جوتیارەکانی ناچار دەکرد زەوی جێبێڵن، ئەوکاتەش جوتیارێکی تر کە خاوەن ئامێرو دەستیکار بوو ، توانای بەڕێوەبردنی زەویەکەی هەبوو بەسەپانی بەرابەر بە بەشە بەرهەم وەری دەگرت. ئەو جوتیارەی تریش گەر بەزیندووی دەربازبوایە ، ئەوا لەسەدا سەد چ ئامێری بەرهەمهێنانی بەدەستەوەنەدەما ،ناچار دەبوو لەزەوی چەوسێنەرێکی تردا بە رەنجبەری کاربکات ، ئەو نەریتەی کە لەبرەوباو بوو چاکتر ئەو بارەمان بۆ روندەکاتەوە.

گەر جوتیارێك نیازی رۆیشتنی بووایە،خاوەن زەوی هەوڵی دەدا تا بەهار ڕاگیری بکات ، چونکێ تا ئەوکاتە ئەوجوتیارە کارەکانی بەرهەمهێنانی –رۆسە، جووت، تۆدان، بژار ........هتد، تەواودەکرد ، هەر هێندە دەما بەرهەمەکە هەڵگرێتەوە ، واتە کارەکە کراوە بەڵام بەرهەم لەگۆڕێ نییە، لە سەرێك خاوەنزەوی لەکارە ئەنجامدراوەکە قازانجییەتی لەسەرێکی تر تازە ساڵ کۆتایی هاتووە و جوتیارەکە کەنووی بە تاڵە ، شتێکیشی نییە لەگەڵ خۆی بیبات جگە لەوەی چەوسێنەر لە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بێبەشی دەکات ، بە هۆی زەبروزەنگ بارەکە دەگەێنێتە ئاستی ئەوە جوتیارەکە بە رزگارکردنی گیانی خۆیی و منداڵەکانی رازی بێت و بۆی دەرچێ، ئەمە هەمووی لەلایەك ،لەلایەکی ترەوە، بە هۆی ئەوەوە زەوییەکە هەموو کارەکانی تێدا ئەنجامدراوە دیارە جوتیارێکی دی ئامادەیە وەری بگرێت ،بەڵام چەوسێنەر ئەوە ناکات بەلکو ئەمساڵە بەرهەمەکە بە بێگار هەڵدەگرێت و، ئەوجا ساڵی داهاتوو زەوییەکە بەسەپانێ یا بەرەنجبەرێکی تر دەدات، بەم جۆرە دەستبەسەر بەشە بەرهەم و زێدەکەشی دادەگرێت .

ئەمە کورتەیەکە لە چۆنییەتی دزینەوەی بەرهەم و زێدەکەی. لەراستیدا لەم ماوەیە قورسترین کار ، کاری رەنجبەری و سەپانی بووە ، بەڵام ئەم کارە دیاردە بووە نەك شێوەی گشتی ،چونکێ شێوەی سەرەکی پەیوەندی چینایەتی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا پەیوەندی خاوەنزەوی وجوتیاران بووە، لە تەك ئەوەشدا ئەم پەیوەندییە رێگەی لە پەرەسەندنی دیاردەکە نەگرتووە.

رۆیشتنی هەر جوتیارێك دەبێتەهۆی دروستبوونی سەپانێك و رەنجبەرێك کەخۆیەتی بەڵام رۆیشتنی سەپان و رەنجبەرێك یا دوو سەپان دەبووە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە ، لەبەر ئەوەی دەبوایە دوو جوتیار جێگەیان پڕ بکەنەوە چونکێ سەپان تەنیا زەوی خۆی جێناهێڵێ بەڵکو ئەو زەوییەی کە بەسەپانیش وەری گرتووە ، پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە یەك لە هۆکانی رووکردنە شار و کەم بوونەوەی دەستیکار بوو لە گوندەکان.

لێرەدا دەبینین گۆڕانکاری سەرەکی ،دیسا گۆڕانی پەیوەندی نێوان چەوسێنەر و چەوساوەیە. واتە هاتنە ئارای پەیوەندییەکی نوێ کە « کرێگرتە» یە، جیاوازە لەو پەیوەندییەی پێشو کە بریتی بوو لە بەزۆر کارکردن ، ئەم گۆڕانە پێزانەی جێگیربوونی پەیوەندیەکی سنورداره لەجێگەی پەیوەندی بێسەروبەری پێشوو، پەیوەندییە کەلە سەر بنچینەی رێکەوتن ، ئەم رێکەوتنە پشتبەستن نییە بەجوتیارەئازادەکان، بەلکو جێگرکردنی نەریت و یاسای فیودالیزمە .

بەمجۆرە دەتوانین شێوەی کشتوکاڵ کردن بەپشتبەستن بەجوتیاری بچوكو پارچەزەوی بچوك ( هەر کەسی بەتایبەتی بەشە کوردستانی لکێندراو بەتورکیایی دیبێ تێدەگا بۆچی زەویەکان بۆ ئەم هەموو پارچە بچوکانەدابەشکراون)پیشەدستییەکانی گوند کە بە پیشەی بچوك دەژمێردرین ،بنچینەی شێوازی قۆناغی سێیەم پێکدێنن .

کێخوا ، ئاغا ، بەگ ....هتد، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ،بەمانا زانستییەکەی خاوەنزەوی، کە خاوەن هێزی بەرهەمهێنان بوون، هەردەم تەقەلایان داوە ، تەواوی زێدە بەرهەم ژێرچەپۆکی خۆیان بخەن ، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا خێڵە گەڕۆکەکان کە پاشماوەی قۆناغی پێشووبوون هێشتا هەر مابوونەوە.

لە سەدەکانی رابردوودا بەردەوام گیروگرفتی سەربازیان لەبەردەم دەسەڵاتی ناوچەیی و ، بگرە زۆرجار دەسەڵاتی بنکەیش دروستدەکرد و یاخی دەبوون و ئەو باجەی بۆیان دادەندرا نەیان دەدا . ئەم خێڵە گەڕۆکانە خاوەن سەرکردایەتی خۆیان بوون و، پتر بایەخیان بەسامانی ئاژەڵداری دەدا و بازرگانی شتومەکی بەهاشیان دەکرد ، نمونەی ئەم جۆرە خێڵە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆرە. جگە لەمانە ، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرەباب هەنە ، بە تایبەتی لەگوندەکان کە زۆرجار بەهۆی کۆمەككردنی یەکتری دەبوونە خاوەن دەسەڵات و خێزانی دەوڵەمەندی نێو ئاوایی ( ئەم دیاردە زۆر لێکۆڵەرەوەی دەستخەرۆ کردووە لەوانەی رژێمی خاوەندارییەتیان بەرژێمێکی پەتریارکی « باوکسالاری » لە قەڵەم داوە ) ، ئەم دوو هێزەش لە پاڵ هێزی جوتیارەکان هۆی سەرەکی بوون لەوەی کە چەوسێنەران بەردەوام ئاگاداری شوێن و دەسەڵات وپلە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆیان بن . بەم جۆرە دە بینین ستاندنی زێدە بەرهەم لەسەرەتادا ولەپلەی یەکەمدا لە پێناوی بازاڕ نەبووە ، بەلکو لە پێناو پاراستنی پایەی دەسەڵات بوو بە ئامانجی فراوانکردن و بەهێزکردن ، و بەرەبەرەکانێ دەسەڵاتی خاوەنزەوی و ئاغایانی دەورووبەریان ،و سەر کوتکردنی ژێردەستەکانیان . هەرچەندە دەشێ زێدەبەرهەم لە پلەی یەکەمدا بۆفرۆتن بێ ، بەڵام ئەم ئەرکانەی پێشەوە لەپلەی یەکەمدا پێویستیان بەوەهەیە کە چەوسێنەر خاوەن هێزێکی سەرکوتکار بێ کە پارێزگاری بکەن و فرمانی سەرکوتکردن جێبەجێ بکەن . دیارە بەخێوکردنی ئەم جۆرە هێزەش دەکەوتە ئەستۆی چەوسێنەر ئەویش بە رەنجی جوتیارەکان و ئەو زێدەبەرهەمەی دەستیدەکەوت جێبەجێی دەکرد .

وا دەردەکەوێ کە پاراستنی دەسەڵات و فراوانکردنی تا توانا بڕدەکات لەسەر بنچینەی زێدە بەرهەم بو ، ئاشکرایە کە چ لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەفەویەکاندا و چ لە ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا پلەو پایە وەك زۆر شتی تر دەکرێران ودەفرۆشتران. ناندانی چەند پیاوێك ،بەڕێوەبردنی دیوەخان ، رازی کردنی پیاوانی ئاینی ، لەلایەك ، ناردنی دیاری بۆ پایتەخت و دەسەڵاتی بنکەیی لە لایەکی ترەوە ، پێویستی بەوەیە کە چەوسێنەر هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی زۆرترینی

زێدە بەرهەم بدات، لەگەڵ ئەوەشدا داوای چەوسێنەران هەردەم پتر تر دە بوو. ئاشکرایە کە لە نێو دام و دەزگەی دەوڵەتانی سەفەوی وعوسمانی ناردنی پارەی زۆر ڕێگە بوو بۆ کڕینی دەسەڵات و پایە ومان ونەمانیان ، یاخی بوون لەو نەریتە دەبووە هۆی لەشکر لەسەرکردن، لەلایەن پایتەخت یاخود لایەنگیرانی پایتەخت ، یاخود هاندانی خەڵکی دژ بەوچەوسێنەرەی کە لە سوڵتان یا خەلیفە وسێبەری خودا یاخییە ! ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبووە هۆی پوچەڵ کردنەوەی هەموو تەقەلایەکی جوتیارەکان بوو لە پێناو گۆڕینی پەیوەندی خاوەنداریەتی زەوی لەم قۆناغەدا . فراژی بوونی بازاڕی شارەکان و بوژانەوەیان ،وای لەچەوسێنەران دەکرد پتر بایەخ بەقازانجی زەوییەکانیان بدەن ، چونکی پتر بوونی ئاڵوگۆڕی ئابوری نێوان شاروگوند دەبووە هۆی بە هێزکردنی دەسەڵاتیان. گومان لەوەدا نییە کە لە سەرەتادا تا رادەیەك مامەڵەی ئاڵو گۆڕی نێوان شارو گوند بە سودی خاوەنزەوییەکان بووە ئەم بارە تا سەرهەڵدانی مامەڵەی «مەڕونە» و «سەلەم» هەر بە قازانجی گوند بووە ، دوایی ڕۆژبەڕۆژ گۆڕاوەو بە قازانجی بازرگانەکانی شار کەوتۆتەوە .

## ڕەشکوژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

ڕاپۆرت ـ باشوری کوردستان

دەستکوژی ماموستا ئەمین مەحمود حەمەرەش { شەوی ٣١ / ٨ / ١٩٩٥} سەرۆکی بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان ، بەدەستی کۆمەڵێك چەکداری یـ نـ ک . هەڵبەتە وەك هەموو دەستکوژێکی یـنـک دوای بە دیل گرتن و کوشتنی ماڵەکەشی تالانکرا، هەوالی دەستکوژی مامۆستا لەلایەن کۆمەڵەی مافخوزانی مرۆڤ لەکوردستان{ بڵاوکراوەی ڕۆژی ١٢ / ٩ / ٩٥ } و چەندین ڕێکخراوی تر و کەسایەتی نیشتمانی بەرداد کرا. بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان لە هەمان روداودا ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی لەلایەن یـنـک چەککران ، لەوانە شەش کەسیان { وەتمان وەسو وەتمان ، مەولان محمەد شێخە ، عومەر حەمە عوسمان، عومەر ئەحمەد خدر ، سوارە بابەکر مەحمود ، محمەد ئەمین مەلا } تاوەکو گەیشتنی ئەم هەواڵە هێشتا لە زیندانی یـنـک دان.

شایانی باسە ڕۆشنبیرانی کوردستان { ڕۆژنامە نوسان: شوان مەحمود محەمەد ، ئازا حەسیب قەرەداغی ، رزگار شوانی ، ڕەئوف حەسەن ، ئارام ئیسماعیل ، عەباس شوان «نوسەر و ڕۆژنامەنوس. هونەرمەندان : عەلی خانەقینی ، ئاری بابان ، محەمەد سەدیق سەعید ، عەلی ئەحمەد جوڵا ، محەمەد فەتاح ، کرمانج فەرەج عەبدوڵا ، مەریوان جەلال. نوسەران : شێرزاد حەسەن ، محەمەد عومەر عوسمان ، سەلام مستەفا ، هاوڕێ محەمەد کەریم ، حەمە فەریق حەسەن «چیرۆکنوس» } لە نامەیەکی کراوەدا بەتوندی لە هەمبەر ئەو کارەساتە هەڵوێستیان گرتووەو داوای سزادانی تاوانباران و ئازادی دیلەکان دەکەن . کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان بە تەواوای ئەندامان ودۆستان و لایەنگرانیەوە دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ڕۆشنبیران و مافخوازانی مرۆڤ لە کوردستان .

١٢ حیزب لە باشوری کوردستان { حـ .زەحمەتکێشانی کوردستان ، یەککگرتووی ئیسلامی ک ، بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی ک ، حـ سۆسیالیستی دیموکراتی ک ، حـ . دیموکراتی بێت نهرین ، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەران ، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری ، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان ـ عیراق ، حـ . رزگاری کوردستان ، پارتی پارێزگارانی ک ، یەکێتی تورکمانانی ـ عیراق ، پارتی کاری سەربەخۆیی ک } دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستکوژی موحەمەد حەلاق و پانزە هاوڕێی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ، لەڕۆژی ٨ / ١١ / ١٩٩٥ بۆ لێکۆڵینەوە لەو کارەساتە دڵتەزێنە کۆبونەوە، وبڕیاری ڕسواکردن و بەرداد کردنی تاوانەکە، لیژنە یەکیان لە نوێنەرایەتی بە شدارانی کۆبونەوە پێکهێنا بۆ بەرداد کردن و ناساندن و سزادانی تاوانباران . کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتیدا تاوانی دەستکوژی موحەمەد حەلاق و پانزدە هاوڕێی پارتی کاری سەر بەخۆیی کوردستانی بەتوندی بەرداد کرد.

## هاریکاری نیشتمانی کوردستان

باشور ٢٨ / ١٠ / ١٩٩٥ ، حەوت پارتی باشوری کوردستان لیژنەیەکی هاریکاری نیشتمانییان پێکهێنا ، لیژنە کۆبنەوەیەکی ئارەزو مەندانەی کۆمەڵێك حزبە لەپێناو بەرگری کردن لەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستان ، خاوەن بەرنامەیەکی تایبەتییە لە دوانزدە خاڵ کە بەرجەستەی ئامانجەکانی : رزگارکردنی ئەزموونی کوردستان ، بەهێزکردنی گیانی فرەلایەنی ، زامنکردنی چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکان ، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ ، زامنکردنی مافی کەمایەتییەکان ، کارکردن بۆ روخاندنی رژێمی عیراقی ، دامەزراندنی حکومەتێکی ئیتلافی ، هەوڵدان بۆ سازدانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ، کارکردن بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمان ، دارشتنی دەستوری هەمیشەیی و تایبەت بە هەرێمی کوردستان ، گرنگی دان بە گیروگرفتی بژێو و ئاسایشی کۆمەڵایەتی جەماوەر و زامنکردنی ئازادی ڕێکخراوە پیشییەکان . لیژنە چەند دام و دەزگەیەکی بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی دیارکردوە، کە پێکهاتووە لە سەرکردایەتی سیاسی { لێپرسراوی یەکەمی هەر حزبێك یا جێگرەکەی یاخود ئەندامێکی نوسینگەی رامیاری } کارگێڕان: لە ئەندامانی نوسینگەی رامیاری پێکدێت، لیژنە : ڕاگەیاندن ، دارایی و پەیوەندییەکان، هەروەها لقەکانی لە پارێزگاکانی کوردستان دیارکردوە.

لیژنەی حەوت حیزبی ناوبراو برتییە لە{حـ. زەحمەتکێشانی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی کـ ـ عـ ، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری ، یەککگرتووی ئیسلامی کـ ، حـ. شیوعی کوردستانی ـ عیراق ، حـ . سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ، پـ . پارێزگارانی کوردستان } .

لیژنەی هاوکاری حەوت حزبی کوردستان چەند بانگەوازێکی بڵاوکردۆتەوە و چەند یاداشتێکیشی بە لایەنەکانی تری کوردستان داوە ، بەگەرمی کاردەکات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی لەبواری سەقامگیرکردنی ئاشتی و فریاکەوتنی پرۆسەی خوێندنی ساڵی نوێ .

شایانی باسە لە بواری خەباتی نیشتمانی کوردستان لە هەندەرانیش جموجۆڵێکی بەرچاو هەیە لەپێناو گەیشتن بەسازدانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان. کۆبونەوەی پارت و ڕێکخراو کەسایەتی نیشتمانپەروەر لە برۆکسێل هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو سازدانی کۆنگرە. ئەو کۆبونەوەیە کە دوو ڕۆژی خایاند نزیکەی پەنجا نوێنەری لە پارت و ڕێکخراو و کەسایەتی نیشتمانپەروەر بە یەکەوە کۆ کردەوە ، پێنج دانیشتنی تێدا ئەنجامدرا بۆ لێدوان لە سەر پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی و ستراتیژیەتی نیشتمانی کوردستان ، کۆبونەوەکە لەکۆتاییدا ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە { بڕوانە لاپەڕە ٩ } . لەهەمانکاتدا کۆبونەوە بڕیاری دا بۆ فراوانکردن و گەیشتن بەئامانج بەردەوامی بە کاروبارەکانی بدات .

سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای کوردستانی !!

جه واد مه لا

بڵاوگه ی کوردۆلۆژیا ١٩٨٥ له نده ن

# کوردستان

## نیشتمان وگه لێکی بێ ده وڵه ت

شێرکۆکۆیی

گۆڕینی له عه ره بییه وه بۆکوردی

## شۆڕشی شێخ سه‌عیدی پیران (١٩٢٥)

داستانی پڕ لەقارەمانی شێخ سەعید ، و شۆڕشە گەورەکەی لە دەورووبەری ئـامەد (دیاربەکر) وخەربوت لە ساڵی ١٩٢٥ ئامانجی سەربەخۆبوونی کوردستـان بوو ، شـێخ بڕیاری ئازادکردنی شاری ئامەدی دابوو بەو هیوایەی لەوێوە جاڕی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بدات ، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ، چونکێ بەچاکی خۆی بۆ ئەم کارە ئامادە نەکردبوو، هەتا دەزگایەکیشی نەبوو بۆ چاوەدێرکردنی جموجۆڵی دوژمن لە نێو شاردا ، بۆیە هێرشی لەشکری تورك کارێکی لەناکاو و پێشبینی نەکراوبوو، شۆڕش شکستی هێناو شێخ سەعیدیش دەستگیرکرا و لەگەڵ شەست وچوار لە سەرانی تری شۆڕشەکە فرمانی لە سێدارەدانیان درا ، لە نێوان ئەواندا ( دکتۆر فوئاد ) سکرتێری یەکەمی شیخ لە گەل سەید محمەد و باوکی شێخ عەبدولقادری نەهری و تێکۆشەری شۆڕشگێڕ (فەهمی لاچی) ............ یادیان بەخێر ، هەموویان شەهیدبوون .

شێخ سەعیدی پیران نمونەی کوردێکی شۆڕشگێڕی مەزن بوو ، لە هەڵسوکەتیدا لەگەڵ تێکۆشەراندا خاوەن روانگەیەکی نەتەوەیی بوو، لەگەڵ ئەوەی یـەك لە شێخە هەرە گەورەکانی رێبازی نەقشبەندی بوو لە کوردستان........ بەڵام ئەم نمونەیە روانگەی نەتەوەیی ئەومان بۆ رون دەکاتەوە :

( فەهمی لاچی یەك لە یارمەتیدەرانی شێخ سەعیدو دۆستێکی هەرە نزیکی بوو ، لەهەمانکاتدا فەهمی لەوانە بوو کە زۆر بایەخیان بە دین نەدەدا ، رۆژێکیان هەندێ کەس رەخنە لە شێخ دەگرن ، کە چۆن رێی تێدەچێ فەهمی لاچی کافر یارمەتیدەری بێ ....... شێخ سەعید وەڵامیان دەداتەوە :

فەهمی لە کافران کافر ترە ، لەبێدینان بێدین ترە ، لێ کوردێکی تابڵێی چاکە......... ئەوجا دەڵێ : ئەگەر مرد لەگۆڕستانی موسڵمانانی مەشارنەوە....... لەوەش زیاترم لەدەست نایێ ، لێپرسینەوەشی بۆخودا جێدێڵم ئەو باشتر سەرەدەری لەوگرفتانەدا دەکات )

هەستی نەتەوایەتی لەلای جەماوەر هێشتا نەخەملی بوو ، بۆیە کاتی شێخ لە بەردەم دادگە دەوەستێ ، دادوەر لێی دەپرسێ : بۆچی دژی حکومەتی تورکیا دەجەنگێ ، وەڵامی ئەو چ پەیوەندی بەگیروگرفتی کوردستانەوە نابێ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەو دەیزانی بەو وەڵامە چۆن ویژدانی گەلی کورد دەخرۆشێنێ ، کاتێ گوتە بەنـاویـانگەکەی بەروویان دادا ( دژتان دەجەنگم ، چونکێ کافرن ) ، شەهیدبوونی شـێخ و وتەکەی بـوونە هەوێنێ هەڵایساندنی شۆڕشێکی جەماوەری مەزن ، لەهەر لاوە خێڵەکانی کوردستان راپەرین ، هەتا ئەوانەی رۆژی لە رۆژان دژیشی بوون ....شـۆڕش سـەرتاپای کوردستانی لکێندراو بەتورکیای گرتەوە ، بەشـێوەیەکی لە یەکدی دابڕاو و سەرپێی و لە ئاکـامی کاردانەوەی جەماوەر بەرابەر بە شەهید کردنی شێخ سەعیدوهاوڕێیانی. ئەو راپەرینانە هیچیان سەرنەکەوتن ........ یەکێك لەوانەی کە هاوکاتی ئەم روداوانە بوو، بۆی گێڕامەوە :

( دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لـە هەر چیایەك و لەگشت دەڤەرێك شۆڕش و راپەرین بەرپابوون ، بەڵام جێی داخە کـە یـەك بەوەی دی نەدەزانی ، چ هاوکـاری و پەیـوەندی لە نێوانیان دا نەبوو ، ئـەوەش رێگـەی بۆ تورکان خۆشکرد یەك لەدوای یەك لەناویان ببەن . هەر بۆ نمونە یـەك لەو شۆڕشانە :

**شۆڕشی خێڵی مه رد یسی یه :**

دوای شەهیدبوونی شێخ سـەعیدی پیران، سەرانی خێڵی مەردیسیە کۆبونەوەو بڕیاریـان دا ، لە سـەر رێگەی شێخی شەهید ، شۆڕش بەرپابکەن، بەر لەوەی هیچ بکەن ، چونکێ سیخوڕێکی سەر بە تورك لـە کۆبونەوەکەیاندا بوو، دەستو برد هەواڵـی کۆبونەوەکەی گەیاند ، هەموویان دەسـتگیر کران لە نێوان ئەواندا سـەرۆکی مەردیسیە کان شوکرائاغا و تێکۆشەر عوسمان سەبری .........لەدادگەدا نـوێنەری گشتی دەیـان تومەتی دایە پاڵیان ، ئەوجا دادوەر پرسی : شوکری ئاغا ، نوێنەری گشتی تـۆ و هاوڕێیانت تاوانبار دەکات ، تۆ دەڵێی چی ، دەی بزانم بەرگری لە خۆت بکە ..........

شوکری ئاغا ، وتی : ئەوەی ئەو وتـی ، گوتاری نوێنەری گشتی نەبوو، بەلکو قسەو قسەلۆکی دوژمنانە بوو ، ئەگەر خەنجەرێکم بدەیتێ ئەوا دەزانم چۆن بەرگری لەخۆم دەکەم ، چونکێ ئەوە تەنیا وەڵامە کـە دوژمنان لێی تێدەگەن .

دادوەر ، وەڵامی دایەوە : شوکری ئـاغـا ئاگاداربە تۆ لەدادگەی ، نەك لە چیاکانـی مەردیسیە .

شوکری ئاغا و هاوڕێیانی هەر زوو زانـیان فرمانی هەڵواسینیان دەدرێت ، وەك هەموو ئەو کوردە شۆڕشگێڕانەی لـــــە ( دادگەی سەربەخۆیی تورکیا ) بەرداد دەکران، ئـەو دادگەیە ناویانگی بەشۆڤینییەت و بڕیـاری نـــاڕەوا و درندانە دەرهەق بە نـەتـەوەی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستـان دەرکردبوو. یەك لەناسیارەکانیان لەبەندیخانە سەردانیان دەکات، عوسمان سەبری داوای لێدەکات لە سەردانی داهاتوودا دەمانچەیەکی

بۆ بینێ تاوەکو ئەو دادوەرەی فرمانی لــە سێدارەدانی دابوون بکوژێ ، بەڵام شـوکری ئاغای مامی ئەوە بەچاك نازانی و، دەڵێ: ئێمە دەکوژن بەڵام تۆ ئازاد دەبی چونکــێ تەمەنت لە هەژدە کەمترە و یاسای فرمانی هەڵواسین ناتگرێتەوە ، بەڵام کە لە بەندیخانـە دەرچویت ، راسپاردەیەکم هەیەجێبەجێکردنــی بە تۆ دەسپێرم ؛ دەبێ ئەو سیخورە بکوژیت کە ئێمەی بەدوژمن فرۆشت . بەڵێ شوکری ئاغا و هاورێیانی بەسەربەرزی چونە بەرپەتی سێدارە و ئازادی کوردستان کەئاواتیان بوو دوا بانگەوازی ئەو نەمرانە بوو، عوسمان سـەبری تێکۆشەریش هەر دوای ئازاد بوونی بەئاشکرا راسپاردەکەی مامی بەجێگەیاند، ئەوسـیخورەی کوشت ،ودەستی چیای گرت وجارێ شۆرشــی دا ، بەڵام هەر زوو تێگەیشت ئیتر لە توانـای دا نییە بەتەنیا سەرکەوێ ، بۆیە روو دەکاتە بارزان دواتر دەچێتە سلێمانی لە گەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ مەحمودی حەفــید بۆ یەکخستنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردســتان گفتوگۆ دەکات ، بەڵام لە بەر زۆر هۆ نـاکاتـە ئامانج ، بۆیە دوویارە دەگەرێتەوە ناوچەکانی خۆیان دەبینی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە و ماوەی جموجۆڵ نییە ، ئەویش بە جێدێڵێ و روودەکاتە کوردستانی ژێردەستەی سوریـا و لەوێ بەشداری دامەزراندنی پارتی خۆیبوون و هەڵگیرساندنی شۆرشی ئاگریداغ ، بە سـەر کردایەتی جەنەراڵ ئیحسان نوری پادشا دەکات ، کە ئاڵای کوردستانی لەسەر بارەگەکــانی شۆرش هەڵکردبوو : رەنگی سور لە سەروو ، کەسك لە دامێن و سپی لـە نێوەند و خۆرێکی تیشکداریش لە نێوەراست ........

دوای ئەوە دەسەڵاتدرانی تورکیا داوا لـە دەسەڵاتدارانی فرەنسا دەکەن ( ئەو کاتە سوریا لە ژێر مانداتی فرەنسا دابوو) . عوسمان سەبری لەناوچەکانی سنور دوورخەنەوەچونکێ بۆ تورکیا جێگەی مەترسی یە ، دەسـەڵاتدرانی فرەنساش رەوانەی دیمەشقی دەکــەن . لەگەڵ ئەوەش ئاپۆسەبری لە جموجۆڵی خۆی ناکەوێو بەردەوام پەیوەندی بـەکوردستانەوە دەکات ، بۆیە تورکەکان داوا لەسوریا دەکەن دەری کات ، ئەوانیش رەوانەی دوورگــەی مەدغەشقەری دەکەن لەگەڵ خوشکەکەی و کورەکەی (وڵاتو) دوای دوو ساڵ لەهەوڵ و کۆششێکی زۆر دەگەرێنەوە سوریا . تاکو ئێستـەش هەرلـەوێ دەژیت و چەرمەسەری و گرتن وئازاری زۆری بەدەست دەسەڵاتدارانی فرەنسایی ، دواتریش سوریایی چێشتووە ، نـە هەوڵ وتەقەلای دمچەورکردنی توانیی بیبەزێنێ نــە تۆقاندن و هەرەشە لێکردنی . هــەر دەم سەرفراز و سەربەرز و خۆراگر بەسەری برد و هەتا هە تــایە نمونەی تێکۆشەرێکی کوردی خۆراگرە...... هەروەك لە دوایشدا پتر باسی دەکەین .#

هــاوکات لەگــــەڵ شــۆرشی هاووڵاتیانی کوردستان لە بەشە کوردستانی لکێندراو بە تورکیا ، دوا بەدوای یەکەم جــەنگی جیهانی شاڵاوێکی ترسناکی تۆقاندن و بیمو لەسەردان لــــە لایەن « دادگای سەر بەخۆیی » بەدناو پیادەکرا ، ســەرە رای کۆچپێکردنی دانیشتوانی ناوچەراپەریومکان، لە دەرەجەنگی دووەمی جیهانیدا بەشــــە کوردستانی ژێردەستەی تورکیا تازە خەریك بوو پشتی لە ژێر باری قۆناغێکی تاریکی تژی لەکۆمەڵکوژیو هەڵواسینو کۆچپێکردن راست دەکردەوە ، جگە لە دەستکوژی تێکۆشەران بە ئاشکرا و لە نێوەراستی شەقامەکاندا ، وەك تێکۆشــەر فائیق بوجاك و..... دەستکوژی ( وڵاتــو) کورە تێکۆشەرەکەی عوسمان سەبری لە ساڵی ١٩٧٠...... تاکو ئیمرۆش ئازادیخوازانی کوردستان لە بەندیخانەکانی تورکیا کاروان لەدوای کاروان لەسەریان دەدرێت ،لــێ خۆراگرو نەبەزانە بەرەنگاری داگیرکاری تورکیا دەکەن و نرخەکەشی هەرچەند بێت کۆڵنادەن .

لە کوردستانی خۆرئاوا ، بەشە کوردستانی بەزۆر لکێندراو بە سوریای دەستکردی دوای یەکەم جەنگی جیهانی ، هیچ کاتێك بارو دۆخ لە بەشەکانی دی چێتر نــەبووە ، ئەگەرچی لە سەرەتادا هێندێ مـــافی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لەوێ هەبوون ، وەك دامەزراندنی کۆمەڵی وێژەیی و یانەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و وەشاندنی گۆڤار و بڵاوکراوە ، کە بەناوبانگترینیان گۆڤــــاری هاوار ـــ بوو ، یانەی کوردستانیش بەناو و دەنگترین یانــەی کوردان بوو ، وڵاتپاریزی مــەزن عوسمان سەبری لە پێشــەوەی کارگێرانی ئەم جــۆرە جموجۆڵانە بوو، و مامۆســتــای زمانی کوردی بوو لەفێرگەی سەر بە یانەی کوردستان ........

بەناویانگترین کتابێك کە لەو ماوەیەدا بڵاو کرایەوە ، یەکەم دیوانی شاعیری ناودار جگەرخوێن بو، گرنگترین نوسینیش کتێبی « رێزمان » ی مامۆستا ( رەشید کورد ) بوون ، شاکاری ئەو نوسینانەی لە بارەی کێشەی کورد کــــە لە شێوەی هۆنراوە و پەخشان دا بە کوردی یەکی ساکار و رەوان و دەربڕ نوسرابێتەوە (باهوز ، دەردێن مە ، دیوانی هۆنراوەکانی مامۆستا عوسمان سـەبری بوون ، کە لە ئەوروپا بەناوی ( ئاپۆ- مام ) ئەو ناوەی کەلـە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریـدا مامۆستای پـێ ناسراوە ، بڵاوکرایەوە .

کاتێ فەرەنسییەکان سوریایان بەجێهێشت و سوریەکان فرمانیان گرتە دەست ، هەرچی یانەو کۆمەڵی کوردی و گۆڤارو رۆژنــامە هەبوون هەموویان داخستن ، هــەرچــی بڵاوکراوەو چاپەمەنی بوو لە بازارو مــاڵان دەستیان بەسەرداگرتن ،رامیاری پشتگوێ خستنی کوردیان گرتەبەر.... حاشایان لــە مافەکانی کورد کرد .

ئەفسەری جوامێری کورد حوسنی زەعیم لەساڵی ١٩٤٩ دا ، یەکەم کودەتــــای سەربازی کردو فەرمانرەوایی سوریای گرتەدەستو، بووە سەرۆك کــــۆماری سوریاو یەك لە سەرۆکەکانی خێڵی برازی کوردی ( حوسنی برازی ) راسپارد کابینە یەکی وەزارەت لەکوردولەو سـوریاییانەی دژی کورد نە بوون پێکبێنێ ، هەروەها مـــیـــر جەلادەت بەدرخانی راسپــارد دەسبــەکاربێت و بۆ دامەزراندنــی دەوڵەتێکی کوردی لە بەشە کوردستانی لکێندراو بە سوریا ، بکەوێتە جموجۆڵ ، و مافی پێداو دەســتی خستە دەستی و بەڵێنی دایێ :-

مە ترسێ و، دوو دڵ مەبە من سەرۆك کۆمارم ، لە گەڵ سەرۆکوەزیران لەسەر هەموو شتێ لە پێناو دامەزرادنی دەوڵەتێکی کوردی پێکهاتووین .......

لێ دیسا شنەی با بەدڵی سەپان هەڵــی نەکرد ، و سێ مانگی بەسەردا نەچوو ئەفسەرێك بە ناوی سامی حەناوی کودە تایەکی سەربازی ئەنجامدا و حکومەتە کوردییەکەی روخاند و سەرانی دەستکوژ کرد ،هیوای کوردیشی دامرکاندوە،هێـندەی نەبرد تێکۆشەر و قارەمان هەرشۆ برازی لەتۆڵەی سەرۆك حوسنی برازی ، سـامی حەناوی کوشتەوە ، لەساڵی ١٩٧٢ ئــــەو قارەمانەم لە بەیروت بینی .

ساڵی ١٩٥٨ سەردەمی یەکێتی سوریا و میسر بوو ، ئــــەو رۆژگارەی هەســتی نەتەوایەتی کورد لە ژێر فشاری رێـــبازی شۆڤینیستیورەگەزپەرستی پان عەرەبیزم دا بوو ، ناوی (کۆماری سوریا ) گۆرا بــە ( کۆماری عەرەبی یەککرتوو ) ، هـەروەك نە بەشێك لە گەلی کورد و نە پارچەیەك

لەکوردستان لە ئارادابێ. ئەفسەرانی کورد لە سوپا و فەرمانبەران لە سەرکارو هەر جێگەیەکی بەگرنگ دەزاندرا دوورخرانەوە لە نێوان ئەوانەدا ( ئەفسەری پایەبەرز تۆفیق نیزامەدین ، سەرۆکی گشتی فەرماندەی هێزەکان و مەحمود شەوکەت فەرماندەی بەرەی جەنگ و چەندانی تر . . . . . . . . )

لە تاوانە هەرە شۆڤینی وهۆڤیەکانی بەرێوەرێتی سیخورسازی سوریا لەسەردەمی یەکگرتندا لەهەمبەر هاوولاتیانی کوردستان کوشتارگەی شاری ( ئامودا ) بوو کە سێ سەد منالی کوردی تێدا بوون بە قوربانی لە کاتێکدا لە هۆلی سینەمایەکی گشتیدا لە دیار فیلیمێکی شۆرشی جەزائیر دانیشتبوون ئاگریان تێبەردان و هەموویان سوتاندن ئەم کارەساتە دڵ تەزینە لەسالی ١٩٦٠ دا بوو ، لە رۆژی ٢٨ / ئەیلولی / ١٩٦١ دا لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی سوریا لە میسر جیابووەوە باوانی ئەو سێسەد منالە داوایەکیان پێشکەش بەدادگا کرد ، بەو ئامانجەی تاوانباران سزا بدرێن . تاوانباران خرانە بەردەم لێپرسینەوە ، ئەوانە هەموویان لە سیخورانی سوریا بوون لە دادگەدا وەلامیان ئەوە بوو :

کە ئەوان فەرمانبەری حکومەت بوون لەوە بەولاوە کە فرمانی دەوڵەتیان بەجێگەیاندووە شتێکی تریان نەکردووە ، قازی دەوڵەت جاری بێتاوانی ئەوانەیدا ، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە دەوڵەتی سوریا لە سەر رێبازی رامیاری دژایەتی کردنی هاوولاتیانی کوردستان وتواندنەوەیان بەردەوام دەبێ.

سەرەرای دەرکردنی ئەفسەرانی سوپاو قەدەغەکردنی خوێندنی قوتابیانی کورد لە فێرگەی مامۆستایان و کۆلێژی سەربازی ئەو حکومەتەی دوای یەکگرتنی سوریا و میسر فرمانی گرتە دەست پتر پێی شۆڤینییەتی لێ هەڵبرێ و لەسالی ١٩٦١ دا یاسای نوێی ( ژمارە ٩٣ ) ی داهێنا بەگوێرەی ئەم یاسایەلە٢٣/ ٨/ ١٩٦٢ دا سەرژمێریکی نا ئاسایی پارێزگەی جەزیرە ( حسکە ) ی کوردستانی بە زۆر لکێندراو بە سوریا کرا ، لە سالی ١٩٦٣ حکومەتی سوریا یاسای چاك کردنی کشتوکاڵی پیادەکرد ، و ئەنجامی ئەو سەرژمێرەی خستەکەر ، کە هەموو سوریای گرتەوە تەنیا ناوچەکانی کوردستان نەبێ ، لە جێبەجێ کردنی ئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرە گەلێك بە پەلە بوون ، لە ئاکامدا لە مێژووی ١٠/٤/١٩٦٦ دا ناوی دە هەزار هاوولاتی کورد لە تۆمارەکاندا بزرکرا ئەوانە بێ ناسنامەی سوریایی مانەوە زۆربەیان دانیشتوانی سەرسنورە دەستکردەکەی سوریا ، عیراق و تورکیا بوون ، ئەو سنورەی کە حکومەتی سوریا پرۆژەی شۆڤینی پیشتێنی عەرەبی تێدا بەجێ دێنێ بەو ئامانجەی بەشە کوردستانی ژێر دەستەی خۆی لەهەردوو بەشی عیراق و تورکیا دا ببرێ ، بە نیشتەجێ کردنی عەرەب لە ناوچەکەدا بە درێژایی ٣٧٥ کم و بە پانی ١٥ کم ، هەر لە شارۆچکەی رەئسولعەینـەوە تاکو تەلکۆچك .

بەڵێ یاسای چاکردنی کشتوکاڵ پیادەکرا بەلام ناوچەی کوردستانی لێ بێبەش بوو چونکێ دانیشتوانی بێ ناسنامەبوون . بەم شێوەیە زەویوزارێکی زۆری ئاغاکان دەستی بەسەرداگیرا ، بەلام بەسەر جوتیارانی کوردستاندا دا نە بەشرایەوە چونکێ ئەوان مافی خاوەنداریەتی زەویان نییە ! لە بەر ئەوەی بێ ناسنامەن .

لە سەرەتای سالی ١٩٦٧ دا فرمانرەوایی سوریا دەستی دایە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پرۆژە شۆڤینییەکەی ئەوە بو بە زەبری چەك پەلاماری گوندەکانی کوردستانی دا بەنیازی تۆقاندنی هاوولاتیانی ناوچەکەو دەپەراندنیان و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە زێدی ئەواندا .

هێرش کرایە سەر گوندی ( عەلی فەرو ) ی خۆراگرێ هاوولاتیانی ئەو گوندە رووبەرووی سیخورو پۆلیس بوونەوە و لە بەردەم زرێپۆشەکاندا خۆیان بە زەویەوە نوساند و هاواریان دەکرد : بمان کوژن ، بمان برن خاکی خۆمان جێناهێلین . . . . دەسەلاتدرانی سوریا پتر لە سەد هاوولاتی ئەم گوندە خۆراگرەیان گرت ، کە زۆربەی ژن و منال بوون ، بە لێدان و کوتان و قۆنداغە تەفەنگ وکوتەکی شۆڤێنیستی عەرەبایەتی بەسەر وچاو ولەشی خوێناوییەوە بۆ گرتوخانەی حەسکە یان راپێچان . حکومەت لە بەردەم جەماوەری خۆراگری کوردستان ناچار پاشەکشەی لێ کرد .

ئەوجارە بەشێوەیەکی ترکەوتنە جێبەجێ کردنی پیلانی پشتێنی عەرەبی ، ئەویش بە نیشتەجێ کردنی عەرەب لەناوچەکەدا ، لە گوندە نمونەییەکانیاندا . لە پاڵ هەر گوندێکی کوردستاندا گوندێکیان قێت کردموو زەوی جوتیارە کوردەکانیان بەسەردا بەشینەوە ، ئەم گوندانە لەهیچیان کەم نە بوو ، ئاو ، ئەلەکتریك و راژەکۆمەلایەتییە ژیارییەکان و هەرچی پێداویستی ژیانی ژیانی سەردەم هەیە بۆیان مسۆگەر کرا ، بەرابەر بەوەش گوندەکانی کوردستان لەهەموو شتێ بێبەش بوون ، سەرەرای ئەوەی ئەو عەرەبانە چەکدار دەکران و سەربازیشیان نەدەکرد چونکێ دەوڵەت وا تەماشای ئەوانەی دەکرد لە هێلی پێشەوەی بەرەی جەنگدان دژ بە ئیسرائیلی دووەم ( عەرەبە شۆڤێنیستەکان وا بەکوردستان دەڵێن ) . . . . . . . . ئایا بەراست کوردستان ئیسرائیلی دووەمە ؟ یا ئەوانن بەهەڵوێستی شۆڤێنیستانەیان دەیانەوێ کارەساتی فەلەستینێکی تر دروستبکەن ؟

ئا بەم شێوەیە لەسالی ١٩٦٧ بەدواوە هاوولاتیانی کوردستان لە ناوچەکانی خۆیاندا بێ زەوی و ناسنامە مانەوە ، لە پێناو پەیداکردنی پارووی نان ، بێ هەراوهۆریا و بە ناچاری ، پەیتا پەیتا خاکی باوك وباپیرانیان جێدێڵن .

دوابەدوای رووداوەکانی گوندی( عەلی فەرۆ )ی خۆراگر جەماوەری کوردستان بە شێوەیەکی بێوێنە خرۆشان . بانگەوازی مانگرتنی گشتی بلاوکرایەوە و دەیان بلاڤۆك دەرچوون کە هەموویان دژی رێبازی شۆڤێنی دەسەلاتی سوریا بوون . . . . . .

دەسەلاتی ئاسایشی سوریا کەوتەسەرکوتکردنی ئەو راپەرینە جەماوەرییە و دەستی کرد بەگرتن و ئازاردانی تێکۆشەران لەپێشەوەی هەموان تێکۆشەر عوسمان سەبری ( ئاپۆ ) منیش لەگەڵ ئەواندا گیرام .

لە سەرەتای مانگی ئۆگۆست رژێمی سوریا هەنگاوێکی تری نا بەمەبەستی بە یەکجاری سرینەوەی شوێنەواری کورد لە ناوچەی پشتێنی عەرەبی ، هەرەشەی لە دانیشتوانی ناوچەکەکرد کە پێویستە لەماوەی مانگێکدا چۆلی کەن ، بەکۆتایی هاتنی مولەتی مانگەکە رۆژی ٢٢/٩/١٩٧٢ رۆژنامەی (سەورە) ی دیمەشقی رایگەیاند؛ کە ماوەی کۆچپێکردنی ئەو تورکانەی لە ولاتدا دەژین تا سەری مانگ درێژ کرایەوە . دیارە لەوەدا بەمەبەست پشتگوێ خستنی تەواوەکی بوونی کوردبوو ، بەئامانجی راگوێزانیان . هەر بەو مەبەستەش لە هەمان رۆژنامەدا وەزیری ناوەخۆی سوریا ، وەك رژێمی فاشستانەی تورکیا ، لە وتەکانی خۆیدا کوردی بە تورك ناوزەد کردبو ، وەك چۆن رژێمی فاشی تورکیا تاوەکو ئیمرۆ پێمان دەلێ تورکی چیایی . بۆ درێژە پێدانی ئەم رێبازە دەسەلاتدارانی سوریا دەیان دوکانی شاریقامشلیان داخست . بە بیانووی ئەوەی کەخاوەنەکانیان بێ ناسنامەن . دوای ئەمەش لە حوزەیرانی سالی ١٩٧٢ دا کەوتنە دابەشکردنی بژێونامە ( ئازوقەنامە ) لێ ئەو

دەهەزار کوردەی کە ناسنامەیان نەبوو لەوەش بێبەش کران تاوەکو باری ئابوریان هێندە ناهەمواربێ ناچارین ناوچەکە جێبێلن. هەر بەمەبەستی بە عەرەب کردنی کوردستان ناوی گوندەکانیشان گۆڕی (دێریك ، تەلکۆچك ، چل ئاغا ) بوون بە ( المالکیه ، العربیه ، الجوادیه ) ، دەیان یاسای شۆڤێنیستانەی تریان داهێنا کە هەمووی دژی ئەو کوردانە بوون کە لە ناسنامە بێبەشکرابوون هەتا ئەوانەی ناسنامەشیان هەبوو بە هاوولاتی پلەی دوو مامەلە دەکران. ئەوجا دوای هەموو ئەوە کەوتنە کرینی دەرون نەخۆشان و چەند رێکخراوێکی کارتۆنیان پێکەوەنا ، رێگەی ئەوەشیان پێدابوون خۆیان لە شتی زۆر بێنرخ هەلقورتێن ورەخنە لەو شتانە بگرن کە هیچ پەیوەندییان بە کێشەی کوردەوە نەبوو ، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەبوو لە رێگەی ئەو راپۆرتانەی لە لایەن ئەم رێکخراوە کارتۆنیانەوە دەگەیشتن ،لاوانی کوردستان بێننە ژێر رکێفی خۆیان و چاوەدێری جموجۆلیان بکەن ، بەرامبەر بەوەش موچەی چاکیان بۆبرپبوونەوە .

سیاسەتی شۆڤێنی دەولەتی سوریا لە بەرامبەر کورد مایە پوچ دەرچوو ، گرتن و لێدان وسەرکوتکردن دادی ئەورێبازەی نەدان و لە بەرابەر دلێری و خۆراگری جەماوەر هەرەسی هێنا . بە پێویستی دەزانم لێرەدا چەند نمونە بێنمەوە :

لە سالی ۱۹۷۰دا دەسەلاتدارانی سوریا تێکۆشەری کورد ( میرۆ دەهام ) و دەیان لە هاورێیانییان گرت بێ بەرەدادکردن لە زیندانیان پەستان ، پاشان لەبەر پیری حاجی دەهامیان بەردا بەلام هاورێکانی تا ئیمرۆش هەر لە زینداندان ، ئەو دەسەلاتدارانەی کاری رۆژانەیان کوشتنو برینی کوردە لەبەشەکوردستانی بندەستی سوریا ، لەهەمانکاتدا میوانداری کورد دەکەن و هۆلی کۆبوونەوەیان بۆ دەرازیننەوە و بارەگەکانیان بە ئاشکرا لە شارەکانی سوریا دەرگەیان لە سەر گازەرەی پشتە و لە چاکترین هۆتێلی دیمەشق دایاندە بەستن !!!

چیتر درێژە بەو باسە نادەم با خوێنەر خۆی سەرنجی بارەکە بدات و بڕیاری خۆی بدات.

ئەو رژێمەی پێنج قوتابی لە شاری قامشلیدا بۆ ماوەی دوو سالان لە زیندان توند کرد لە سەر هیچنا ، هەر لەسەر ئەوەی رۆژی ۸/ ئازاری/۱۹۷۲ لە ئاهەنگی دامەزراندنی پارتی بەعسدا هوتافی (بژی برایەتی کورد وعەرەب )یان کێشابوو ! ئا ئەو رژێمە هەر هێندەی پێدەوێ پیرۆزبایی لێ بکرێ کەوا بەبرایەتی و دۆستایەتی گەلانی تر قایل نیە !! .

لە بیرمە سالی ۱۹۶۹ لە هۆلی دادگەی ئاسایشی دەولەتدا لە دیمەشق لە دادگە کردنی تێکۆشەر ئاپۆ عوسمان سەبری ئامادەبووم ، من گەواهی ئازایەتی و دلێری و چاونەترسی بێسنوری ئەو تێکۆشەرەم ، هەلبەتە ئاپۆ ئەم هەلوێستەی لە شوکری ئاغای مامی بۆ ماوەتەوە . کاتێ داواکاری گشتی لێی پرسی :

– پلە و کاری تۆ لە پارتیدا چییە ؟

ئاپۆ بەسەری دا نەڕاند :

– ئەز سەرۆکی حیزبم !!

داواکاری گشتی هەلساوە سەرپێیان و کوڵە مستێکی بەمێزەکەی بەردەمیدا کێشاو وتی :

– تاوەکو ئێستەش هەر سەرۆکی......

( مەبەستی ئەوەبوو لە بەردەم ئێمەدا چۆن قسەی وادەکەی . بەبێ ئەوەی داواکاری گشتی بزانی کە ئاپۆ هەرگیز لە بەردەم کەس دای نەهێناوە ).

ئاپۆ ، دیسا وەلامی دایەوە :

– بەلێ هەنوکەش هەر سەرۆکم !!

پێش ئەوەی دادگەری دەستپێبکات ، نوێنەرانی دەولەت هاتنە لای ئاپۆ وتیان :

– ئێمە باوەڕمان بەرەوایی کێشەی کورد هەیە بەلام چەند کەسێك هەن لە لێپرسراوانی دەولەت کە رایان وەك ئێمە نییە . ئێمە هاتووین داوات لێبکەین بیان بینی و باسەکەیان تێبگەینی ، ئاپۆ ، وەلامی دانەوە :

– گەر ئێوە بەراستی باوەڕتان بەرەوایی کێشەی کورد هەیە ، ئەوا خۆتان لە من پتر لێیانەوە نزیکن ، بڕۆن خۆتان هاورێیانتان تێبگەیەنن ! دیارە ئەو پێشنیارەی ئەوان بە مەبەستی دامرکاندنەوەی هەلوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی ئاپۆ بوو .

* * * *

لە باشوری کوردستاندا لە ئەنجامی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و بارزان ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی بەشێوەیەکی دیار پێشکەوت ئەمەش بووە هۆی سەرهەلدانی بنکەی خەباتی رامیاری . لە ٦ ی ئەیلولی ۱۹۳۰ دا بۆیەکەم جار لەکوردستاندا ، لە شەقامەکانی شاری سلێمانیدا خۆپیشاندانێکی نیشتمانی سازکرا .

هەروەها کودەتای سەرۆکی لەشکری عیراق ئەفسەری کورد بەکر سدقی ، لە سالی ۱۹۳٦دا زۆرکاری لە رۆشنبیران کرد ، لە راستیدا کودەتاکەی شۆڕشێکی کوردی بوو ، ئەو بوو فرمانی دا بە گواستنەوەی چەك و جبەخانەکانی لەشکر لەخوارووی عیراقەوە بۆ باشووری کوردستان هەروەها پەیوەندی بەلێهاتووترین ئەفسەرانی ئەلمانی کرد بۆ دانانی نەخشەی بەرگری کردن لە کوردستان. لەسالی ۱۹۳٦دا قوتابیانی عەرەبی عیراقی لە کۆلێژی سەربازی وەرنەگیران ، بەلکو تەنیا قوتابیانی کورد لەوانەی لە خوێندن پێشکەوتبوون وەرگیران ، جگە لە هەول و کۆششی بێوچان بۆ ئامادەکردن و دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ ، بەداخەوەکە پیلانی لە ناوبردنی کۆتایی بە گشت تەقەلای ئەوکەلە پیاوە هێناو لە شاری موسل بەرلەوەی ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ دەستکوژکرا .

ئەم بەرەو پێشەوەچونانە رۆلێکی گرنگیان لە هاتنەکایەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان –ئێران ۱۹٤٦ ، و پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق ۱۹٤۷دا بینی ، هەربەهەمان ناو لە بەشەکانی تری کوردستان لە پەنجاکانو شەستەکاندا رێکخراوی تر هاتنە کۆڕی خەبات .

ئەم بەرەوپێشەوەچونە بوە هۆی سەرهەلدانی پارتی ( ژ-ک) لە سالی ۱۹٤۲ بەبیروباوەڕی کوردایەتی خوازانەی هاوولاتیان کە کوردستانێکی ئازاد و یەکبووە . لە سالی ۱۹۵۹ پارتی کاژێك هاتەکایەوە و لە سەر رێبازی ( ژ.ک ) و بنچینەی فەلسەفەی رزگاریخوازی لە کتێبێکدا دارشت بەناوی {کاژێکنامە}.

هەموو ئەم هەنگاوانە کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لە هەلایرساندنی شۆڕشی ۱۱ ی ئەیلولی ۱۹٦۱دا ، ئەو شۆڕشەی دەنگدانەوەیەکی مەزنی لەویژدانی هاوولاتیانی گشت پارچەکانی کوردستاندا هەبوو، بەتایبەتی دوای پەیمانامەی ۱۱ ی ئازاری ۱۹۷۰ ، کە بووە هۆی هاتنەکایەی چەندین پارت و رێکخراوی دی لە هەر دوو بەشە کوردستانی داگیرکراوی تورکیا و سوریا ، هەروەك چۆن هەرەسەکەشی لە ئازاری ۱۹۷۵ بووە هۆی

سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراووپارتی جیاجیا لەباشورو خۆرهەلاتی کوردستاندا ،لەراستیدا تێکۆشانی چەکدارانەی شۆڕشی ١١ ئەیلولی ١٩٦١ کە چواردەساڵ درێژەی کێشاو تژی بوو لەسەرکەوتنی سەربازی بێهاوتا ، بووە هۆی ناساندنی گەلی کورد بەگەلانی جیهان ،سەرەڕای خرکردنەوەی سەرجەمی توێژەکانی گەلی کورد لە دەورەی خوێدا( ) پێویستە وەك قۆناغێك بایەخی پێبدەین ، بەتایبەتی هەرەسی کتو پڕی ئەو شۆڕشە لەساڵی ١٩٧٥ ، وەك بابەتێکی سەربەخۆ شیکەینەوە ، تاوەکو جەماوەر بە تەواوی لە راستی ڕووداوەکان بگات.

## شۆڕشی ١١ی ئەیلول هەڵسەنگاندی قۆناغەکەی

لە دوای کودەتای ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٨ گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا لە ئۆتۆنۆمی پتری پێبرا ، چونکی لە خاڵی دووەمی دەستوری عیراق دا ئەوە تۆمارکرا کە عەرەب و کورد لە نیشتماندا هاوبەشن ، شیکردنەوەی یاسایی هاوبەشی یانی سەر بەخۆیی تەواوی هەردوو لا ، بەشێوەیەکی تر هەریەك لەو هاوبەشانە مافی ئەوەی هەیە کۆتایی بەهاوبشکی لە گەڵ لایەکەی تر بێنێ ، هەر کاتێ دیتیان ئەو هاوبەشییە لەگەڵ بەرژەوەندیو سەروەرێتی خۆی ناگونجێ.لێ ئەوانەی نایانەوێ چارەی سەربەخۆی کورد بەدیکەن پێنوسە بەکرێ گیراوەکانیان خستەکار ، بۆ راستکردنەوەی حکومەتێ عیراق دژی بزووتەوەی « جودا خوازی » کورد ، و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراق بەرێگەی پشتگوێ خستن و تواندنەوەی گەلی کورد لەبۆتەی پانعەرە بیزم « امە – ئومەی »ی عەرەبی ، نەك بەرێگەی دانان بەمافە رەواکانی ، ئەوەش زۆری کارکردە سەر عەبدولکەریم قاسم و لە ژێر کاریگەری پڕ لەرق و کینەی ئەم جۆرە بۆچوونانەدا لە چەندین وتار و گوتاردا هەوڵیدا رای گشتی بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی ( کە بنەچەی کورد عەرەبە ).

چەند دەربەگێکی کوردیش لەوانەی بەهۆی یاسای چاکردنی کشتوکاڵ زیانیان لێ کەوتبوو پشتگیری ئەم هەڵویستەیان کرد و دەست و برد کەوتنە بەربەرەکانێی حکومەتی عیراق ...... حکومەتی قاسمیش لەلایەن خۆیەوە داواکاریو پێشنیاری بزووتنەوەی کوردی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە لەرێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن دایەدواوە و بە زەبرو زەنگ کەوتە تۆقاندن و سەر کوتکردنی بزووتنەوەکە. لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١دا قاسم دەستی دایە پەلاماردان. گەلی کورد ناچار بوو دەستداتە چەك و بەرابەر شاڵاوی سەربازی قاسم بەرگری لە بوون و مافی خۆی بکات،

جەنگ لە نیوان پێشمەرگە و لەشکری عیراقی لە ١١ ئایلولی ١٩٦١ دەستپێکرد ، دیارە هاوسەنگی لە نێوان ئەم دووهێزەدا نەبوو ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە کەمتر لە پێنج هەزار پێشمەرگەو کۆنە تفەنگەوە نەی توانی بەرەنگاری هێرشی سێ هەزار سەربازی چەکدار بەتانك، تۆپ ،رۆکێت ،جبەخانەی سەربازیو فرۆکە بێتەوە ،بۆیە لەسەرەتادا هێزەکانی حکومەت توانی یان پاشەکشە بە پێشمەرگە بکەن ، کە کێشایانەوە بۆ نێو چیاکان ، زیانێکی مەزنیشیان پێکەوت. لەشکری عیراقی کەوتە تۆقناندن و سەرکوتکردنی هاووڵاتیانی بێچەك بەو ئامانجەی ورەی گەلی کورد بروخێنێ. بەکۆمەڵ گرتن و گوللە بارانکردن بەبیانووی پشتگیری و یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە دەستپێکرد ، هاوکات لە ئاسمانیشەوە فرۆجەنگیەکانی رژێم گوند و لادێی کوردستان یان دابێژت، پیر ، مناڵ و ژن کەوتنە بەرئاگری بۆمبا و تەڕ و هیشك بە یەکەوە ئاگری تێبەربوو، سێ سەد گوندی کوردستان کاول بوون و پتر لە سێ سەد هەزار هاووڵاتی کوردستان بێماڵ و حاڵ مانەوە .

بەلام سەرکەوتنی لەشکری عیراق کاتی بوو. مانگێکی نەبرد بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەباشوردا بووە خاوەنی هێزێکی پێشمەرگە ،کە خۆی لە سی هەزار جەنگاوەر دەدا ، ناچار لەشکری عیراقی لەبەرابەر هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانەی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا گرتبوونی چۆلی کردن ، لە بەهاری ١٩٦٢ دووبارە هێرشێکی گەورەی نوێی یان بۆ سەر کوردستان دەستپێکردەوە ، ئەو هێرشە بە تەواوی شکا ، هێزی پێشمەرگە کەوتە پەلاماردان و راونانی لەشکری عیراقی .

لە شوباتی ١٩٦٣ پارتی بەعس کودەتایەکی سەربازیان دژی کەریم ئەنجامداو لە دەی حوزەیران بە عسییەکان دەستیانکردەوە بەجەنگ و پەلاماردانی کوردستان .

کۆمەڵێکی تری ئەفسەرانی عیراق بە سەر کردایەتی عەبدولسەلام عارف ناکۆکی نێوان بەعسییەکانیان قۆزتەوەو لە ١٨ تشرینی دووەم کودەتایەکیان ئەنجامدا ،دوای تەقەلادانێکی بێهودە بۆ زاڵ بوون بەسەر کوردا ناچار ملیان داو رێکەوتنامەیەکیان لەگەڵ سەر کردایەتی شۆڕش ئیمزاکردو جارێ ئاگربەستیان دا . بەلام لەباتی ئەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکەن ، تەنی برگەیەکی ئاڵۆزو لێلیان خستە سەر دەستوری کاتی و لە ٤ ی ئایاری ١٩٦٤دا بلاویان کردەوە ، کە گشت نەتەوەکان یەکسانن ، وەك هەموو جارێ دوای ماوەیەك پشودان دووبارە پەلاماری کوردستانیان دایەوە. لە رۆژی ٤ ی نیسانی ١٩٦٥ دا هێرشی سەربازی حکومەتی عیراق بۆ سەرکوردستان دەستپێکردەوەو تا ئەو رۆژەی حکومەتەکەی عەبدولرەحمان بەزاز بەرنامەی چارەسەری ئاشتیخوازانەی لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا لە ـ ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ دا ـ لە رادیۆ بلاوکردەوە نەوەستا. ئەوەش دوای هەوڵدانێکی سەر بازیانەی سەرنەکەوتووی حکومەتی عیراق( ) و تەقەلایەکی رامیاری و پلانێکی گەورە بوو بۆ تێکدانی ریزەکانی شۆڕشی کورد .

حکومەتی تایەریەحیا ش کە لە دوای جەنگی ٥ ی حوزەیرانی عەرەب و ئیسرائیل دروست بوو، وای بلاوکرەوە کە ئامادەیە رێکەوتنامەکەی ٢٩ حوزەیران جێبەجێ بکات، بەلام ئەمیش وەك حکومەتەکانی تر بەردەوام بوو لەهەوڵدان بۆ پێشێلکردنی پەیمانامەکە.

لە ١٧ تەممووزی ١٩٦٨ جارێکی تر بەعسییەکان کودەتایەکی سەربازیان کردو عەبدولرەحمان عارفیان لادا و ئەحمەد حەسەن بەکر دەسەلاتی گرتەوە دەست ، دوای ئەوەی حکومەتی عیراق نەیتوانی لەرێگەی سەربازی چارەسەری گرفتی کورد بکات ،ناچار ملی داو بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ ی لەگەڵ شۆڕشی کورد ئیمزا کرد ،کە بریتی بوو لە مافی ئۆتونۆمی و جێبەجێکردنی لە بواری قۆناغیکی چوارساڵیدا ، ئەم ماوە درێژە بەڵگەی نیازی گڵاوی حکومەتی عیراقی بوو بەرابەر بە کورد. بۆیە هەرگیز لە بەرپاکردنی پیلان دوای پیلان زێتر هیچی تریان ئەنجام نەدا . لە سەروبەری کۆتایی هاتنی قۆناغی چوارساڵەدا حکومەتی عیراق لەسەر ئاستی سەربازیو رامیاری وجیهانیدا بە تەواوی خۆی گرتبووو ئامادەبوو دەست لەشۆڕشی کورد بووەشێنێ، لە لایەکی دیکەوە زۆر ئامانجی پێکابوو ، وەك لاوازکردنی هێزی شۆڕش و دوورەپەرێزکردنی

شۆڕش لە سەر ئاستی ناوچەکە وجیهاندا و دابڕینی لەو هێزانەی پشتگیریان دەکرد. بە کۆتایی هاتنی قۆناغی چوار ساڵە ،لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ حکومەتی بەعسی عیراقی یاسای ئۆتۆنۆمییەکی کلکوگوێبڕاوی بڵاوکردەوە ،سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش لە لایەن خۆیەوە یاساکەی دایەدواوە.جەنگ لە ئازاری ١٩٧٤ دەستییێکردو تا ئازاری ١٩٧٥ بەردەوام بوو. کاتێ حکومەتی عیراقی دڵنیا بوو ئەو جەنگە بێهودەیە، لەگەڵ ئەوەی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتی بەستبوو ، خۆی خستە باوەشی خۆرئاوا و کەرامەتی (گەرهەیبێ) خۆی ژێرپێنا تەنیا لەپێناو یەك شتدا ئەویش خنکاندنی دەنگی کورد بوو کە تەنیا داوای مافی رەوای خۆی دەکردو هیچی تر .

بەم شێوەیە رژێمی عیراق رێکەوتنامەیەکی ناپاکانەی لە جەزائیر لەگەڵ شای ئێرانی گۆڕبەگۆڕ موحەمەدی رەزا پەهلەوی لە٦ی ئازاری ١٩٧٥ دا مۆرکرد ، کە بەگوێرەی ئەو پەیمانامەیە هەرچی داخوازی ئێران هەبوو جێبەجێی کرد ، جا ئەو داخوازیانە لەسەر ئاستی ( کێشەی کورد یا عیراق یا عەرەب بوبێ) هەر لە پێشکەش کردنی ناوچەی چیایی وستراتیژی لە کوردستان تا بەخشینی خاکی عەرەبستان و بەدەستەوەدانی سەر کردەکانی بەرەی رزگاریخوازی عەرەبستان کەپەنایان هێنابووە بەر بەغدا ، تاوەکو واڵا کردنی رێگەر بۆ ئێران لە هاتنە نێو ناوچەی کەنداو و داگیرکردنی چەند دوورگەیەك لەو ناوە ، هەموو ئەوە بەرابەر بەوەی شۆڕشی کورد لەلایەن عیراق، ئێران و تورکیا گەمارۆ بدرێت، بێگومان لەگەڵ بەردەوام بوونی پشگیری وکۆمەکی سۆڤیەت .!!

لەهەمبەر ئەم بارەدا سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی لکێندراو بە عیراق جاڕی وەستانی دا ، وای بڵاوکردەوە کە شکستە کە ئەنجامی تێشکانی سەربازی نەبووە بەلکو لە ئەنجامی تێشکانی رامیاری و پیلانێکی نێودەوڵەتی گەورە بووە .

ئەم پیلانە گەورە بووە هۆی دامرکاندنەوەی شۆڕش ، بەڵام سەرەڕای کۆمەڵێك هەڵەو کەموکوڕی سەرکردایەتی شۆڕش ، ئەو شکانە ئەستۆی هەموو کوردێك دەگرێتەوە لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی کە گەورەتر و بەرپرسیارتر گوناهی پترە. ئەگینا چۆن دەتوانین وەستانی کتوپڕی ( بیستو چوار کاژمێر) ئەو شۆڕشە گەورەیە بشیکەینەوە کەتوانی ماوەی چواردە ساڵ لەهەمبەر جۆرەها هێرش و پیلان خۆی بگرێت ، بێگومان قۆناغی داهاتوو یاسەر کردەکانی قۆناغی داهاتوو دەبێ تیپەکان سەروبۆرکەن، بۆیە ئێستە لەم قۆناغەدا تەنیا دەکرێت ئەو خاڵە لاوازو هەڵەو کەموکوڕی یانەی کە لەگەڵ سەرهەڵدان و بەردوام بوونی شۆڕش لە کایەدابوون و رۆڵی گرنگیان گێڕا لە گەیشتن بەو ئەنجامە، پەنجەیان بخرێتە سەر .......

شکست و دامرکانی ئەو شۆڕشە پێویستی بەدانوستاندن و پێداچونەوەو دەمەتەقێ و ئەوجا لێپرسینەوە ، دواتریش هەڵسەنگاندنیکی ئاشکراو چاونەترس و نوێ هەیە هەر لە رەگەوە ( * ) .

شۆڕشی ١١ی ئەیلول بە بێ نەخشە کێشان پێش دەستپێکردنی هەڵگیرسا ،بەهۆی ئەوەی حکومەتی عیراق جەنگی بەسەر کوردا سەپاند ، بەڵام بەدرێژایی ١٤ساڵەی تەمەنی ئەو شۆڕشە هەرگیز سەرکردایەتیەکەی هەوڵی نەدا بەرنامەیەکی نیشتمانی سەرتاسەری دارێژی ( بەر لە سەدوپەنجا ساڵ میر موحەمەدی رەواندز کارگەی تۆپی دامەزراند لەگەڵ ئەوەی کەشۆڕشەکەی ئەو تەنیا چوار ساڵی خایاند ).سەرەڕای ئەوەی شۆڕش داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد ئەوەش خۆی لەخۆیدا کوشتنی گیانی کێشەی کوردو شۆڕشەکەی بوو ، کە وای لە نوسەری فەرەنسی بەناوبانگ ( کریس کۆتشێرا ) کرد لە کتابەکەیدا « بزووتنەوەی نیشتمانی کورد »دەربارەی رامیاری پارتە ئۆتۆنۆمیخوازەکانی پارچەکانی کوردستان هەر یەك بە تەنیا و لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتانی تردا ، بڵێت: « ئەگەر کوردەکان بەم شێوەیە ، وەك راستییەکی رەها ئەم پەیوەندییەی نێوان زۆردار و زۆرلێکراو بسەلمێنن ، ئەو سەلماندنە بەسە بۆئەوەی نیوەی ململانێ یەکەیان بدۆڕێنن » .

ئەوەشی بێتەسەر کە هەوڵدانی سیخوڕانی عیراق بەهاوکاری ساواك و میتی تورکیا و سیخوڕانی سوریا چەند پیلانێکیان سازدا بەئامانجی دروستکردنی چەپەرێکی دەرونی (سایکۆلۆژی) لە نێوان شۆڕش وجەماوەری کوردو داپچڕینی لە بەشەکانی تری کوردستان ، کە بۆ نموونە لێرە بەکورتی لێیان دەدەوێم :

پیلانی ساواکی ئێرانی دژی تێکۆشەر فائق ئەمین و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٩٦٧ .

پیلانی ئاسایشی سوریا لە تێوەگلاندنی شۆڕش بۆ نێو گیروگرفتی یەکخستنی پارتە کوردیەکانی سوریا ، بە شێوەیەك ئەو کۆنگرەی لە کوردستانی عیراقدا سازکرا بووە هۆی دروستبوونی چەندین پارتی سەیروسەمەرە .

پیلانی میتی تورکیا دژی تێکۆشەران سەعید ئاڵچی و دکتۆر شڤان لە ساڵی ١٩٧١.

دۆخێکی لە هەموو ئەوانە پڕ مەترسی تر ئەوە یە کە شۆڕشی کورد هەر لە کۆنەوە تا بە شۆڕشی بارزان و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران و کۆماری مەهاباد و شۆڕشی ١١ی ئەیلول رادەگات تا هەر دوو شۆڕشی ئێستەی باشور وخۆرهەڵاتی کوردستان ، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە تێڕوانین و بۆچونی داوارۆژی نەتەوەی کوردی بێبەری و بەتاڵە و ئەو لانەیەی بەتەواوی پشتگوێ خستووە.( )

بۆیە کەس نییە گومان بکات کە ئەم ململانییە کارێکی هەروا ئاسانە ؟؟کەسیش نییە گومان نەکات کە چارەسەری کێشەی کورد کارێکی هەروا هاسانە؟؟ هەروەها ناتوانین گومانیش نەکەین کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان تاوەکو ئەم ساتە توانیویەتی ئەم دوو گیروگرفتە چارەسەر بکات ، لەگەڵ هەموو ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی بەرێکخراو و سەرکردایەتی و دەستکەوتەکانییەوە کە ئیمرۆ لە کایەدان سێبەری ئەم مەترسییانەی هەر بەسەرەوەیە و هەرەشەی قوتدانی نیشتمانمان لێ دەکەن ، بۆیە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان پێویستی بە بیرکردنەوەی نوێ و دامودەزگایەکی نوێیە.

پەراوێزەکان:

١- تێکۆشەری مەزن عوسمان سەبری لە سەدرەمی پێشکەوتووخوازی وکۆنەپەرستی هەژدە کەرەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریا ، تورکیا و فرەنسا گیراوە ، لە بەر ئەوەی کورت و کرمانجی بۆ مافی کورد تێدەکۆشا ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان نمونەی ئەم جۆرە تێکۆشەرە دلێرو رابەر و دڵسۆزەی یەکجار کەم بەخۆوەدیوە لە هەموو سەردەمێکدا و دژی هەموو داگیرکارانی کوردستان خەباتی کردووە ،بەڵام لەم دواییە بڕیاریدا دەست لە خەباتی رامیاری هەڵگرێ، کاتێ دیتی بزووتنەوە دەخوسێندرێت و دەخەسێندرێت ، لە نووسینی هۆنراوەو زمانەوانی وەك جاران بەردەوامە. خوا دەست بە باڵییەوە بگرێت .

٢- بەرەوپێشەوە چوونی بەرفراوانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە باشوردا زۆربەی ئەوانەی لە بواری خەباتی نیشتمانیدا لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا کاریان دەکرد چ تورکیا، چ لە سوریا و چ لە ئێران راکێشایە نێو ریزەکانی خۆی و زۆربەیان لە نزیکەوە هاریکاری و بەشداری رووداوەکان بوون، ئەز نووسەری ئەم چەند لاپەرەیە بەو پەڕی لە خۆبوردنەوە لەتەك برایانی باشور خەباتم کردو هەوڵی زۆرم دا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پەلەکانی بزاڤی رزگارخوازی کوردستان، بەگەرمی بەرەو پیری داوەتی بارزانی چووم بۆ کۆبونەوەو دانوستاندن کە دوای کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە نیسانی ١٩٧٢ لە شاری سلێمانی سازکرا، ئەو کاتە نوێنەری قوتابیان بووم.

٣- رۆژنامە نوسی فەرەنسی هێژا (رینێیە مۆریس) لەکتابە بەنێوەدنگەی «کوردستان یا نەمان» کە دوای سەردانی کوردستان و دیتنی نەبەردییەکەی «هەندرێن»ی نێوان پێشمەرگەی کوردستان و لەشکری عێراقی لە ١-١٢ ئایاری ١٩٦٦ نوسیویەتی، ئەو جەنگەی ٣٫٥٠٠ پێشمەرگە بەرابەر بە ٣٥٫٠٠٠ هەزار سەربازی عێراقی و هەزاران جاش کە دەگەڵیاندا بوون، بە شێوەیەکی بێهاوتا دەگێڕێتەوە و وێنەی ئەم جەنگە لە نوسینەکەیدا دەخاتەبەرچاو و ئەوە پیشاندەدا کە چۆن لە کۆتایدا و لەماوەی تەنیا سەنوهەشتا خولەك پێشمەرگە سەرکەوتن بەدەستدێن و داستانێکی پڕ لە دلێری دەنەخشێن ...

بەڵێ! رینێیە، لە لاپەرەکانی دوایدا بەردەوام دەبێ و ئاخ و ئازار دەکێشی و دڵی پڕدەبێ لە پەژارە بۆ ئەو نەبەردی و دلێری و قوربانییە بەنرخەی کە کوردەکان بێهودە بە فیڕۆی دەدەن بەبێ ئەوەی داوای دەوڵەت و هەنیی (کیانی) سەربەخۆی کوردستان بکەن، رینێیە دەڵێ:

(.... مرۆڤێك هەیە لەسەر رووی زەوی بوێری گەلی پۆڵەندی دابەشکراو لە نێوان روسیا، بروسیا و نەمسا لەسەدەی رابردوودا بە کەمایەتی لەقەڵەم بدات ؟

ئەی ئێمەی فەرەنسی رۆژی لە رۆژان لە نێوان بەلجیکا، ئەڵمانیا، سویسرا، ئیتاڵیا و ئیسپانیادا دابەش نەکرابووین ؟؟ ئایا قبوڵمان دەکرد کەس بەکەمایەتیمان دابنێ؟؟ کەواتە بۆچی قەدەغەیە دان بەبوونی کورد دابنرێ ؟؟؟؟

ئەو گەلە خاوەن پێشینە و شکۆدار و خۆڕاگرە، کە نەرینی چەندین سەدە و نەوە بەدوا نەوەیە، نەتەوەیەك کە ژمارەی لە هەر یەك لە دەوڵەتانی عەرەبی جگە لە میسر، پترە، کێ دەوێرێ نکۆڵی لە مافیان بکات ئۆتۆگۆ، یا داهاموی، تشاد یا کۆنغۆ، بەرازڤیل یا یەمەن یاخود کوێت ؟؟ بێگومان کوردەکان نەخشەی ئەو خەونەیان نەکێشاوە کە سەربەخۆییە هەر چەندە ئەمە ئامانجی دواییانە، بۆ ئەوان دەبێ کارێکی زۆر نەنجامبدرێت و سنورێکی زۆر دەستکاری بکرێت ...). شاباش رینێیە! وای کە راستگۆیانە جەرگەی راستیت پێکاوە، خۆزێ ....... کاشکێ رۆڵەکانی کوردستان بەگوێیان دەکردی.

٤- پشتگوێ خستنی دوا رۆژی نەتەوەیی کورد لەلایەن بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەکە رێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆ کە هێندێ لە وانە تاوەکو ئێمرۆش رون و ئاشکران، یەك لەوان ئەمەیە:

زانا کوردەکانی ئاینی زەردەشتی بەر لە شەش سەدەی پێشزاینی تا سەردەمی ئیسلام پابەندی زانایانی زەردەشتی فارس بوون، دوای ئەوەی ئیسلامەتی کەوتە نێو کوردان، زانایانی کوردی موسڵمان پێڕەوی زانایانی عەرەب و پابەندی ئەوان بوون، دواتریش هی تورکەکان، هەروەك چۆن زانا کوردە شیعەکان پابەندی زانا شیعە فارسەکان بوون، دەربەگەکانی کوردیش هەر لەسەر رێبازی ئەوانە رۆیشتن تا نازناوی «بەگ، پاشا» یان لەلایەن دەسەلاتدارانی عەرەب، فارس و تورکەوە پێ ببەخشرێت، هەموو ئەو داگیرکارانە لە هەر رەنگو دینێك بووبن هەرگیز رێیان نەداوە گەلی کورد رێگەی زانست و پیشەسازی بگرێتەبەر، گشت رێگەیەکیان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی هێزی روناکبیری و پیشەسازی کورد کوێر بێتەوە، بۆ ئەوەی کورد هەر بە جوتیاری و شوانکارەیی بمێنێتەوە، ئەو رامیارییەش بوو بوە هۆی سەرهەڵنەدانی بورژوای نیشتمانی کوردستان وەك لە وڵاتانی تردا روویدا .... بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هەر بەشەلی مایەوە، هەرگیز نەکەوتە سەرراستەریی رزگاری کوردستان چونکێ رێبەرانی یا پێشەوایانی ئاینی یاخود ئاغا بوون، هەرچەندە لەگەڵ داگیرکاران هەڵیان نەدەکرد، بەڵام بە نەمانی وان بزوتنەوەکەش دوایی دەهات.

ئەو بارەتا دوای دووەم جەنگی جیهانی بەردەوام بوو، دوای ئەوە نەوەیەکی نوێی هۆشیار و پێگەیشتوی لاوانی کورد پێگەیشتن کە پتر سەرەدەریان لەکێشەی نیشتمانەکەیان دەکردو بەشێوەیەکی بەرنامەکراو بەرەو رزگاری کوردستان هەنگاویان دەنا لە پارتی «ژ.ک» دا کۆبونەوە، ئەو تەوژمەی خەریکبوو گشت ئەوەی داگیرکاران لەسەر یەکیان دانابوو بیروخێنێ و بەتەواوی لە ژێردەستەیی رزگاری بێت. لێ بەداخەوە هەر زوو داگیرکاران کەوتنە بنبۆش کردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بەهێناکایەی دیارکردنی مافی چارەنووسی کوردلەچوارچێوەی نەفرەت لێکراوی ئۆتۆنۆمی و بەوەش خستیانە بازنەیەکی بەتاڵ و سەریان لێ شێواند و بووە گەمەیەکی زۆڵ و زۆربەی هێزی بزووتنەوەکە بەفیڕۆچوو، لەوەش نەنگ تر لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی دیموکراتی ئەوجا هاتن ئۆتۆنۆمییەکەشیان بەو دیموکراتییەوە گرێدا کە گوایە لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە دێتەدی ! بۆ ئەوەی دیموکراتە کوردەکانیش بەسانایی بکەونە تۆڕەکەو بەوپەڕی دڵنیاییەوە شانازی بەپابەند بوون بە دیموکراتانی عەرەب، فارس و تورکەوە بکەن ... هەر لە سەر هەمان رێبازیشدا مارکسییە کوردەکان خۆیان ژێردەستەی مارکسییە عارەب، فارس و تورکەکان کرد و بونە دەروێشی یان و لەوە شیان تێپەڕاند هێندێکیان ببوونە ئامێری دەستی دەوڵەتانی دووریش ........ ئایا کوردە زەردەشتییەکان دوای هەزار ساڵ زێتر پابەندی بەمافی خۆیان گەیشتن ؟ ئایا کوردە موسڵمانەکان دوای هەزارو چوارسەد ساڵ پابەندی بەمافی خۆیان گەیشتن ؟؟ ئەی ئێستە کێ وا دەزانێ دیموکرات و مارکسییە کوردەکانی پابەندی مارکسیی و دیموکراتە عەرەب، فارس و تورکەکان مافی کورد بە دەستدێنن. ئەز ژوان، دبێژم؛ یانی من لە وان دەڵێم: گەر باپیرانی زەردەشتی و ئیسلامیان کەبەوپەڕی دڵسۆزییەوە راژەی دراوسێیانیان کردبێ و دوای دووهەزار ... ساڵ ئەوجا لەکوشتن و دەربەدەرکردن و چەوساندنەوەبەولاوە شتێکی تریان .. پێ رەوا نەدیترابێ، دوای دووهەزارو .... چوارسەد ساڵی تریش چارەنووسی ئەوانە لەوان باشتر نابێ ... دەبێ بشبورن کە ئیمرۆ دوێنێ نییە و کاتی چاوەڕوانکردن نەماوە، چونکێ دوای دووهەزار و چوارسەد ساڵی تر کوردێك نامینێ بەری رەنجی ئەوانە بدروێتەوە.

تێبینی وەرگێڕ: ١- مامۆستا عوسمان سەبری ساڵی **1993** کۆچی دوایی کرد.

٢- سەد حەیف و مخابن نوسەر تەنانەت ( تکایە بروانە لاپەرەی 35)

ف. وەهاب زەنگەنە

# چەك ! بۆ پاراستنە ؟ یاخود قڕكردن ؟

سەرتاپای دەوڵەتانی جیهان چەك و سوپا بۆ سێ ئامانجی سەرەكی بەكاردێنن ، پاراستنی هاووڵاتیان ، پارێزگاری سنور و بەرگری‌كردن لە بەرژەوەندیەكانی وڵات.

تەنی لای ئێمەی كورد نەبێ لە دێر زەمانەوە هەر میرنشینێك‌و حوكمرانێك هەوڵی پڕ چەك‌كردنی خۆی داوە بۆ ئەوەی بەرابەر ئەوانی دی رابوەستێ، گەرچی ئێمە لەسەدەی بیستەمدا دەژین بەڵام ئەو دیاردەنگریسە هەتا ئیمڕۆش هەر بەردەوامەو بۆتە بەشێك لە ستراتیژیەتی پارتەكان.

دوابەدوای راپەرینەكەی بەهاری ١٩٩١ ، لە جیاتی هێزێكی زەبروەشێنی داگیركارێكی وەك سەدام و چەندەها سەدام پەیدا بوون و دەستی تێچێن‌و دوژمن خزانە نێو ریزەكانی جەماوەرو خەباتگێڕانی راستەقینەیان خەساندو ئاگری جەنگ سەرتاپای باشوری تەنییەوە. بەرژەوەندی نەتەوەییمان كرایە قوربانی چەند شتێكی تورەهات و بێنرخ كە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەی ئارەزوو مەرامی كەسایەتی خۆپەرست و نەدیتكەیە.

لەسەرەتای دەستپیكردنی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان و پێكهێنانی حكومەت ، هەر پارتەوكەوتە بڵاوكردنەوەی پروپاگەندەی خۆی ، بە هیوای ئەوەی لەرێگەی پشتگیری جەماوەر كورسیەك لە بەرلمان‌و جانتایەكی وەزارەت بۆخوی دابین بكات ، ئەم هیوایەش بووە قوربانی ئەو تەرازووە لەنگ و نارەوایەی ناونرا یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی ، بەم شێوەیە كەسایەتی دڵسۆز و پسپۆڕانی نیشتمانپەروەر گەماڕۆدران‌و بێبەش كران ، پسولەی حیزبایەتی بووە گەرەنتی گەیشتن بە كورسی پەرلەمان و وەزارەت.

لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیانی باشور بەگەرمییەوە بەرەوپیری دەنگدان چوون بەو هیواییەی كە هەڵبژاردن سەكەوێت‌و فروفێڵ وساختەكاری تێدا نەكرێت . لێ ! بەداخەوە لەوەشدا پارتەكان دەستی خۆیان وەشاندو دڵسۆزی جەماوەریان بەقازانجی خۆیان بەكارهێنا، تا گەیشتەئەوەی رۆژی ٩٢/٨/١٩ هەردوو لایەن پارتی و یەكێتی لەرووی یەكتردا بتەقنەوە و كارەساتێكی گەورە روویدات ، بەڵام دیارە كارەساتەكەیان لەرێگەی فیفتی فیفتی بۆ رۆژانی دواتر هەڵگرت . پەرلەمان و حكومەتیش دامەزران ، وەكی باوە ئەویش لەسەر بنچینەی وەزیرو جێگر ، بە زمانی خەڵكی باشور « وەزیرو رێگر » ، هەموو ئەم هەنگاوانە بوونە رێگەخۆشكەری شەڕەكورد . لێرەشدا هەرلایەنە پەنای بردە بەر كۆمەڵی دزو جەردەو چەكداری خۆفرۆش و گێرەشێوێن بەو مەبەستەی بارەكە بەلای خۆیدا ساغكاتەوە. ئەنجام هاووڵاتیان لەوەگەیشتن كە ئەم دوو لایەنە هەر لەسەرتاوە بیریان لەوە كردبووەوە كە دەبێ شەڕی یەكتری بكەن ، بۆ ئەوەش بەچاكی خۆیان ئامادەدەكرد . هەر لایە و سەرقاڵی دروستكردنی هێزی تایبەتی خۆی و پڕچەك كردنی جەماوەربوو ، ئەو جەماوەرەی دەستوپێی بە پەتی برسییەتی و بێكاری و راكردن و خۆفرۆشتن بۆ پاروەنان شەتەك‌درابوو، هەموو ئەوەش دیاروئاشكرابوو كەلەئەنجامدا زوو یا درەنگ بەقازانجی دوژمنانی كوردستان و بەلاوازكردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان دەشكایەوە. ئەم بارودۆخەی كەحزبەكان خوڵقاندیان بووە هۆی سەرلێشێواندنی جەماوەرو رێگە خۆشكەری خۆسازكردنی داگیركارە فاشییەكەی بەغدا بۆ داگیركردنەوەی باشوری كوردستان و درزێكی گەورەی كردەوە بۆ دەستیوەردانی توركیا و ئێران وسوریا .

ئاشكرایە لەو رۆژەوە كە پەرلەمان‌وحكومەت هاتنەكایەوە ، و لەوساتەی كە هێڵی ٣٦ بەبڕیاری نەتەوەیەكگرتووەكان و بەپشتگیری دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ پارێزگاری كردنی باشور لە هێرشی رژێمی فاشی عیراق دەستنیشانكرا ،نە پارتەكان‌و نە هاووڵاتیانی باشوری كوردستان پێویستیان بەوە بو ئەم هەموو هێزە چەكدارە قەبە و گەورەیە لە خۆیان خڕكەنەوە ، بەڵكو دەبوایە هێزێكی مودێرنی رێكوپێك وهەڵبژاردە لە پێشمەرگە و ئەفسەرانی كوردستان پێك بێت و ئەوەی تری هەر هەمووی ئاراستەی ئاوەدان كردنەوەی گوند و لادی و كارگە و رێگەوبان و مەڵبەندەكانی تری خزمەتگوزاری كوردستان بكرایە .

دیارە بەكرێگیراوان‌و كلكەكانی رژێمە داگیركارەكانی كوردستان بەردەوام هەوڵدەدەن شەڕەكورد نە وەستێ ، داگیركارانیش بەئاشكراو بەنەهێنی زوو زوو كۆدەبنەوەو راو وتەگبیری چۆنیەتی پیادە كردنی پلانەكانیان دەكەن .

هێزی رامیاری و سەربازی توركیا لە بری دەوڵەتە داگیركارەكانی تر بەگەرمی لە باكور و باشوری كوردستاندا كەوتۆتە دەست وەشاندن و نانەوەی تەڵە و تەقاندنەوەی ناكۆكیەكانی نێوان پارت و رێكخراوەكانی كوردستان. لە پاڵ ئەوەشدا بەردەوام پروپاگەندەی دیموكراسیەتی دەوڵەتی توركیاو رێزگرتنی رژێمی توركیا لەمافی مرۆڤ بڵاودەكاتەوە . بەڵام لە بەرابەر ئەم بارودۆخە ئاشكرایەی رۆژانە مرۆڤ بە هاسانی دەتوانی لە رۆڵی توركیا تێبگات. لە لایەك توركیا بەشداری هێزە هاوپەیمانەكان دەكات‌و گوایە باشوری‌كوردستان دەپارێزی و لەلایەكی ترەوە مافی ئازادی‌و سەربەخۆیی نزیكەی‌بیست‌ملیۆن هاووڵاتیانی‌باكوری كوردستان پێشێل‌دەكات، لەشكری توركیا لە باشوری كوردستانیشدا بەبیانوی گەڕان بە دوای ئەندامانی پ.ك.ك ماڵی كورد دەپشكنێ‌و منالی كورد دەتۆقێنێ‌و گوندو لادێ خاپوردەكات . ئەوەی ئیمڕۆ رژێمی عیراق بۆی ئەنجام نادرێت ، لە سایەی سێبەری ناتەبایی هێزەكانی باشورو باكوری كوردستان توركیا بەهاسانی ئەنجامی‌دەدا . وەك ئەركێكی نیشتمانی‌سەرەكی پێویستە هەر پەلامار و هێرشێكی دەكرێتە سەر كوردستان، لەلایەن هێزەنیشتمانپەروەرەكانی كوردستان بەرپەرچ بدرێتەوە و رێگە نە درێت‌دەستدرێژی بكرێتە سەر هاووڵاتیانی كوردستان. دوژمنانی داگیركاری كوردستان هەر ماوەی جارێك كۆبونەوەك دەكەن و

بە ئاشکرا هەڵوێستی پڕ لە دژایەتی خۆیان بەرامبەر نەتەوەکەمان دەخەنەروو.
لــە کاتێکدا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئـەم هەوڵانەی ئەوان پێویست وایە هـێـــزە رزگاریخوازەکانی کوردستانیش بەیەکەوە کۆببنەوە و نارەزایی خۆیان دەربڕن و ناوەرۆکی گڵاوی پیلانەکانی داگیرکـــاران رسوا بکەن کەچی بە پێچەوانەوە هـــەر پارتە و لولەی چەکی کردۆتە پارتێکی ترو بانگێشەی لەناوبردنی یەکتری دەکەن.
بارودۆخێك کە ئیمرۆ بۆ بزووتنەوەی رزگاریـــخوازی رەخساوە گەر لەلایەن کـــورد خۆیەوە نەقۆززرێتەوە ئەوا بێگومان ئـــەم جارەش دوژمنان دەستی خۆیان دەوەشێنن، مـاوەی سێ ساڵی رابردوو لە سایەی براقی نیشتمانی کوردســـتان دەبوایە کوردســـتان زۆر پێشکەوتووتر و گەشاوەتر بوایە، بەڵام جێگەی داخە کار بەپێچەوانەوەیە، ئـەوەی بەعس کاولی نەکردبوو خۆمان کاولمان کرد، ئەوەی عیراق و سوریا و ئێرانیش پێیان تـێکنادرێت ئەوەتا تورکیا لە بری ئـەوان زۆر بەرِشتی کاری بۆ دەکات، رۆژانـە لـە کوردستان دوژمن کوشتارمان لێدەکات وخۆشمان یەکتری دەبرِینینەوە، بێ ئـەوەی پرسیار لە خۆمان بکەین ئایا ئەو چەکەی کە بەدەست هێزەکانی کوردستانەوە یـــە، راستیش چەکێکی کەم نییە، بۆ پاراستنی گەلی کورد و رزگارکردنی کوردســتانە، یاخود بە پێچەوانەوە بۆ قرکردنی هاووڵاتیان و وێرانکردنی کوردستانە ؟ ؟

بەهاری ١٩٩٥ هێلسنکی


دلانیار
بخوێنەوە
بڵاوی بکەوە
بە بەرهەمی
بەپێز
بەسەرانی بکەوە


هەیاسی خاس

# هەیاسە لە ئەورستان چیاسە؟

تەسبیحەکەی خراندو، وتی :
– کە بەسەرداچووم، هەرایەك بوو نەبێتەوە، سەد خۆزگە بەحەمامی ژنـان کا ! پەکو چۆن سەریان لەو خەڵکە تێکداوە
– خارە هەیاس خێرە ؟
– کاکی برا ! دەچمە هەر جێگەیی، هەر ئەو تاس وحەمامەیە، کەسیش سەرەدەری لێناکاو نازانێ چ ناوێکیان لێ بنێ، ناوی وانە بویتە مەتەڵ !!
برادەرێ وتی :
– دەتو تورِە مەبە هەویرەکە ئاوێکی زۆری گەرەکە، ئەوەتا دووسەعات پترە برادەران هەرایانە .......
یەکێکی تر قسەکەی پێ برِی و وتی :
– خارەهەیاس من دەڵێم دکتاتۆرن! توخوا راستم نەوتوە ؟
– نەوەڵا کورِم راست ناکەی ! دکتاتۆر بان دوای ئەم هەموو خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرِینە وەك شای ئێران کلکیان بەکۆڵی خۆیان دادەداو ملیان دەشکاند و دەرۆیشتن !
– ئەشەدو راست دەکات ! باوکم من دەڵێم ئەمانە لە دکتاتۆر گەورەترن، فاشین، فاشی !!
– دەتۆش هەر نەت پێکاوە، رۆڵە هیتلەر فاشی بوو، کەدۆراندنی و سەر نەکەوت، خۆی کوشت و لەکۆڵ بوەوە !!
برادەرێك هەڵیدایە، وتی :
– باوکم بەخودێ خارە هەیـاس راست دەکات، ئەوانە دزن ! دز !
خارە هەیاس چاوێکی لێ کرد، وتی :
– وای تەرِ بۆی نەچووی، رۆڵە حەیفت نەکرد بۆ دز و جەردە ! گوێ لە مامی خۆتان بگرن با بۆتان بگێرِێتەوە .....
کۆرِی برادەران تێکرِا وتیان : فەرموو :
– گوێ بگرن، ئەوە چیرۆکێکـــی خۆماڵی خۆشە. دەگێرِنەوە و دەڵێن، جارێکیان دزێك بەتەمای برِینی ماڵە دەوڵەمەندێك دەبێ شەوێکی تاریك و ئەنگوستەچاو خۆی بەماڵەکەدا دەکات و لە پەنجەرەی ژێرزەمینەوە خۆی شۆرِ دەکاتەوە. ژێرزەمینیش وا تاریك دەبێ چاوچاوی نابینێ. دزە هێدی هێدی دەست دەگێرِێ بەلکو شتێکی وەبەردەست کەوێ، لەناکاو دەستی دەچێتە نێو شتێکەوە، چەندی دەستی تێوەردەدا و بیری لێدەکاتـەوە نازانی چییە، پتێکی لێ هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەرزمانی تێدەگـات خێ یە ! یەکسەر روو وەردەگێرِێ و بە کوێ دا هاتبوو بـــەوێدا دەگەرِێتەوە و دەست لــە دزییەکەی هەڵدەگرێ. جـا باوکی باوکم دزیش جوامێری و پیاوەتیان تێدایە، بزانن چونکی تام کردنی خێ یەکە نمەك کردنە، مـرۆڤ دزی لە ماڵێك ناکات کە نمەکی ئەو ماڵەی کردبێ، ئەوەتـــا کابرای دزە رێ و رێ گەرِایەوە !! نمەك حەرامی نەکرد ! جـا توخوا حەیف نییە ئەوانـە لەگەڵ دزان بەراورد بکرێن !
هەموو تێکرِا وتیان :
– ئەشەدو بیلا حەیفە ! خارە هەیاس ئـەدی باشە چارە خۆ دەبێ وشەیەك هەبێ مرۆڤ ئەوانەی پێ بناسێنێ ؟!
برادەرێك وتی:
– دەتوخوا بابەس بێ، بیسودە وشـــەیەك نەماوە لەفەرهەنگ بیان گرێتەوە، کورت و کرمانجی ئەوانە قۆڵبرن، و برِایەوە !
خارە هەیاس وتی :
– قۆڵبر جارێك یا دووجار قۆڵبرِی دەکات کـە ئاشکرا بوو وازدێنێ و سەری خۆی هەڵدەگرێت، ئەوانە هەموو رۆژ قۆڵبرِی دەکەن و ئاشـکرا دەبن کە چی هەر بۆ سبەی دەڵێی نە بایان دیوە ! **نەباران !!**
– ئێ باشە خارە هەیاس، ئەوانە یەك لـە وانە نەبن کە باسمان کردن، کەواتە چین؟
– رۆڵە ئەوانە [د فـدقـ] ـن دفــد ق !!
برادەرێك وتی:
– خارە هەیاس دفدق چییە ؟ لە رێی خودا ئەمن فەرهەنگی کوردی نەماوە سەرو بنم نەکردبێ دفدقم وەبەرچاوان نەکەوتووە !
– خۆتان ماندوو مەکەن بەخودای هەمبانە بۆرینەش شتی وای تێدا نییە!
– دەکەواتە خارە هەیاس خۆت ماناکەمان بۆ لێکدەوە، نەوەکا لەوکاتە دفدقـــ ـێـکامان لـێ پەیدا بێ و نەی ناسین !!
– ماناکەی زۆر هاسانە، مەتەڵە. بەڵام گەر وریا و ژیر بن هەر لەو دەمەتەقییەدا بۆی بگەرِێن دەی دۆزنەوە !! بەڵام ئاگاتان لەخۆتان بێ و خۆتان لە دفدقـــان بپارێزن !!

د . زاهیر سوران

# ئێدز و نەخۆشییە هەلپەرستەکان
# AIDS and Opportunistic Diseases

ماوەی ١٤ ساڵێك دەبێت کە هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV و نەخۆشی ئێدز لەلایەن CDC ئەمیریکاوە ناسراوە. هەموو رۆژێك لە جیهاندا ژمارەیەك تووشبوی نوێ بەڤایرۆسی HIV دەسنیشان دەکرێت ، تا ئەمڕۆ ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە (پۆزەتیڤ) بە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس قەبلێنراوە.

نەخۆشییەکە بەردەوام بەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەچەند ڕێگەیەکی ناسراوی وەکو ( خوێنی هەوکردوو ، زایەند ، چاندنی ئەندام و لە دایکەوە بۆ پێزە ) دەگوێزرێتەوە ، هەموو کاژمێرێك ژمارەی پۆزەتیڤەکان لە زێنەبوندایە ، هەرچەندە رۆژانەش ژمارەیەکی نادیار لە ئێدزدارەکان بە هۆی نەخۆشییە هەڵپەرستەکانەوە دەمرن .

ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لەم تووشبووە پۆزەتیڤانە لەیەکێك لەقۆناغەکانی هەوکردن بەڤایرۆسەکەدا ( کاتێك ڤایرۆسەکە بە تەواوی کۆئەندامی بەرگری لەکاردەخات ) تووشی ئێدز دەبێت .

لەماوەی چەند ساڵێك ئێدزدار « ماوەکە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی تەمەن ، رەگەز ، قۆناغی هەوکردنەکە جیاوازە » هەموو نیشانەکانی تیادا بەدی دەکرێ .

نابێت ئەو راستییەش فەرامۆش بکرێت کە لەشی هەموو کەسێك وەك یەك بەرگەی میکرۆئۆرگانیسم ( باکتریا ، ڤایرۆس ، فونج ، پرۆتۆزۆر .. هتد ) ناگرێت ، لەبەر ئەوەی لەشی هەر مرۆڤێك بەرتەکێکی تایبەتی بەرامبەر بە ئەنجین هەیە .

هەریەك لەم نەخۆشییە هەڵپەرستانە بریتین لەجۆرێك هەوکردن و بگرە هەندێکیان دژ بەباکتریا کە کاریان تێ ناکات ، واتە میکرۆبەکە بەرگری دژ بە ئەنتی بایۆتیك پەیداکردووەو دەرمانەکە یەهیچ جۆرێك کاری تێنکات .

ئێدز : بریتییە لەکەم بوونەوەو نەمانی بەرگری لەش پاش هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV .

نەخۆشییە هەڵپەرستەکان : بریتین لەو کۆمەڵە نەخۆشییەی لەقۆناغێکی هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV دا توشی ئێدزدار دەبێت . کاتی دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵە نەخۆشییە نازاندرێ ، بەڵام وەك بە نێوەکانیاندا دیارە ، بەشوێن هەلێکدا دەگەرێن و لە بارترین کاتیش ئەوکاتەیە کە کۆئەندامی بەرگری لەش لاواز دەبێت و چیتر توانای بەرگری کردنی لەشی نامینێ ، ئەوسا رێگە بۆ جۆرەها میکرۆئۆرگانیسم خۆشدەبێت و بەئاسانی لەش تووشی کۆمەڵێك نەخۆشی سامناك دەبێت ، گەر لەکاتی خۆیدا چارە نەکرێن ئەوا هەندێکیان دەبنە هۆی سەرەکی مردنی ئێدزدار.

## جیاکردنەوەی نەخۆشییەکان بەپێی جۆری میکرۆئۆرگانیسمەکە

١ – کۆمەڵی باکتریایەکان

# هەوکردنی سییەکان بە « میکۆباکتریای سیل » کە دەبێتە هۆی نەخۆشی سیل .

# هەوکردنی سییەکان یان ئێسك و جومگەکان بە « میکۆباکتریای ئاڤیۆم ، کانساسی » .

* هەوکردنی مێشك ، پێست و چاو بە « تریپۆنیمەی پالدیۆم » کە دەبێتە هۆی نەخۆشی فەرەنگی « سیفلیس » .

# هەوکردنی ریخۆڵە بە سالمۆنیلا ، دیزینتری شیگێلا و کامپیلۆباکتر کە دەبنە هۆی سکچوون .

٢ – کۆمەڵی ڤایرۆسەکان

# هەوکردنی پێستی رووخسار ، لێوەکان و ئەندامانی زاوزێ بەڤایرۆسی تامیسکی ئاسایی ١ و ٢ .

# هەوکردنی پێستی رووخسار و ئەندامی زاوزێ بەڤایرۆسی زۆستەر وڤاریسیلا .

# هەوکردنی گەروو ، سورێنچك ، تۆرەی چاو ، مێشك ، جگەر ، بۆری زراو ، پەنکریاس و سییەکان بە ڤایرۆسی تامیسکی سیتۆمێگال ، لە ١٥ – ٣٠٪ ئێدزدارن تووشی ڤایرۆسکە دەبن ، زۆرجار دەبێتە هۆی کوێری .

# هەوکردن بە ڤایرۆسی پاپیلۆم ، زۆرجار برینەکە دەکەوێتە سەر دەورویەری کۆم ، گولینگ ، پۆپەی ئەندامی نێرینە .

٣ – کۆمەڵی فونجەکان

# هەوکردنی گولینگ و سورێنچك بە کاندیدە ، زۆرجاران بە کاندیدەی سپی ناودەم ناسراوە

# هەوکردنی سییەکان ، سیل ، مۆخی مێشك پێست بە هیستۆپلاسمۆسس ، لە ١٪ ی ئێدزداران تووش دەبن .

# هەوکردنی مێشك و سییەکان بە کریپتۆکۆکوس ، لە ٨٪ ی ئێدزداران تووش دەبن .

٤ – کۆمەڵی پرۆتۆزۆر

# هەوکردن بە پنیۆمۆچیستی کارینی لە ٨٠٪ ی ئێدزاران تووش دەبن .

( پرۆتۆزۆرەکە دەبێتە هۆی هەوکردنی توندی سییەکان و هەروەها لە ١٤٪ ی ئێدزداران بەم هەوکردنە دەمرن ).

# هەوکردنی کۆئەندامی ناوەندی دەمار بە تۆکسۆپلاسمۆسس ، لە ٤٪ ی ئێدزداران تووش دەبن .

# هە وکردنی ریخۆڵە بە ئیسۆس پۆریاسس ، مرۆڤ تووشی سکچونیش دەبێت .

٥ – شێرپەنجەکان

# سارکۆمی کاپوسی ، یەکێکە لەو شێرپەنجە ترسناکانەی کە تووشی پێست ، ناودەم ، گەدەو ریخۆڵەو گرێ لیمفاویەکانی ئێدزدار دەبێت ، ماوەیەکی زۆر بێنیشانەیەو پاش دەستنیشان کردنی سارکۆمەکە ئێدزدار نزیکەی ٢٩ مانگ دەژی .

# لیمفۆمە ، سێ جۆر لیمفۆمە لەنەخۆشدا دەردەکەوێت ، ئەمانیش تووشی کۆئەندامی ناوەندی دەمار ، هەناو ، ریخۆڵەوگەدەدەبێت .

جگە لەم میکرۆئۆرگانیسمانە لەش دەکەوێتە بەر شاڵاوی چەند پرۆتۆزۆر و باکتریایەکی تر کە بەرێگەی زایەندی لە یۆهۆمۆرەگەزباز و هیترۆرەگەزبازەکاندا دەبینرێت و هەروەها ژمارەیەك لەنەخۆشییە درمییە زایەندییەکان کە تووشی مرۆڤی ئاسایی دێن و لە قۆناخێکی

هەوکردن بە ڤایرۆسی HIVدا تـووشی ئێنزداریش دەبێت و هەریەکەیان دەبنە هۆی جۆرەها هەوکردن ، سکچوون ، تای بەهێز، ژانەسەر ، نەمانی ئیشتها ، بەد خۆراکی ،کەم خوێنی، ژانکردنی ماسولکە کان ، هێلنج و رشانەوە.

ئەم نیشانانە و هەوکردنی کۆ ئـەندامی ناوەندی و دەرەوەی دەمار دەبێتە هۆی شەپلەداری ئەندامەکانی لەش.

گۆڕانکاری لە کەسایەتی نەخۆشدا و هەروەها چەند نیشانیەکی تری وەکو گۆڕانکاری لەهەڵس و کەوتدا ، بێهێزی ، تورەیی ، بورانەوە و هۆش خۆچوون ، وا لە نەخۆش دەکەن کە بکەوێتـە بارودۆخێکی نا ئاساییەوە کە زۆر تایبەتـە بەئێدزدار.

١٨ / ٨ / ١٩٩٥

ستۆکهۆلم

# سۆنیا زەنگەنە

# دیاری منداڵان

خوێنەرانی بەڕێز !

ئەم چەند پارچە هۆنراوەیە دیاری منداڵە کوردێکە، لەشاری کفری باشوری کوردستانەوە بۆی ناردوین. سۆنیا تەمەنی دە ساڵە ، بەڵام خاوەن بەهرەو توانایەکی بەرزە ،هەر شتێکی بۆی بخوێننەوە یەکسەر ئەزبەری دەکات و دوایی زۆر بە رەوانی دەیڵێتەوە. بەداخەوە وێنەیەکی ئەومناڵە ژیرەمان چەنـگ نەکەوت. سۆنیا لەم تەمەنی منالییەدا پـتر لە دوو هەزار دێڕ شیعری لە بـەرهەمی شاعیرانی کورد ئەزبەرە، سەرەڕای ئەوەش خۆشی شیعردەنوسێ وچاوەڕاونی دوارۆژێکی چاکی لێ دەکرێ ، ئێمەش هیوای ژیانێکی پڕلەبەختەوەری و سەرکەوتنی بۆدەخوازین.

## دیاری منالان

یەک یەک وەک دارە
وەکو داری چنارە
دوو هەر وەکو کەوانە
کەوانی قارەمانە
سێ، سێ سێ سەرە
پێشمەرگە تاجی سەرە
چوار، چوار چوار وەرزە
هەورامان شاخی بەرزە
پێنج خرە وەک تۆپە
زستان بەسوودە سۆپە
لە دوای پێنجەمین شەشە
دزی کاری روو رەشە
لە دوای شەشەمین حەوتە
کەرکوک مەڵبەندی نەوتە
هەشت دەمی بەرەو خوارە
وەرزی خۆشمان بەهارە
لەدوای هەشت نۆهەمینە
کوردستانمان شیرینە
دەیش وەک پەنجەکانم
پێشمەرگەی کوردستانم

## من پێشمەرگەم

من پێشمەرگەم پێشمەرگە
ئەو پێشمەرگە بە جەرگە
کەبێباکە لە مردن
بە هێزە لە رووی دوژمن
چاو نەترس و ئازایە
بۆ وڵات بە وەفایە
بۆ ئاسایشی وڵات
گیانی دەکاتە خەڵات
بەخوێنی گەش وجوانی
سەربەرزی بەدەست هانی
بە باوەڕو بە تفەنگ
بۆی رامالین شەوەزەنگ
بۆیە هەتا کو من هەم
هەر قوربانی پێشمەرگەم .

## پێم ستەمە

پێم ستەمە
کە ئەبیستم
دەڵێن فلان
پێشمەرگەی پارتی یە !
یا لە ریزی
پێشمەرگەی پارتی گەلە !
یا حسکە یا شیوعی یە !
یا پێشمەرگەی پاسۆکە !
یا خود هی یەکێتی یە!
بۆچی تێکرا هەموو نەڵێن :
پێشمەرگەین و
دڵسۆزین
فیداکاری
کوردستانی پیرۆزین.

## ئاشتی خوازم

ئاشتیخوازین ، ئاشتیخواز
ئاشتی دەکەین بە رێباز
ئاڵای ئاشتی هەڵئەگرین
دژی شەرخواز ئەوەستین
بۆ سەربەستی و رزگاری
بۆ ژینی بەختیـاری
بۆ ئاسودەگی ژیان
تێدەکۆشین بێ ووچان
ئەوسا بەبێ جیاوازی
ئەژین بە سەرفرازی.

هەواڵنامەی کتێب

حه مه سه عيد حه سه ن

## زه بروزه نگ و به رژه وه ندی تايبه تی

# له هه لۆيستی سياسی و گوتاری رۆشنبيريدا

> جاران لـه كوردسـتان ده ژيـام ، ئيسـتا كوردسـتانم تيـاده ژی

به سه رنجدانێكی خێرای رابردووی يه كێتی و پارتی ، بۆمان ده ر ده كه وێ ، كه ئه و دوو لايه نه به ئاسانی په نايان بۆ زه بروزه نگ نواندن دژی يـه كدی بـردووه ته نانه ت له ديل كوشتن و ئه تكردنی ته رمی كوژراوه كانی يه كديش سلّيان نه كردۆته وه.
نه وشيروان مسته فا ده لّێ {{ هێزه چه كداره كانی ئه م جۆره ولاّتانه - مه به ستی ئێران و عيراقه- بۆ سه ركوتكردنی گه له كانی خۆيان ئازان ، ده توانن هه موو رۆژێ قه سابخانه بۆ ميلله ته كانی خۆيان دابنێن ، بێ ئه وه ی له هيچ شتێ بسه لّه مێنه وه ، به لاّم لـه به رابه ر دوژمنی ده ره وه دا، له بـه رامبه ر هێزه زله كاندا كه ساس و كۆلّه وارن ، بـه ئاسانی سه ر شۆر ئه كه ن و خۆيان بـه ده سته وه ئه ده ن }} (١)
ئه م بۆچونه راسته ی نووسه ر پر بـه پێستی پارتی و يه كێتيشه ، ئه و دوو لايه نه يش به رامبه ر و دژی يه كتری گه لێ جار هێنده ( ئازايانه) هه لّسوكه وتيان كردووه ريكۆرديان وردوخاش كردووه . تـا ئێستا چه ندين جار قه سابخانه يان بـۆ يه كدی داناوه و نـه رميبان نيشان نه داوه . بـه لاّم گه لێ جار به زه ليلی و كه ساسی چوونه ته به رده می داگيركه رانی كوردستان و داوای لێخۆشبوونـيان كردووه ، ئه گه رچی شه ری ئه وان له گه لّ داگيركاراندا هه ميشه شه رێكی ره وا و شـه ری نێوان خۆيشيان هه ميشه نـاره وا بووه .
ئه و بالّه ی ناو بزوتنه وه ی كورد كـه ئێستا به يه كێتی ناسراوه ، ئه گه رچی هه ر لـه سه ره تای سه رهه لّدانييه وه ، واتا : له ناوه راستی سالاّنی شه سته وه ، هه ميشـه هه ولّی داوه به ديـۆجامه ی جيـاوازی ئايدۆلوژی و چينايه تی ، كورد فريوبدات و شه ره كانی به ره وا نيشان بدات ، بـه لاّم له راستيدا هه رگيز شه ری ناوخۆی كوردستان ، شه ری نێوان دوو ئايدۆلۆژيا و دوو چين نه بووه ، ته نانه ت شه ری نێوان يه كێتی و بزووتنه وه ی ئيسلاميش هه ر له پێناوی ده سه لاّت و دراو بووه و هيچ گومانم له وه نييه ئـه گه ر بزوتنه وه له باديناندا جێ پێی پته و بووايه ، ئه وا يه كێتی نه ك هه ر هه ولّی قه لاّچۆكردنی نه ده دا ، به لكو له دژی پـارتی ئه وپه ری هاوكاريشی ده كرد .
سالار عه زيز ، كاتی له ناو يه كێتيدا جلّه وی له ده ستدا نه ما ، به و بيانووانه ی يه كێتی ئاگرخۆشكه ری شه ری براكوژييه و سلّ لـه په نابردنه به ر كوشت و بر ناكاته وه ، نـالاّی شۆرشی دامه زراند و خوێنی ده يـان كه سی سه ربه و رێكخستنه ی به فيرۆدا ، بـه لاّم ئێستا كه ديسانه وه يه كێتی ئـاوری خێری لێداوه ته وه ، يه كێكه له قـاره مانه كـانی شه ری كورد كوشتن و ته نانه ت روی ئه وانه يشی سپی كردۆته وه كه به جه للادی ناوده بردن .
سالار ؛ دووساڵێك له مه وبه ر جاری بـۆ دامه زراندنی حيزبی شيوعی كوردستان ده دا ، كه چی ئێستا شيوعی بوون به تاوان ده زانی و پياوه كانی رێپيوانی ئاشتيانه ی چه وساوه كان به ر ده ستریژده ده ن .
نه و نه وشيروان مسته فايه ی كه هه ستی به وه كردووه داگيركه رانی كوردستان قه سابخانه بۆ كورد داده نێن و به رامبه ر به دوژمنی ده ره وه يش كه ساسن ، له نامه يه كدا له ٢٣/ ٣/ ١٩٨٣ دا بۆ سه ييد كه ريم ده نووسی {{ تـۆ ره ئی من له شه ردا باش ئه زانی . مـن هه رگيز لايه نگری شه ری دوورو درێژخايه ن و بێ به رنامه نيم له گه لّ لايه نه كانی ديكه - مه به ستی پارتی و حسك و حشع و پاسۆكه من لايه نگيری خۆ ئامـاده كردن و دانانی به رنامه ی ته سفيه و موباغه ته و براندنه وه و بـه لاداخستنی شـه ره كـه م له ماوه يه كی كورتدا }} (٢)
چل رۆژێك دوای ئه م نامه يه ، له سه ره تای ئاياری ١٩٨٣ دا نه وشيروان هـه لّبكوتايه سه ر بنكه كانی لايه نه كانی { جود } لـه پشتئاشان و قرناقاو و ئه ويش وه ك داگيركه رانی كوردستان قه سابخانه يه كی بۆ پێشمه رگه كـانی سه ربه و لايه نانه سازكردوو لـه ئێزگه ی راديوی يه كێتييه وه بانگه وازه به نـاوبانگه كه يشی بلاّوكرده وه كه تێيدا به هاورێكانی ده لّێ {{ ئێمه سه ريانمان پانكرده وه ، ئێوه ش په ر و باليان بكه ن }} ته نيا له و شه ره دا ، لای كه م دوو سه د پێشمه رگه له هه موو لايه نه كان گيانيان لـه ده ست دا ، له وانه به شێكيان به ديلی گولله باران كردن ، شياوی باسه هاوزه مان له گه لّ ئه و قه سابخانه يه دا راديوی يه كێتی به رده وام سروودی ئينته ر ناسيۆنالی بلاّوده كرده وه !
پار تی و يه كێتی ته نيا له دوا شه ریاندا چوار مانگ ( ئازايانه) سه نگه ريان له يـه كدی گرت و چه ندين قه سابخانه يان بۆ يـه كدی سازكرد ، كه چی له به هاری ١٩٩١ دا عيراق هێرشی كرده سه ر كوردستان ، نه ك هه ر چوار رۆژ به ريان له هێرشه كه نه گرت ، به لكو پێش خه لّكه كه ره ويانكرد .
يه كێتی هه تا سه ركه وتنه مێژووييه ئابرووبه رانه كه ی پشتئاشان و قرناقاوی تۆمار نه كرد بوو ، له پێناوی ئـۆتـۆنـۆمی راسته قينه دا خه باتی ده كرد ، به لاّم دوای ئـه وه ی لايه نه كانی جودی ئاوديوكرد ، بۆ چاوبه ست و جوانكردنه وه ی رووی دزێوی خۆی ، به تايبه تی دوای ئه و قه سابخانه ، دروشمی مافی چاره ی خۆ نووسينی بلّندكرده وه .
يه كێتی و ئه مجاره يان پارتيش ديسان هـه مان تاكتيكيان پياده كرده وه ، كاتێ له هـه مان كۆبوونه وه ی په ره له ماندا ٤ / ١٠ / ١٩٩٢ جاری كوردستانی فيدرال و هێرشی سـه ر پ.ك . كـ يان دا. فيدرالّييه كه ديۆجامه يه ك بوو ، بۆ حه شاردانی هێرشه سێ قولّييه كه ی پارتی و يه كێتی و توركيا بۆ سه ر بنكه كانی پ.ك.ك . يه كێتی بيانووی سياسی و ئايدۆلۆژی بۆ ئه م شه ره شيان كه له ناپاكی بترازێ هيچی ديكه نه بوو ، هێنايه وه و پ.ك. كـ ـه ی به دۆستی رژێمی عيراق تاوانباركرد.
يه كێتی وه ك له هه موو شه ره ناوخۆييه كاندا ده ستپێشكه ری كردووه ، هه ميشه خوێنشی وه ك راديكال و لايه نه كانی ديكه ی وه ك كۆنه پارێز نيشانداوه ، به لاّم راستييه كه ی وه ك چۆن له سه رده می حكومه تی كوردستان له مه هاباددا {{ هه ندێ له زه ويداره گـه وره ئازه رييه كانی ورمێ ده يانويست بخرێنه سه ر

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان ، چونکو لــە ئازە ربیجان زە وی
مالیکە کان دا بە شکرابوو ، بە لام لە کوردستان
دە ستی لیٚ نە درابوو }} (٣) .
ئیٚستایش حکومە تە کە ی یە کیٚتی و پارتی
لە کیٚشە ی نیٚوان ئاغایان و جوتیـــارانـــدا
داکۆکی لــە ئاغاکان دە کات ، ئــە گە رچی
جوتیاران بە جیٚبە جیٚکردنی یاسای ژمـارە
نە وە دیش قایلن . کە بیست ساڵ لە مە و
بە ر بە عس دە ریکردووە . وە تمان حـاجی
وسوو کە لیٚپرسراوی یە کە می لیژنە ی بـاڵای
بزوتنە وە ی جوتیارانی کوردستانە دە ڵیٚ :
{{ تا ئیٚستا بە هە موو شیٚوە یە ك ئـاغاکان
پشگیریان لیٚکراوە }} (٤) .

یە کیٚتی و پارتی هە میشە بۆ یـە کلاییـ
ـکردنە وە ی کیٚشە کانی نیٚوانیان پە نایان بـۆ
زە بروزە نگ بردووە ، ئە گە رچی هە رگیز
هە ویٚنی ئە و کیٚشانە جیاوازی ئـایدۆلۆژی و
چینایە تی نە بوون ، تە نانە ت ئە و جیابـوو
نە وانە یشی لە ریزە کانی ئە و دوو لایە نە دا
روویانداوە ، هە میشە بە رژە وە ندی تایبە تی
چە ند کە سیٚکیان لە دواوە بووە ، نـــە ك
بە رژە وە ندی چینیٚك یا توژیٚکی رادیکالتر .
ئە وە یش لە گومان بە دە رە سە رکردایە تی
پارتی و یە کیٚتی هە میشە بە رژە وە نـدی
باڵای کوردیان بە قوربانی بـــە رژە وە نـدی
تایبە تی خۆیان و لایە نە کە یان کردووە .
نە وانە یشی بە بڕ و بیانووی ئایدۆلۆژییـە وە
ریزە کانی پارتی و یە کیٚتیان بە جیٚهیٚشتـووە
، چونکە بیانووە کان هە میشە رۆڵی چـاوبە
ستیان وازیکردووە ، پاش چە ند سـاڵیٚـك
هە ر لە پیٚناوی بە رژە وە ندی تایبە تی خۆیاندا
، بە رە و ئامیٚزی لایە نە کان گە ڕاونە تە وە ،
ئە گە ر نا کە سیٚکی وە ك مە لا بــە ختیار
دوای ئازارو و لیٚدان و تاوانی ناپاکی خستنە
پاڵ و پاکانە پیٚنوسین و چوار ساڵ زیندانیـ
ـکردن نە دە گە ڕایە وە بـــۆ ریزە کانــی
یە کیٚتی .

مە لا بە ختیار تا بە رپرسی مە ڵبە ندی یە کی
یە کیٚتی بوو ، هیچ جیاوازییە کی فیکری
لە گە ڵ سە رکرایە تی یە کیٚتیدا نــە بوو ،
بە لام هە ر کە ئە و دە سە لاتە ی لیٚ سە نـ
ـدرایە وە کە وتە ململانیی ئـایدۆلۆژی ،
ناوبراو وە ك چۆن ساڵی ١٩٨٤ دە یویست
بە رگیٚکی فیکریی بە بە ر بە رژە وە نـدییـە
تایبە تییە کانیدا بکات ، ساڵی ١٩٩٤ یش
ویستی بە دیۆجامە ی ناکۆکی نیٚوان پارتی و
یە کیٚتی ، مە سە لە یە کی تایبە ت بـە خۆی
دابپوشیٚ .

من نە نیازم هە یە وانە ی رە وشتی بـــاڵا
بلیٚمە وە ، نە پە ریٚزی پارتیش بـە خاویٚن
دە زانم ، بە لام ئە گە ر مە لا بە ختیار لـە
پە ریٚزدا نە بووایە ، نە لاقی بە و تە ڵە یە وە
دە بوو ، نە ناچاریش دە بوو بە جۆریٚ داکۆکی
لە خۆی بکات ، کە زیانی لـــە قازانجی
زۆرتر بیٚ .

ســامی ســالاٚنیٚك لــە پارتی یاخیبوو
پارتییە کی پیٚشرە وی لـە سە ر شیٚوازیٚکی
نویٚ دامە زراندبوو، ئە و پە ڕی چە پی لە
چە پە کان گرتبوو ، خاوە نی ئە لتە رناتیڤی
دیموکراتی و چە کوش و داسی خۆی بـوو ،
هە تا راپە رینە کە ی بە هاری ١٩٩١ئە مە یان
دە ستکە وتی زیٚتربوو. دواتر هە ر لـە پیٚناوی
بە رژ وە ندی تایبە تی خۆیدا ئە و کـاژە
دیمکراتی و چە پڕە وانە سـاختە یـە ی دوور
فریٚدا و بۆ باوە شی پارتییە ، خۆی گوتە نی
؛ کۆنە پاریٚزە ، نادیمکراتییە خیٚـڵە کییە
گە ڕایە وە.

پاسۆکیش کە خۆی بـــە هە ڵـگری بیری
راستە قینە ی کوردایە تی دە زانی و بـانگە
شە ی بۆ کوردستانی گە ورە ی ئازاد دە کـرد
، سووك و باریك لە ئامانجە قە بــە و
دروشمە رادیکالە کانی پاشگە ز بووە و ماسی
ئاسا خۆی لە گە رووی نە هە نگی پارتیدا
بینییە وە . سە رکردە کانی پاسۆك لـــە
پیٚناوی دە ستکە وتی رۆژانە ی خـۆیـانـدا
دە ستبە رداری سە ربە خۆیی بوون و چوونـە
هە ناوی ئــە و پارتییە وە ی ئامانجی لــە
ئۆتۆنۆمی زیٚتر بڕ ناکات و سە رۆکە کە ی
{{ گە رچی پلنگی بیٚشە ی کوردستـانە
بە لام هە میشە دڵی بۆ شاری بــە غدا
لیٚدە دات }} (٥).

* * *

وە ك چۆن هە ویٚنی ناکۆکییە کانی نیٚوان
لایە نە کوردییە کان و سـیـاسـە تمە دارانی
کورد، شتی تایبە تین نــە ك گشتی ،
شـە خسین نە ك فیکری ، ئە م دیاردە یـە
پە تایە کە بە ناو بە شیٚك لـە نوسە رانیشدا
بلاوبۆتە وە ، بە شیٚك لـە نوسە رانیش وە ك
سیاسە تمە داران هە وڵیان داوە کـیٚـشـە
تایبە ییە کانی نیٚوانیان وە ك نـاکۆکی
فیکری و سیاسی نیشانبدە ن ، ئــە وانیش
وە ك سیاسە تمە داران پە نایان بۆ زە بر و
زە نگ بردووە بە لام بە شیٚوە یـە کی دی
، ئە وانیش وە ك سیاسە تمە داران هە میشە
توانیویانە کۆمە ڵی خە ڵك فریو بدە ن .
سوکایە تی بە مرۆڤ کردن ، شیٚوە یە کە لە
شیٚوە کانی زە برو زە نگ نواندن و لە گە لیٚ
بواردا رە نگدە داتە وە ، پارتی کاری سـە ر
بە خۆی کوردستان کە بــە و بیانووانـە ی
لە حیزبی شیوعی کورستان - عیـراق
جیابووە وە ، گوایە حیزبی ناو براو لـە
کاروانی کوردایە تی دواکە وتووە و چە پایـە
تیشی لە دە ستداوە ، کە چی پارتی کـار
کە دە بیٚ لە حیزبی دایك کورد تر و چە پتر
بیٚ ، یە کە م هاوپە یمانیتی سـتراتـیـژی
لە گە ڵ پــارتی پــاریٚزگارانی کوردسـتـانی
عومە ر سورچیدا دە بە ستیٚ . ئــە مە وە ك
سووکایە تیکردنیٚکی زە قە بــە ئـە نـدام و
لایە نگرە کانی خۆی ، لــە هە مـان کاتیشدا
دیاردە یە کی نویٚیە لە سە ر ئاستی جیهان ،
ئە مە یە کە م جارە لە میٚژوودا رادیـکالان و
پاریٚزگاران بە و شیٚوە قوولە ریٚك بکە ون (٦).

رە فیق سابیر تیٚبینی لە سە ر ئە وهاوپە یمانیتییە
ستراتیژییە ی نیٚوان کاری سە ربە خۆ و عومە ر
ئاغای سورچی نییە ، کە چی ســووکایـە تی
بە لایە نە کانی هاوپە یمان لە گە ڵ پــارتی و
یە کیٚتیدا دە کات و دە نوسیٚت : {{ حیزبۆکە کانی
تری نیٚو بە رە ش کە بۆ تیـکە ڵـانیٚکی
بە رماوە ی دوو حیزبە کە ئامادە ن لە ســە ر
سك بخشیٚن ، ئە وە ندە یان بە سە کە لە موناسـە
بە یە کدا ئاورێکیان لیٚ بدریٚتە وە }}(٧)

من گە رچی نە ك هە ر داکۆکی لە حیزبی شیوعی
کوردستان و زە حمە تکیٚشان و بزوتـنـە وە ی
دیمکراتی ئاشوریە کان ناکە م ، بە لکو کە م و
زۆر لە تاوانە کانی پارتی و یە کیٚتیدا بە رپرس و
بە شدارن ، بە لام لە هە مانکاتدا لە وە دڵنیام
کە هاوکاریکردن بە هە مان مە بە ستی دە رۆزە ی
بە رماوە لە گە ڵ عومە ر ئـاغـای سورچییدا ،
لە هاوکاریکردن بە هە مان مە بە ست لـە گە ڵ
یە کیٚتی و پارتیدا ئابڕومە ندانە ترنییە ، ئە گە ر
ئابڕو بە رانە تر نە بیٚ . رە فیق خۆی سە ر بـە
حیزبیٚکە گە لیٚ لە و سیٚ حیزبە بچوکـە ی
نیٚو بە رە ی کوردستانی بچوکترە ، بۆیە جیٚی
سە رسوڕمانە ، ئە و سیٚ لایە نە ی بە حیزبۆکـە
ناو بردووە . ویٚرای ئە مە پارتی کاری سە ربە خۆی
کوردستان لــە میٚژە لە خە باتیٚکی بیٚوچان
دایە ، بە مە بە ستی ئــە وە ی لە و بــە رە
کارتۆنییە دا جیٚی بکە نە وە .

رە فیق سابیر دە ڵیٚ : {{ چە ند دیمکراتی لـە
نیٚو سە ری ژیٚر عە گال .... دا جیٚی بۆتە وە ،
هە ر هیٚندە ش لە ژیٚر سە ری ژیٚر جە مە دانیدا
جیٚی دە بیٚتە وە }} (٨).

ئە مە وە ك ســووکایە تیکردنە بـە هە ر دوو
نە تە وە ی کورد و عە رە ب ، چونکە بە سووکی
روانینە بۆ جل و بە رگی ئە و دوو نە تە وە ،
هە روا تابلیٚی لە راستیشە وە دوورە . هیتلە ر ،
مۆسیلینی ، ستالین و چاوسیسکۆ نە عـە گالیان
دە بە ست ، نە جامە دانی کە چی دیکتاتۆریش
بوون .

رە فق سابیر دە ڵیٚ : {{ کاتیٚك لـیٚپرسراوانی
دە وڵە تی عیراقی کە دیٚنە ئە ورووپا ، هە ندیکیان
سە رقاڵی سۆزانچیتی دە بن ، بۆ دە بیٚ لۆمە ی
وە زیریٚکی حکومە تی هە ریٚم بکریٚ ، کـە
لە بە ر چاوی چە ندان هاووڵاتی سۆزانی بۆ
لە پە ردە بکریٚ ! }} .

ئە مە یە کە مین جارە رە فیق بە هە مان
چاو سە رنجی بە عس و رژیٚمی هە ریٚم بدات،
ئە مە یە کە مین جارە دە سە لاتدارانی هە ریٚم

ره تبكاته وه و پێشنیاریان پێشكه ش نه كات. پێشنیار بۆكیێ ؟ بۆ ئه وانه ی لووت و گوێی دیلی كوژراو ده برن ؟ بۆ ئه وانه ی تـه قه له ریێ پیێوانی ئاشتیانه ی جه ماوه ر ده كه ن ؟ بۆ ئه وانه ی شاره كانی كوردستانی بنده ستی خۆیان بوردوومان ده كه ن ؟ بـۆ ئه وانه ی له سه ر بیرو باوه ڕ ڕێناس و نه زیر عومه ر عه لی و ره ئوف ئاكره یی و ئه بو به كرعه لی ده كوژن ؟ بۆ ئه وانه ی له به رده م جه للادانی گه له كه یاندا خۆیان به سوك ده زانن و كه چی رۆژانه سووكایه تی به گه له كه ی خۆیـان ده كه ن ؟ پێشنیار پێشكه ش به وانه نـاكری كه ته نیا له زمانی زه بر و زه نگ ده گـه ن ، پێشنیار ده خرێته به رچاوی كه سانی دیموكراتـی نه ك فاشسیت .

ره فیق گه یشتـۆته ئه و سه ره ئـه نجامه ی هیچ جیاوازییه كی ریشه یی له نێوان پارتی و یه كێتی و به عسدا نییه .

ئایا ئه م هه ڵوێسته نوێیه ، ره نگدانه وه ی گۆڕانێكی فیكرییه ؟ دوورنییه خوێـنـه ری نابه له د وای بۆ بچیێ . من له لای خۆمه وه له مێژه پیێم وایه ، ئه و سیێ لایه نه ، سیێ لقی دره ختێكی زرِن ، په ینی زه برو زه نگ گه شه ی پیكردووه و هه ر سیێ لایان هه ڵگری یه ك ئایدۆلۆژیان و له یه ك سـه نگه ری چینایه تیدان و تا ئێستا چیبان بۆ چه وساوه كانی كوردو عه ره ب كردووه ، له مه ودوایش له وه چاكتری بۆناكه ن .

به داخه وه ئه م هه ڵوێسته نوێیه ی ره فیـق ره نگدانه وه ی خه باتی فیكریی نییه ، به لكو له ئه نجامی مه سه له یه كی تایبه ت به خۆی و ئه و وه زیره سه ری هه ڵداوه ، كه له لـه نده ن دوو ساڵ له مه وبه ر ره فیق گوتته نی :

{{ سۆزانی بۆ له په رده كراوه }} ره فیـق كه وا توند و تیژ نوسیوویتی ، سه رچاوه ی ئه م زه بروزه نگ نواندنه ی رقـی پیرۆزی چه وساوه كانی كوردستان نییه ، له بری ئه وان وا توره نه بووه ، هه ونێی تـووره بوونه كه ی ناكۆكی دڵداری نه ك رامیاری نێوان خـۆی و ئه و وه زیره یه !!

ره فیق گه رچی مێشكی بیركه ره وه ی پارتی كاری سـه ربـه خـۆی كوردستانه ، كه چی ئه مجاره یان به دڵ بیری كردۆته وه نـه ك به مێشك ! من وه ك راهاتووم هیچ لـه ژێر په رده دا ناهێلمه وه ، با لای هه موان ئاشكرابیێ ، ئه و وه زیره ی ره فیق به هۆیـه وه غه زه بی له رژێمی هه رێم گرتووه ، شێركو بێكه سه . ئه و ئافره ته بشی ئاگری ئـه م شه ره « فیكرییه ی » خۆشـكردووه كـه ژاڵ ئه حمه ده . پیێ ده چیێ وه ك چۆن له سه ره تای ساڵانی حه فتادا ئه حلام مه نسوور گوڕێكی به شعری كوردیدا كه ژاڵ ئه حمه دیش لـه ناوه راستی ساڵانی نه وه د دا گوڕیێ به فیكری كوردی بـدات .

پشبه ستن به زه برو زه نگ بۆ یه كلایكردنه وه ی كێشه تایبه تییه كان ، ته نیا بـه ده ستدانه چه كدا ده رناكه ویێ ، ده شـیێ هه رگیز ده ستت به رچه ك نه كه وتبیێ و دیكتاتۆریش بی ، ئازاد عه بدولواحید ده ڵیێ {{ هه ندیێ نووسه ر له لایه ن رژێمه وه ئه و ده وره یان پێسپێررابوو كه بـه رواڵـه ت كورد په روه رن بن و له ژێره وه یش به ( راپۆرت ) نووسین نووسه ران به سـه ر بكه نه وه }} (١٠)

ئازاد كه له خۆرا ئه م تاوانه ی هه ڵبه ستووه نه ناوی یه ك دووانی له و نوسه ره راپۆرتـنووسانه ی بردووه ، نه ئاماژه ی بۆ به ڵگه نامه یه ك كردووه ، ئـه گه رچی هه موو به ڵگه نامه نهێنییه كان دوای راپه رینه كه ئاشكرابوون ، ئه م شێوازه نووسینه ، په نـا بردنه به ر زه بروزه نگ نه بیێ ، هیچی دیكه نییه و كه نووسه رێك ئه مه كرده وه ی بیێ ، ئیدی بۆچی پارتی و یه كێتیش مافی ره وای خۆیان نه بیێ ، به نـاره وا تـاوان به خه ڵكه وه بلكێنن و پاشان تیرۆری بكه ن !

ئازاد كه نووسه رانی دیكه به راپۆرتنوس تاوانبار ده كات ، خۆی یه كێكه لـه وانه ی راپۆرتی له نووسه ران بۆ رژێم ده نووسی. من وه ك ئه و دیكتاتۆرانه تاوان هه ڵنابه ستم ، بۆ راستی قسه كانم خوێنه ر ده تـوانی ئه و راپۆرته بخوێنێته وه كه ئازاد بۆ رژێمی به عسی نووسیوه و نووسه ری ئه م دێرانه یش ده ساڵ له مه و به ر بڵاوی كردۆته وه . (١١)

ئازاد كاتیێ وشه ی ( راپۆرت ) ی به تۆخی نووسیوه ، مه به ستی ئه وه بووه سه رنجی خوێنه ر بۆ ئه وه رابكێشی . كـه فوئـاد مه جید میسری ئه وی نووسه ری شـانۆ نامه ی « راپۆرت » ـه ، یه كێكه لـه وانه ی راپۆرتیان بۆ به عس نووسیوه . ئازاد كـه جامی كۆنه قینی به سه ر فوئاد دا قـڵپـكردۆته وه ، له به ر ئه وه نییه كه خۆی له سایه ی به عسدا شۆڕشگێڕ و فوئادیش سیخوڕ بووبی .

راستییه كه ی هه ونێی ئه م زه بروزه نـگ نواندنه ی ئازاد دژی فوئاد ، ده گـه ڕێته وه بۆ دوازده ساڵ له مه و بـه ر ، له سـه ر وه ختی دیـداری دووه می چیرۆكـی كوردیدا كه له هه ولێر سازكرا ، ئازاد كه وته به ر هێرشی زه بروزه نگی بـه كرده وه ی فوئاد . چونكه زه برو زه نگ ، زه برو زه نگ ده خوڵقێنیێ ، ئازاد مه به ستی تۆڵه كردنه وه یه و هیچی تر . ئه گه ر نا له سه ر ناوهێنانی نووسه ری به ئاشكرا قه ڵه م به به عس فرۆش په كی نه ده كه وت ، به ڵام چونكه ئێستا ئه و قه ڵه م به به عس

فرۆشانه قه ڵه مه كانیان به یه كیتی و پـارتی فرۆشتووه ، ئازاد زات ناكات ناویان ببات . كه یه خه ی فو ئادی گرتووه بـه بـه ردیێ سیێ كێشكه ی پێكاوه : هه م تۆڵه ی دێرینی خۆی كردۆته وه ، هه میش ئه وی به بیێ پیێ زانیوه ، چونكه دڵنیایه نـه سه ر به پارتییه ، نه سه ر به یه كێتی . وێرایی ئه مانه هه وڵیشی داوه ، ئه وه ی له بیری خه ڵكیدا بسرێته وه كه خۆی راپۆرتنووسێكی چالاك بوو.

كه ژاڵ شه ریف قادر ، له به ر ئه وه ی لـه كوردستاندا خه ریكی ته قـاندنه وه ی ده زگـه خێرخوازه كان بوو ، ده گیریێ و بڕیاری لـه سێداره دانی ده دریێ ، یاسین قادر بـه رزنجی سه رێكی له ئاسایشی سلێمانی داوه و چاوپێـكه وتنێكی له گه ڵ ساز كردووه . ئـه مه دوا پرسیاری یاسینه له كه ژاڵ :

{ - گه ر خه وت لیێ بكه ویێ بـه چییه وه خه و ده بینی ؟

- به كوڕه بچكۆڵه كه مه وه .(١٢)

كه چی یاسینی رۆژنامه نووس و هونه رمه ند و نووسه ر ! ده ڵیێ {{ یه كه م جاربوو له ژیانمدا به زه ییم به كه سێكدا نه یه ته وه ، كه مه رگ چاوه ڕوانی بكات }} (٣١) ئه مه له بری ئـه وه ی باس له و په یوه ندییه كۆمه ڵایه تییه دژوارانـه بكات ، كه ئه و دۆزه خه یان بـۆ كـه ژاڵ داخستووه ، یان بیری بۆ ئه وه بچیێ ، لـه مێژه له گه لێك له وڵاتانی جیهاندا سـزای له سێداره دان گوڕیی بزربووه .

یاسین هه ر به وه نده دڵی ئاوی نه خواردۆته وه ، به لكو ستایشی ئاسایشی سلێمانیش ده كات و ده ڵیێ: {{ ئه م ئاسایشه گه رچی له باره گه ی هه مان ئاسایشی سه رده می به عسدایه ، به ڵام ئه مه ی ئێستـا ( ئـه و ده ست و ده روون ره شانه ی تیا به ند ده كرێن ، كه دژی كورد كارده كه ن ) (٤١) هه روه ها به پێی چاوپیكه و تنه كه ی یاسین {{ سیخوره كانی ئێستـای سلێمانی ئازاری كه س ناده ن و زۆریش ئینسانن }} (٥١). یاسین وه ك خۆی نووسیوێتی : ئاسایشی جاران ناچاریان كردووه ستـایشی به عس بكات ، تۆ بڵێی چه ند ساڵێكی دیكه بنووسی : ئاسایشی یه كێتی ناچاریان كـردم ستایشیان بكه م . یاسین ویستویه تی بـه م هه ڵوێسته لاوازه تازه یه ی ، هه لوێسته لاوازه كۆنه كه ی چاره سه ر بكات ، به ڵام ئـه وه خۆراگرتنه ، چاره سه ری تیكشكانی یـه كه م ده كات ، نه ك تێكشكانێكی دیكه .

به پێی راپۆرتی ئه مسالی ئه منستی پۆلیسی سویدی و دانماركیش درندانه مامه ڵه لـه گه ڵ زیندانی و په ناهێنه ردا ده كه ن . هه ر ئـه و ساڵ پۆلیسی سویدی زیندانییه كیان ئه وه نده درندانه گوێزایه وه له رێگا مرد . تـۆ بڵێی ئاسایشی سلێمانی له پۆلیسی سویدی مرۆڤـدۆستتر بن ! ئاسایش ؛ له هه ر كوێیه ك

بیێ درندە ترین دە زگە ی سە رکوتگە رە ، کە چی یاسین وا باسی ئاسایشی سلێمانی دە کات خاچی سوور و پزیشکانی بێسنور ئیرە یی پیێ بە رن .

لای کە م یاسنیش هێندە ی من ئاگادارە ، لە و ئاسایشە نوێیە دا کوردی دڵسۆزی ئێران بە تاوانی بە زاندنی سنووری عیراق بە ند کراوە و ئازاریش دراوە ، ئە مە لە کاتێکدا دە زگە ی کوردستانی ژێردە سە ڵاتی ئە و ئاسایشە بۆ جە للادانی سە ر بە رژێمی ئێران لە سە ر گازە رای پشتە . ئاگادارە هە ر بە دە ستی ئە م ئاسایشە چە وساوە کانی شاری سلێمانی نە ك هە ر گیراون ، ئازار دراون ، پاکانە یان پیێ نووسراوە ،ماڵیان تاڵانکراوە و شاربە دە ر کراون ، بە لکو کوژراویشن .

ئە گە ر رۆژنامە نووسێکی دووجار سە ر کوتکراو ، داکۆکی لە جە للاد بکات ، لە گە ڵ لە سێدارە داندا بێت و سیخوڕ بە مرۆڤدوست و وڵاتپارێز لە قە ڵە م بدات ، ئیدی بۆچی جێی سە رسوڕمان بیێ ، کاتێ دە زگە ی سە رکوتگە ر رێپیوانی ئاشتیانە ی خە ڵکی سلێمانی بە ر دە سترێژ دە دە ن و دە یان کە س شە لالی خوێن دە کە ن ؟ وە ك لە ١٣ ی حوزە یرانی ١٩٩٤ دا کردیان ؟ یان وە ك لە یە کی ئە یلولی هە مان ساڵدا دووبارە یان کردە وە و خە ڵکە هە ژارە کە ی گە ڕە کی حامییە یان گوللە باران کرد ؟ جە لال ژاژڵە یی کە لای خۆی لە بواری پە روە ردە ی منداڵدا کاردە کات ، دە ڵێت :

{ بۆ ئە وە ی منداڵ گوێڕایە ڵ بێت ، دە بیێ بە پێی ئە م مە رجانە لێی بدرێت :

- نابیێ تە مە نی لە شە ش ساڵ کە متر بیێ

- لە شوێنی ناسکی نە درێت ، وە ك ئیمامی غە زالی دە ڵێت : بە پە نجە لە سە ر رروومە تی بدرێت } (١٦)

تە نانە ت ئە وانە یشی بە کاری پە روە ردە ییە وە سە رقاڵن ، بۆ دە ستە مۆکردنی منداڵ ، پە نا بۆ زە برو زە نگ دە بە ن ، ئیدی بۆچی ئە و گە ورە ساڵانە ی نارە زایی دە ر دە برن ، بە زە بری گوللە فێری گوێڕایە لی نە کرێن !

کە بیری جە لال ژاژڵە یی ئازاردانی جە ستە ی منداڵی شە ش ساڵانە ی کورد بە رە وا بزانی ، ئیدی بۆچی گزیری جە لال تاڵە بانی هە ست و نە ستی منداڵی کورد پۆستاڵ شێل نە کات و بە شە ڕە تە قە ی ناو شار منداڵی کورد نە تۆقێنیێ ؟!

زە برو زە نگ نواندن گە لیێ جۆری هە یە ، یە کێك لە جۆرە هە رە دژوارە کانی سووکایە تی بە خە ڵکی کردنە .

کاروان عە بدوڵا دە ڵیێ : {{ نووسە ری کورد لە دە رە وە رە نگە بە مانگێك رۆژنامە یە ك نە خوێنێتە وە }} (١٧) .

ئە م سووکایە تیکردنە بە نووسە ری ئاوارە ی کورد ، تە نیا لە کە سێك دە وە شێتە وە کە دیکتاتۆرێك لە ناخیدا بژی ، ئە گینا نە ك نووسە ر ، خوێنە ریش نیيە لە دە رە وە ی وڵات بژی و لای کە م مانگی گۆڤارێك ، یا رۆژنامە یە کی نە گاتیێ ، ئە گە ر ئە وە لە بە رچاوبگرین ، لە ئە ورووپا دە یان گۆڤارو بڵاوکراوە بە کوردی دە ردە چن ، چ جای ئە وانە ی وڵات ، وێرای ئە مە ئە وی لە تاراوگە ژیان بە سە ر بە رێت ، دوای دوو سیێ ساڵیێ ، ئە وە ندە زمانی ئە و وڵاتە ی لێی دە ژی فێر دە بیێ کە لای کە م هە فتە ی جاری رۆژنامە یە کی پیێ بخوێنێتە وە . کاروان هە وڵیداوە هە ڵە کە ی راستبکاتە وە و ئە مجارە یان { کێوی مە زن } ی بە ستە ڵە کی بە زە یی و سۆزی تواوە تە وە و دە ڵیێ :

{ من وتوومە لە وانە یە نووسە ریك لە ویێ بە مانگێك رۆژنامە یە ك نە خوێنێتە وە } (١٨) .

وە ك دە ردە کە ویێ راستکردنە وە کە ی لە هە ڵە کە ی چە وتترە ، چونکە تە نیا لە وشە ی ( لە وانە یە ) پاشگە ز بۆتە وە ، ئە ویشی کردووە بە : { رە نگە } ، کە من هە ست بە جیاوازیان ناکە م ، کە واتە کاروان بۆ دووە م جار لە سە ر سووکایە تیکردن بە نووسە ران سوورە ، چونکە ئە وی بە مانگێك رۆژنامە یە ك نە خوێنێتە وە ، نە ك نووسە ر نیيە ، خوێنە ریش نیيە ، بە لکو نە خوێندە وارە .

رێباز لە نامە یە کدا کە بۆ (هە نگاو) ی ناردووە ، زە بری خۆی خستۆتە کار و دە ڵیێ :

{ مێژووی کورد ئە و جۆرە نووسراوانە ی بیرناچێتە وە کە رە خنە لە دە سە ڵاتدارانی هە رێم دە گرن } (١٩).

واتا : گە ر سبە ینی یە کێك لە وانە ی رە خننە یان لە دە سە ڵاتی تاڵانکە رو بکوژی هە رێم گرتووە ، رێیان کە وتە وە کوردستان ، لە ویێ بە سزای رە وای خۆیان دە گە ن .

ئە م هە ڕە شە چییە بە لایە وە سە یرە ، هە نگاو باسی لە بێلایە نی خۆی کردووە و پێی وایە : چونکە دە سە ڵاتدارانی هە رێم کوردن ، ئیدی دە بیێ هە موو کورد لایە نیان بگریێ ، هە ستی بە وە نە کردووە کە زۆربە ی کوردی ئە ورووپا پێیان شە رمە سە ر بە و بکوژ و جە ردانە بن .

رێبازی - ی لایە نگر لە کویێ بزانیێ هە ڵبژاردنی پە رلە مان ، فێلێك بوو یە کێتی و پارتی لە ئە ورووپا و ئە مریکایان کرد ، بە و مە بە ستە ی وای نیشانبدە ن هە رێم ناوچە یە کە دیموکراتی تێیدا سە روە رە ، تا ئابلوقە یان لە سە ر هە ڵبگریێ و یارمە تییان بە سە ر دابباری .

رێباز - پێی وایە : کە س بۆی نیيە لە ئە ورووپاوە رە خنە لە رژێمی سە رکوتگە ری هە رێم بگریێ ، ئە وی رە خنە ی هە یە ، دە بیێ بچیێ لە وی بیخاتە روو ، ئە گە ر کە س بۆی نە بیێ لێرە وە رە خنە لە ویێ بگریێ ، دە بیێ کە سیش بۆی نە بیێ لێرە وە داکۆکی لە ویێ بکات . دە بیێ کە سیش بۆی نە بیێ لە وێوە رە خنە لە کوردی ئە ورووپا بگریێ .

فریودانی خە ڵکیش جۆرێکە لە جۆرە کانی زە بر و زە نگ نواندن .

ئە وە تا رێباز دە ڵیێ :

{ حکومە ت و پە رلە مان بە رهە می تێکۆشانی چە ند ساڵە ی ئە و حیزبانە یە } (٢٠)

حکومە ت و پە رە لە مان دوو قاوغی بیێ ناواخنن و دە ستیان لە هی کە رویشك کورتترە ، شتێك نین و خێرو خۆشییان بۆ کورد هێنابی و دوو مقاشی ژە نگاوین بە دە ست یە کێتی و پارتییە وە . دیارە رێباز هێندە ئاگاداری کوردستان نیيە ، دە نا وای نە دە گوت ، فە لە کە دین کاکە یی کە خۆی ئە ندامی پە رلە مان بووە ، دە ڵیێ : { بڕۆخی پە رە لە مان ، بڕۆخی پە رلە مان } (٢١) هە روە ها دە ڵیێ :

{ ئە ندامی پە رلە مان ئازادی ئیستقالە کردنیشی نیيە } (٢٢) . سە رە ڕای ئە مانە حکومە ت و پە رلە مان بە رهە می خە باتی پارتی و یە کێتی نین ، بە لکو لە ئە نجامی { گە ردە لولی بیاباند } ە وە سە ریان هە ڵداوە .

رێباز بە سووکایە تی پیکردنە وە ، بە وانە ی رە خنە یان هە یە ، دە ڵیێ :

{ بۆچی بە رنامە بیێ هە ڵە کانتان نابە نە وە ، فریای ئە و کوردە هە ژارە ی بخە ن ؟ }(٢٣).

هە رچی کوردی دڵسۆز و ساویلکە ی کوردستان و ئە ورووپا هە ن ، هە موویان بە هە ر شێوە یە ك بۆیان لوابیێ ، پێشنیار و بە رنامە ی خۆیان خستە بە ردە م پارتی و یە کێتی و تکایان لێکردن ، شە ڕە کە راگرن ، کە چی شە ڕ هە ر درێژە ی کێشا ، بە ڵام هە ر کە ئە مریکا سوکە هە ڕە شە یە کی نارد سە ریان بە قاوغە کە ی خۆیاندا کردە وە و تە بایيان مۆرکرد .(٢٤)

لێرە دا پێویستە ئە وە بڵێم کاتی جە لال تاڵە بانی بە گە ڕانە وە ی بۆ کوردستان جاڕی ئاگربڕی دا ، ئە وە لە مرۆڤدوستی و نیشتمانپە روە ری و ئاشتیخوازییە وە نە بوو ، چونکە دە یتوانی لە شامیشە وە شە ڕە کە رابگریێ ، بە لکو بە هیوای ئە وە بوو لە ماوە یە کی کورتدا کوردستانی باشور لە پارتی خاوێن بکاتە وە ، بە ڵام کە کودە تا سە ربازییە خوێناوییە کە ی سە ری نە گرت ، بە مە بە ستی خۆ کۆکردنە وە بۆ هە لێکی

دیکه جاری ئاگر بری دا .
هه موو ئه و شه ڕانه ی یه کێتی لـــه گه ڵ
لایه نه کانی دیکه ی گۆڕه پانی کوردستـان
کردوونی ، ماوه یه کی کورتییان خابـاندووه ،
هه موو شه ڕێك به تایبه تی ئه گه ر ناڕه واش
بێت ، به درێژه پێدانی ده یان کۆسپی چاوه ڕێی
نه کراوی له به رده مدا قووتده بێته وه و ده یان
که لێنی نوێی تێده که وی .
ئه وه له گوماندا نه ماوه ، ئه گه ر وڵاتێك
له گه ل دراوسێکانیدا له شه ڕدابێ ، ناتوانی
شه ڕێکی ناوخۆی سه ختیش هه ڵبگیرسێنێ
ئـــه گه ر له نـــاوخۆدا خه ریکی شـــه ڕێکی
دژوار بێ ، ناتوانی شه ڕی دراوسێکانی بکات
عیراق تا شه ڕی له گه ڵ ئێران رانـه گرت ،
کوردستانی ئه نفال نه کرد ، تـــا کوردستانی
ئه نفال نه کرد ، کوێتی داگیر نه کرد .
یه کێتی ده یزانی چارده وری کوردستان بـه
دوژمن ته نراوه ، بۆیه ده بوو یان شه ڕی پارتی
نه کات ، یان که کردی به هه فته یه ك بـه
ئه نجامی بگه یێنێ . که شه ڕ نه گه یشته ئـه
نجام و دژی یه کێتیش په ره ی سه ند ، به تایـ
ـبه تی که بـزووتنـــه وه ی ئیسلامی بووه
لایه نێکی گرنگی شه ڕه که ، ئیدی یه کێتی
له لاوازییه وه داوای ئاشتی کرد .
له به ر رۆشنایی ئه و راستیانه دا ، یه کێتی
به وپه ڕی هۆشیارییه وه شه ڕی هه ڵگیرساند و
له مێژیش بوو ، به رنامه ی بـــۆ دارشتبوو ،
پارتیش چونکه له گوێی گـــادا نوستبوو،
هه ر له سه ره تاوه گه لێ جێ پێی له ده ست
دا ، بۆیه دواتر نه یده ویست ئاشتییه کی
سه رشۆڕانه مۆربکات .
تاقه یه ك ئه لته رناتیڤ له به رده م خه ڵکی
کوردستاندا هه یه : پارتی و یه کێتی که وه ك
دوو ئه ژدیها ده میان ژه نیوه ته جه سته ی
کوردو خوێنی ده مژن ، ده بێ وه ك بـه عس
سه رنجیان بدرێ و هه ڵسوکه وتیان له گه ڵدا
بکرێ .
گه رچی ئه و دوو لایه نه به بـــه راوه ژه وو
که لکیان له هه ژاریی خه ڵکی کوردستان
بینیوه و به شێکی زۆری کوردیان دوای
خۆیان خستووه ، به لام ئه مه حاله تێکی
نه گۆڕ نییه و رۆژێ دادێ به ر زه بــــری
کوشنده ی خه ڵکی چه وساوه ی کوردستـان
بکه ون ئه وسا ( رێباز ) یش له خه وه قووله
که ی بێدار ده بێته وه و به رنامه ی بـــێ
هه ڵه ی خه ڵکی کوردستان به چاوی خـۆی
ده بینی.
که ژاڵ ئه حمه د ئێستا ده ڵێ :
هه موویان ماڵیان به جێهێشت ....
نیشتمانیان له پێ کردوو له دوورا ده یلاوێننه وه
نازانن خۆڵ ... نووسی : ئێوه ناڕه سه ن بوون
(۲٥)
ئێستا ده وروبه ری ملیونێك کوردی هـه ر
چوار پارچه که له تاراوگه ده ژین . ئایـا
ئه وانه ناڕه سه نن یـان قوربانی ده ستی
داگیرکه رانی کوردستان و لایه نه کوردییه
کیوییه کانن ؟
که ژال نه ده بوو په نا بو وشه ی ناره سه ن
به ریت ، چونکه ئه و خوی به ئافره تیکی
باخیبوو له هه موو شته کوردییه ره سه نه
کان ده زانی ، ره سه ن ده ربرینیکه خه لکانی
کونـــه پـــاریز ریزی لیده گرن و داکوکی
لیده که ن ، نه ك ئه وانه ی له گه ل گوران
و پیشکه وتندان ، کون ، هاو واتا هاوچه ر
خه که ی ره سه نه .
که ژال که بیرو باوه ری کون ره تده کاته وه
، نه ده بوو له کوردی نیشته جیی دوزه خی
ئاواره یی ببیته کونه پاریز . مروف به ده ست
خوی نییه له کوی له دایك ده بی ، به لام
خوی ئازاده ده یه وی له کوی بژی . ئه مه
یه کیکه له مافه سه ره تاییه کانی مروف و
له ئه وروپا ته نیا قوتابییه کانی هیتـــله ر
دانی پیدا نانین . زورم بـــه لاوه سـه یره
که ژالی شاعیری هه ست ناسك ، ئه وه نده
دلره قـــانه سـه رنجی کوردی دوور ولات
ده دات و ته نانه ت ئه و مافه شیان پـــی
ره وا نابینی کوردستانیان خوشبوی و لـــه
دووره وه بیلاوینته وه .
به لام که ژال جاران ده یگوت :
ئه وینده رم نه بینیوه ،
خوم لیره م و ره گیکی سه رکیشم
لـه ویبه ،
بریتییه لـه ره گی خه ون ، عه شق ،
شیتبوون ،
که ی ده مبه یت بو ئه وینده ر ئه ی
ره گی من ،
که ی ده مبه یت ، که ی ؟ (۲٦)
ئه گه ر که ژالیش ، وه ك به هیوا بوو، بـوی
بلوایه له وینده ره وه « کوردســـتـان »
بگه یشتایه به ئه وینده ر « ئــه وروپا »
شیعری ( نــــاره سه ن ) ی هـــه رگیــز
نه ده نووسی ، به لام که خه وه که ی نـه
هاته دی ، که دووچاری په یمانشـــکانـدن
هات و پروژه که ی هه لوه شایه وه ، هـه موو
کوردی ئه وروپا به ناره سه ن له قه له م
ده دات .
میلله ت نییه له م جیهانه دا به شیك له
روله کانی له تاراوگه نه ژین . ئـــایـــا
هه موو ئه وانه ئیدی به خوشی خویـان
یان له ناچارییه وه نیشتمانیان به جیهیشـــ
ـــتبی ، هه موویان ناره سه نن ؟؟
که ئه مه لیکدانه وه ی کچه شــاعیریك
بی ، ئیدی گله یی چی له پاریزگاری
سلیمانی بکه ین که به قـاچی پیروزی
خوی ، شه قی له کوردیکی ئـــه وروپا
هه لدابوو، به تاوانی ئه وه ی له هه نده رانه وه
ره خنه ی له کوردستان گرتووه . یان ره خنه ی چی
له ئاساشی دهوك بگرین که دوو کوردی سویدیان
له زیندان توند کردوو به عسیانه هه لسوکه وتیان
له گه لدا کردن.
زوربه ی هه ره زوری ئه وانه ی پیش راپـه رین
باشوری کوردستانیان به جیهیشتووه ، راونـــراوی
ده ستی به عسن ، ئه وانه یشی ئیستا ئاواره ییان
پی له ژیانی ژیر سیبه ری ده سه لاتی پارتی و
یه کیتی چاکتره ، له به ر ئه وه یه ئه و ده سه لاته
نویبه ش هه ر دریژه پیدانی ئه وی به عسه.
بیگومانم له وه ی که ژال کوردستانی خوشده وی
، بویه ده بوو ئه و ئه وینه ی هانیدابه په نجه ی
شعری له چاوی ئه وانه بچه قینی که کوردســتان
تالان ده که ن و خوینی روله دلسوزه کانی به فیرو
ده ده ن ، نه ك ئه وانه ی به ناچاری کوردستانیان
به جیهیشتووه و له دووره وه ده یلاوینته وه،کوردی
هه نده ران ئه گه ر هیچی چاکیشیان بوکوردستان
نه کردبی ، لای که م به رپرس نین بـــه رامبه ر
به و خوینه ی روژانه له به ر کورد ده روا، کوردی
ئاواره نـــه ك هه ر به شداری دزینی سامانی
کوردستانیان نه کردووه ، به لکو پاروو له ده می
خویان و منداله کانیان ده گرنه وه بو کوردستانی
ده نیرنه وه . ئه وه میژوو نییه کـه کوردی دوور
ولات ، به ناره سه ن له قه له م بدات ، ئـــه وه
ئه و کچه شاعیره یه که ده می نه گه یشته ئه و
تریبه ی ، ئه و خه وی پوه ده بینی و ئیمه ش بـه
ژاراویکی ده زانین که ناچارین روژانه بینوشین .
مه جید فه قی کویی نامه یه کی بو کوردستـــانی
سوید نووسیوه و تیبیدا به ئـــاره زووی خوی
سووکایه تی به کورده کانی سوید ده کـــات و
ده لی :
{ ئیمه به خوینی جه رگ کوردایه تی ده که ین
، ئیوه به خه می دووری ، به هه لپه رکی ....
..... تاوانی ئیوه یه لاوان روو له هه نده ران
ده که ن .......... ئیمه ســوته مه نی غه مین
، ئیوه ش میوانی میزی رازاوه } (۲۷) . دوای
ئه م هیرشه ناره وایه ده لی « وه رنـــه وه ....
ئیمه پیویستمان به ئیوه یه » (۲۸) .
من وای بو ده چم کوردستانی ژیرچـه نگـی
خویناوی پارتی ویه کیتی پیویستی به کورده کانی
سوید نییه ، کورده کانی سوید بچنه وه چـی
بکه ن ؟ ئه گه ر لای یه کی له و دوو هیـــزه
ببنه کادیر ، ئه وا چناری بالا بلندی ژماره ی
دز و جه للاد زیتر هه لده کشی . بیــلایـــه ن
دانیشن ، ئه وا ده ریای ژماره ی تـــالانکراو و
قوربانی به رینتر ده بی . بچنه وه بـــو کوی ؟
کوردستان نه له جه للادی که مه ، نـــه له
قوربانی . نه له تالانکه ری که مه نه له تالانکراو
بچنه وه بو کوی ؟ بو ئه و ولاته ی نووسه رانی
ستایشی پولیسی ئاسایش ده که ن ؟ پسپورانی
بواری په روه رده ی مندالی ، ئازاردانی جه سته ی
مندال به ره وا ده زانن ؟ بچنه وه بـو کوی ؟
بـــو ئه و ولاته ی ئه ندامانی په رله مانه که ی

دەگیرێن و دەکوژرێن و دەکوژن ؟ بۆ ئەو وڵاتەی دز پاسەوانی سامانێتی ؟ بچنەوە بۆ ئەو وڵاتەی بەرپرسەکانی رێنیشاندەرو هاوسەنگەری پاسدار و جەندرمەن ؟ بۆ کوێ ؟ بۆ ئەو وڵاتەی دەسەڵاتدارانی پرسیاری تاقیکردنەوەیش دەدەزن و دەفرۆشنەوە ؟ سەرکردەکانی لچ و لیوی خوێناوی سەددام دەلێسنەوە ؟ بچنەوە بۆ کوێ ؟ بۆ ئەو وڵاتەی رابەرەکانی نەك هەر سامانی کوردستان، ئەو یارمەتیبەش دەدزن، کە لەدەرەوە بۆ کورد رەوانە دەکرێ ؟ بچنەوە بۆ کوێ ؟ بۆ وڵاتی « عەلی بابا ) و چل هەزار دزەکە ؟ بۆ ئەو وڵاتەی بەشێك لە خەڵکەکەی گومانیان لە خۆشەویستیش هەیە ؟ رقیان رەشەو چڵکن ؟ شەرپان نارەوایە و سەختەو سامناك ؟ بچنەوە بۆ کوێ ؟ بۆ ئەو وڵاتەی ئەوی ئازاد بیر بکاتەوە دەکوژرێ، ئەویشی قوربانییەکانی دەستی لە ژمارە نەیەن، بانگدەکری بۆ پاریس رێکەوتننامەی ئاشتی مۆربکات ؟ بچنەوە بۆ کوێ لەوێ غەریبترن ؟؟؟

* * *

ئێستا ئەوی ئاگاداری کوردستانی ژێر چەقۆی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بێ، گومانی لەوە نەماوە ئەو پارچەی وڵات دووچاری جۆرە داچونێك هاتووە، کە پێشتر هەرگیز لەو زەلکاوەدا نەژیاوە.
کێ بوون ئەوانەی ئەو بەشەی کوردستانیان بەو ئەنجامە گەیاند ؟
تەنیا بەعس و پارتی و یەکێتی ؟ نەء رۆشنبیرانی کوردیش، بەشێکی زۆریان، کە نەدەبوو هەرگیز کادیر ئاسا رەفتار بکەن، رۆڵێکی گرنگیان لە بەکەلاوەکردنی کوردستاندا بینیوە و بەهاوکاری ئەوان زەبرو زەنگ و بەرژەوەندی تایبەتی لە هەموو بوارێکدا سەروەرن.

سەرچاوەکان :

١- حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، لاپەرە ٢٣، هەولێر چاپی دووەم ١٩٩٣.

٢- چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، فاتیح رەسول، ل ٢٦٢ بەرگی سێیەم، سوید ١٩٩٤.

٣- ل ٢١٤ سەرچاوەی یەکەم.

٤- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە ٢٥ ی رۆژی ٦ ی ئۆکتوبەری ١٩٩٤ ل ٥.

٥- چاوپێکەوتنەکەی جهادالزین لەگەڵ مەسعوود بارزانیدا. رۆژنامەی السفیر بەیروت رۆژی ١٩٩٤/٨/٢.

٦- بڕوانە ژمارە ٩ ی رۆژنامەی رزگاری، ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، رۆژی ١٤ / ٨ / ١٩٩٤.

٧- دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم، رەفیق سابیر، رابوون، ژمارە ١٢ لاپەرە ١٥، سوید ١٩٩٤.

٨- هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٢

٩- هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٦.

١٠- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە ١٨، ١٨/ئابی / ١٩٩٤، لاپەرە ٦.

١١- یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات ؟ حەمەسەعید حەسەن، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤ چاپگەی ئاپیك لاپەرە ٧١.

١٢- کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٢ ی رۆژی ١٩٩٤/٨/١٩، لەگەڵ ئەو هەزارەی بە منداڵی ناونرا کەژاڵ و بەگەورەیی تاوانبار، یاسین قادر بەرزنجی، لاپەرە ٥

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشو، لاپەرە ١٣، ١٤، ١٥.

١٤- راهێنانی منداڵ لەسەر گوێڕایەڵی، جەلال ژاژلەیی، رۆژنامەی برایەتی، لاپەرە ٦، رۆژی ١٩٩٤/٨/٢٢.

١٧- هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە ١٨، ١٨ ئابی ١٩٩٤، لاپەرە ٦.

١٨- رزگاری - ژمارە ١٠ ی رۆژی ١٨ / ئۆکتوبەری / ١٩٩٤.

١٩ - ٢٠ مانگنامەی هەنگاو، ژمارە ١٠ و ١١ ی ئۆکتوبەری ١٩٩٤، لەندەن، لاپەرە ١٣.

٢١-٢٢ هەفتەنامەی گوڵان ژمارە ٢٣ ی رۆژی ٢٢/ ١٩٩٤/٩، هەولێر، لاپەرە ٤.

٢٣ - هەنگاو ژمارە ١٠ و ١١/ ئۆکتوبەری ١٩٩٤ لەندەن، لاپەرە ١٣.

٢٤- بۆ هەرەشەکەی ئەمریکا، بڕوانە : گوڵان ژمارە ٢٠ رۆژی یەکی ئەیلولی ١٩٩٤، لاپەری ١.

٢٥- نارەسەن، شیعری کەژاڵ ئەحمەد، گۆڤاری وێران، ژمارە ١، لاپەرە ٣٧، نۆڤێمبەری ١٩٩٤ وهەولێر.

٢٦- ئەوێندەر، شیعری کەژاڵ ئەحمەد، کوردستانی نوێی رۆژی ١٩٩٤/٧/٢٤ .لاپەرە ٦.

٢٧و ٢٨ رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٠٣٨، ١٩٩٤/٩/٧ نامەیەك بۆ کوردستانی سوید، مەجید فەقێ، لاپەرە دوایی.

کوردستان نیشتمان و گەلێکی بێ دەوڵەت

پاشماوەی ( پەراوێزی لاپەڕی ٢٥ )

- تەنانەت بە وشەیەکیش باسی یەکێك لەهۆیە هەرە گرنگەکانی تێشکانی شۆڕشی ئەیلول ناکات . ئەویش دوویەرەکی نانەوەی تاقمی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (برایم ـ جەلال) کە لەساڵی ١٩٦٤ وە لەجەستەی نەتەوەی کوردا بو بە شێرپەنجە و تا رۆژی ئیمرۆ هاووڵاتیانی کوردستان پێوەی دەناڵێنن.
٣ـ دیارە ئەم نوسینەی مامۆستا دەساڵ پێش ئیمرۆ چاپکراوە، دیارە پێش ئەو دەساڵەش کاری لەسەرکردوەو و لە بەردەستی بووە، ئەو کاتەش تەنیا بزووتنەوەی چەکداری لە رۆژهەلات و باشوری کوردستاندا لە ئارادابوو، بۆیە ئەو دەڵێ: لەو دوو بەشەدا بزوتنەوە بەهیچ شێوەیەك ستراتیژیەتی نیشتمانیونەتەوەیی نیە . لە راستیشدا ئەو راستییە هەموو بەشەکانی کوردستان دەگەرێتەوە بزوتنەوەکەی باکوریش کە لەسەرەوەری خۆخەریك کردنی مامۆستا بەنوسینەوە و چاپکردن و بلاوکردنەوەی کتاباکەی سەریهەڵدا، لەو لایەنە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا نیە، جێگەی داخە، کە هەرچەندە لەسەرەتادا بەدروشم و قسە هیچیان نەهێشتبووەوە، کەچی هەر لە دەستپێکەوە رون بوەوە کە بزوتنەوەی باکوریش هەمان ڤایرۆسی بزوتنەوەی باشور و خۆرهەلاتی توشبیوە و، ئاکام ئەویشان کەوتە سەر رێبازی شەڕەکورد و براکوژی، تەنیا جیاوازیشی لەگەڵ بەشەکانی تر ئەوەیە کە زۆر شلگیرانەترلە هەموان دەستی داوەتی، دیارە زیانەکەشی چەند قات دەبێ، مخابن !

لە ژمارەی داهاتوودا گرنگترین ودوا بەشی { کوردستان نیشتمان و گەلێکی بێ دەوڵەت } بخوێننەوە ! ! !

هەواڵنامەی کتێب

# کریستیان مەکاریان

## هاوکار : موحەمەد بن حوسین

# بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی موحەمەد پێغەمبەری موسڵمانەکان

## ئامادەکردن و گورینی

## لە فەرەنسیەوە بۆ کوردی سیروان سۆرانی

لە مێژوی مرۆڤایەتیدا ، کەم کەس بە ئەندازەی موحەمەد ناوی براوە ،مۆرکی موحەمەد بە پارچەیەکی بەرفراوانی گۆی زەوییەوە دیارە.

ئەورۆ ژمارەی موسڵمانەکان لە جیهاندا یەك ملیاردە ، دوای ١٣٥٠ ساڵ مردنی موحەمەد هێشتا ناوەکەی لە ترۆپکی نەمری دایە.

ئاینی ئیسلام دووەمین ئاینە لە فرەنسا ، لە هەمانکاتدا ، ئیسلام لە دەرگای سنوری باشوری وڵاتەکە ماندا یە ، کەواتە هەر گێژاویکی ئەم ئاینە ئێمەش دەگەڵ خۆیدا لولدەدات ، هەرچەندە لەیەکەمین تێڕوانیدا جیهانی ئێمەی جو و دیان بەئەندازەیەکی زۆر لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی جیاوازە بەڵام هەرگیز ناشێ گوێی خۆمان کەرکەین وچاوی خۆمان بنوقێنین ، کەواتە دەبێ پرسین : موحەمەد کێیە ؟



نەخشەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام

بە پێی نەریتی ئیسلام ، قەدەغەیە نیگاری رووی موحەمەد بکێشرێت ، بۆچی ولەبەرچی؟ ئیسلامناسە موسڵمانەکان لەو بارەوە درێژدادرن ، بەڵام ئەم بابەتە لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە. ولیام وات کە ئیسلامناسیکی پسپۆرە ، دوای لێکۆڵینەوەی قوول توانی ئەم چەند هێلە گشتییە لەسەر پۆرتریتی موحەمەد بکێشێت « موحەمەد باڵای مامناوەندی ،چوارشانە و کەتە ، قولەکانی درێژ و دەست و پێ گەورە ، ناوچەوانی بلندو بە ئاستەم زەق بوە ، لوتی خڕ و ناسك ، چاوەکانی گەورەو رەش ، هەروەها ش برۆوبرژانگی ، قژی سەری خاو یا بە ئاستەم لول ، ریشیکی پڕ تەنکە خەتیکی لامل و سنگی گرتبوەوە ، رومەتی ناسك ، زەردەخەنەیەکی ریکوپێك ، پێستێکی رەنگ گەندمی زەردباوی هەبوو.

هەمیشە بەراکردن دەرۆیشت ، وەك ئەوەی لە لێژاییدا بەرەو خوار داگەرێ زۆر بەسەختی دەکرا لەتەکیدا بەرێگەدا بڕۆیت.

خوێنەرانی هێژا !

ئێمەی هاوولاتیانی کوردستان بەرتەوژمی کەلێك ئاین وبیروباوەڕی فەلسەفی کەوتوین ، جێی داخە کە کۆمەلی کوردەواری لە سەر دژکاری بیرۆ [ مذهب ] بیری و نەگونجانی ئەم تەوژمە ئاینی و فەلسەفیانە زۆرجار خوێنی خۆی بەفیرۆ لەرێی هیچ وخۆرایدا رێشتووە ، بەبێ ئەوەی بەقوولی لە دەراو و بنج و بنەوانی ئەو ئاین و باوەڕانە بکۆڵێتەوە ، کوێرانە لەخودی خاوەنانی پیستر دەرویشی بۆ کردووەو خۆی لە پێناویا بە کوشت داوە !! ئەورۆ دەمزەرکردنەوەی ئیسلام پرۆسەیەکی جیهانییە ، وەلێ بۆ ئێمەی کوردشتیکی تایبەتیە ، چونکێ ئێمەی کۆڵ ئامادەین لەسەر هەر تێزیکی ئاینی یا بۆچۆنیکی فەلسەفی تیروشیر لەیەکی بسووین. جا بۆ ئەوەی رێگەی ئەم جۆرە کارەساتە بگرین و یا هەر نەبێ لەزیانی کەم کەینەوە ، بە پێویستی دەزانین لەم جۆرە بابەتانەی لەدەراو و سەرچاوەی هەر ئاین و بیر باوەرێکی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەکۆڵنەوە بلاویکەینەوەو ئاشنای بیرو بۆچونی نەتەوەکانی جیهان بین و بزانین را و بۆچونی ئەوان چۆنە. ئیسلام یەکێکە لە ئاینە بەربلاوەکانی کوردستان و خەڵکیکی زۆری کورد موسڵمانن بەبێ ئەوەی بەوردی لە ئیسلام گەیشتبن. بەیەکەوە نانی ئیسلام و کورد مەترسییەکی گەورەیە ، رەنگە هەبێ بپرسی ئایا جیاوازی لە نێوان کوردو ئیسلامدا هەیە ؟ بۆ رونکردنەوە دەڵێین : گەر هەزاران جار لەگۆڤارە کوردی و عەرەبییە ئیسلامیەکاندا بنوسن [ نەتەوەی ئیسلام ] هەرگیز کەس لێتانی ناسەلمێنێ ؛ چونکێ ئیسلام ئاینەو ، کورد نەتەوەیە ، خۆگەر بیژن [ امە ] لەزمانی عەرەبی مانای : کۆمەڵێك نەتەوە ، ئەوا ئێمەش دەڵێین : برۆن ئەو کێشەیە دەگەڵ ئەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەتن ساغ بکەنەوە ئەوجا وەرن بەرۆکی کوردی ژێردەستە و چەوساوەو کوردستانی داگیرکراو دابەشکراو بگرن.


(دلانپار)

ئەمە دیکۆری گشتی مرۆڤەکەیە ، بەڵام بەهیچ کلۆجێك ناتوانین لە کەسایەتی و فەلسەفەی ئەو تێبگەین ، گەر لە روانگەی شارستانییەتی عەرەبی سەدەی شەشی زاینییەوە ، سەرنجی لێنەگرین ، کاتێ ئەم خاڵە رەچاوکرا ، ئەو دەمە دەتوانین باشتر لە موحەمەد بگەین .

لەو سەردەمەدا دانیشتوانی نیوە دورگەی عەرەب ( عەرەبی سعودی / ئێستە ) جگە لەیەمەن و حیجاز ، نەدەوڵەت ، نە پادشانشین و نە ئیمارات بوون ، بەلکو تەنها بریتی بوون لە چەند تیرەیەکی کۆچەر لەو بیابانەدا لە ژێر رەشماڵاندا دەژیان

موحەمەد ، قەدەغەیە نیگاری رووی بکێشرێت





موحەمەد ـ ماڵئاوایی لە دەستگیرانەکەی دەکات

بەهۆی وشك و برنگی وڵاتەکە ژیانیان سەخت و دژوار بوو ، لەگەڵ ئەوەش چەند شارێکیکان پێکەوەنا بوو .

ئاینی زۆربەی ئەم تیرە عەرەبانە «فرەخوایەتی» بوو (١) لە تەك ئەوانەدا چەند کۆمەلگەیەکی جو و دیان هەڵیان دەکرد . زۆربەی زۆری ئەم خوایانە پەیکەریش نەبوون ، بەلکو بریتی بوون لە کەڤرێك (بەرد) ، تاشە بەردێك کە شێوەیەکی نا ئاسایی سەر سامکەری هەبوایە ، بەبێ هیچ گومانێك گەورەترین و دیارترین خوای ئەو سەردەمە ، بەردێکی شەشگۆشەیی بوو. کە لە گەورەترین شاری نیوەدورگەی (مەککە) جێگەی گرتبوو ، لەم شارەدا کە نیمچە ڕێگەی کاروانسەرای نێوان یەمەن و شام بوو، ئەم بەردە ناوی نرابوو «کەعبە» چونکێ لەسەر ستونێکی شەش گۆشەیی دامەزرێندرا بوو.

بە پێی نەریت و خو و ڕەوشتی کۆمەلایەتی ئەوکاتە و لەوەو پێشیش ، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دەبوایە ساڵی جارێك سەردانی کەعبە یان بکردبایە ، و زنجیرەیەك کاری ئاینیان ئەنجام بدابا ، بەتایبەتی سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا ، پێشکەش کردنی کوشتییەك {قوربانی} ، مەی نۆشین و توخونکەوتنی ئافرەتیش لەو ڕۆژەدا قەدەغەبوو .

لەو سەردەمەدا کەعبە شوێنێکی زۆر کراوە بوو :

لەتەك کەعبەدا تابلۆیەکی مریەمی دایکی عیسا ، پەیکەرێکی خوا «هۆبال» (٢) دەدیتران . بازرگانەکانی مەککە ، لەسەفەرە جۆربەجۆرەکانیاندا ، هێندێ جار ئاین و بیرو رای ئاینی جیاوازیان لەتەك خۆیاندا بۆ مەککە دێنایەوە ، بەتایبەتی ئاینە «تاکخواکان» وەکو ئاینی دیان و جو ، ئەوە بوو لە پەیڕەوکارانی ئەم ئاینانە چەند کۆمەڵگەیەك دروستبوون ، هەروەك لە ئەجراب ـ ی باشوری نیوەدورگە و لە خودی مەککە – شدا کۆمەڵگەی دیانـ ـەکان و لە مەدینە و مەککە دا کۆمەڵگەی جوـ ەکان .

ئەم تاکپەرستانە دەگەڵ فرەخواپەرستەکاندا بە شێوەیەکی هارمۆنیی سەیرو سەمەرە لەگەڵ یەکتردا هەڵیان دەکرد ، لەو کاتەدا لە کەعبەدا (٣٦٠) خوا و و بیروباوەڕی ئاینی جیاواز پێکەوە دەژیان .

وەلێ تەنیا ئاینێك کەکاری کردە سەر موحەمەد ، ئاینی حەنیفەکان «پاکەکان» بوو ، بە گوێرەی بیروباوەڕی ئەم حەنیفانە لەسەرووی هەموو ئەم خوایانەوە ، خوایەکی زۆر بەهێز و بەتوانا هەیە کە گەردونی ئافراندووە . ناوی «الله» یە ئەم وشەیەش کورت کراوەی «الاله» یە .

بە گوێرەی باوەڕی حەنیفەکان ئەم «الله» یە نەدەکرێ پەیکەر «بت» ی بۆ دابتاشریت و نەبەچاو دەدیترێت .

ئەم حەنیفانە نە دیان بوون و نە جولەکە ، بەڵام وەك ئەوان باوەڕیان بە تاکوتەرایی خوایەکی نادیارو نەبینراو هەبوو .

گرنگییەکی دیکەی شاری مەککە ئەوەیە جێگەیەکی تێدا بوو کە لە سی کێلۆمەترەی خورهەلاتی شارەوە هەلکەوتبوو ، ناوی عەرەفات بوو ، بە پێی نەریتی زۆربەی ئاینەکان هەموو ساڵێك لە ڕۆژانی «حەج» دا دانیشتوانی شار دەبو بەسەریان بکردباوە و تاوەکو بۆ فەڕو چاکە لە خواکانیان بپاڕێنەوە .

لە نێوان کەعبەو عەرەفاتدا چینێکی بازرگانی دەسەلاتدار ئەم ڕووداوەیان بە سودی بازرگانییەکی فراوان مۆنۆپۆل (احتیکار) کردبوو ، قازانجێکی بێژماریان لەم حەجە دەچنییەوە ، ئەم بازرگانانە لە تیرەی قوڕەیش بوون ، لە سەدەی پێنجی زاینییەوە ئەم دیاردەی بازرگانییەیان ژێر ڕکێفی خۆیان خستبوو .

سەیر ئەوەیە بنەچەکی تیرەی قوڕەیش کە ناوی قوڕەیش بوو ، لە زمانی عەرەبیدا بە مانای «کوسە» دێت (٣) .

ئەمەش دیکوری مەککە ! وا دامەزرێندراوە وەك ئەوەی چاوەڕێی یەکێك بێت ....... بێهاوتا .

شتێکی دژوارە بەتەواوی ڕۆژی لە دایکبوونی موحەمەد دیاربکرێت ، بەڵام دەزانین کە لە سەردەمی شا «خەسرەوی یەکەم» ی ساسانی بووە ، واتە پێش ساڵی ٥١٩ ی زاینیی .

لە سەرچاوەیەکەوە بۆ یەکی تر . لە نێوان ساڵی ٥٦٧ تا ٥٧٣ لەدایکبووە .

بەڵام بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان موحەمەد لە ساڵی «فیل» دا هاتوتە دنیا ، واتە ساڵی ٥٧٠ ی زاینیی ، بەگشتی لەوە دەچێت ئەم مێژووە لە هەموویان ڕاستر بێت (٤)

باوکی موحەمەد ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولموتەلیبـە . یەکێکە لە پیاوە ڕیزپەڕ (شاز) ەکانی نێو قوڕەیش لە مەککە ، پێنج ژن و شەش کچ و دە کوڕی هەبوو ، دایکی موحەمەد ناوی ئامینە بوو ، کە لە خێزانێکی بەناوبانگی مەککە بوو ، لە پەیوەندی عەبدوڵاو ئامینە تەنها یەك کوڕی تاقانەی بوو ئەویش موحەمەد بوو .

عەبدوڵا کوڕەکەی نابینێت ، چونکێ دوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی بازرگانی شام نەخۆشدەکەوێت و لە مەدینە دەمرێت .

ژنە کۆیلەیەکی پیر و پێنج وشتر و مناڵێك {ئامینەی ژنی بەسکپڕی سکی بەموحەمەدوە هەبوو} بە جێدێڵێت .

به گوێره ی گێڕانه وه ی چه ند که سێك . بۆ نمونه « ئیبن سه عد » ، ئامینه هـه ربه سکپڕی ، هه ندێ به سـه رهات و رووداو ئه وه یان به ئاشکرایی نیشان ده دا که ئه وه ی له سکی داکیدایه منالێکی ئاساسیی نابێت.

بـۆ نمونه ده نگێك له نادیار دا به گوێی دا ده چرپێنێ :

منالە کە ت کوڕه ، ناوی بنێ ئه حمه د !!

له زمانی عه ره بیدا ئه حمه د و موحه مـه د هاومانان ، به واتا « که سێك که شایانی ریزو په سه ندییه کی بێسنور بێت » .

ده رباره ی له دایکبوونی موحه مه د زۆر شـت وتراوه و نوسراوه ، عه ره بێکی دیان که یۆنانی باشی ده زانی ، هه وڵیداوه لـــه دایکبوونی موحه مه د ده گــه ڵ سوره تی -xvi,.8.7 ی ئینجیل به رابه ر بکات ، که عیسا روده کاتـه نه ته وه که ی و ده ڵێ : {{ من بۆباشی ئێوه ده ڕۆم ، چونکێ گه ر من ڕۆیشتم ئه وا

له هه مانکاتدا موسڵمانه کان روداوه که زۆر گه وره ده که نه وه و زۆری به سه ره وه ده نێن ، بۆ نمونه هاوڕێی شاعیری پێغه مبه ر « حه سان ئیبن سابیت » ده ڵێت :

حه فت هه شت ساڵان بووم ، کاتێك گوێم له بانگه وازی جوله که یه ك بوو لـه کوچه و کۆڵانه کانی مه دینه دا بانگیده دا :

{{ ئه وشۆ ئه ستێره ی ئه حمه د هـه ڵات ، نیشانه ی له دایکبونییه تی }} لێره شدا ئیبن سابیت ویستویه تی له دایکبوونی موحه مه د له گه ڵ هاتنی « موسا » (٦) هه روه ك لـه « ته ورات » دا باسکراوه به رابه ربکات .

وه لێ دیاره ئه م چیرۆکه ته نێ به رهـه می ئه ندێشه ی خۆیه تی .

له هه مووی راسترو دروستر ئه وه یه کـــه موحه مه د به شێوه یه کی ئاسایی وه کی هه موو منالێکی تر له دایکبووه ، تا ته مه نی چل ساڵی ژیانێکی ئاسیی ژیاوه .

به تاییه تی کاتێ له ته مه نی شه ش سـاڵیدا دایکیشی ده مرێت و باپیری ده بێته خه مخۆری ، ئه ویش دوای دوو ساڵ ده مرێت و مـامی « عه بدولموته لیب » به خێوی ده کات ، مـــامـــه ی بازرگانێکی ده وڵه مه ند بوو ، موحه مه د بـــه دوانزده ساڵی ده بێته پێشکاروان و ده چێتـه شام . کاتێ کاروانه که ده گاته « بوســـرا » که چوارێییه کی زۆر گرنگی کاروانه بازرگانییـه کان بوو ، که وتۆته خوارووی دیمه شق ، که شیشێکی دیان به نێوی « باهیرا » موحه مه د راده گرێت و پێیده ڵێت : پشتم تێکه ! ئـــه ویش پشتی تێده کات . بـاهـیـرا که ته ماشای پشـتی ده کات له نێوان هه ردوو ئێسقانی ده فـــه ی شانیدا مۆرکی پێغه مبه ری ده بینێت !! بـاهـیـرا رووده کاته ئه بوتالیب و ده ڵێت : زوو بـگه رێـــه وه وڵاتی خۆت ، زۆر ئاگاداری ئـــه م منداڵه به ، له جوه کان بیپارێزه ، به گه وره یی خوا ، ئه وه ی من له سه ر پشتی ئه ومناڵه بینیم و ناسیمه وه



جووه کان ته وڕات ده خوێننه وه . له باره ی دواترین پێغه مبه ر وتوێژ ده که ن

بۆتـــان ره وان ده که م ، ئه و له م جیهانه له گه ڵ گوناهـ و به ردادی قیامه ت رویه رووتان ده کاته وه }} . وادیاره ئه و عاره به دیانـه ش به باشی وشه ی « پاراکلیت » ی نه خوێندوته وه ، کورتبین و ته نگژه بۆ بابه ته که چووه و « پاراکلت » ی به « پاراکلیت » خوێندوته وه ، مانای وشـــه ی دوایی له زمانی عه ره بیدا « ئه حمه د » ده گرێته وه ، ئه م هه ڵه یـه ش بوه هۆی روخانی ئه م بۆچونه ، ئینجیل بـــه هیچ شێوه یه ك پێشبینی هاتنی موحه مه دی نه کردووه (٥) .

هه رچه نده به پێچه وانه ی نه ریت و خـو و ره وشتی کۆمه ڵایه تی باوی ئـه و کـاتـه موحه مه د دراوه ته ده سـت خێلی « ئیبن سه عد » که کۆچه ری بیابان بوون ، بـــه ڵام به گوته ی موحه مه د حه سه ن هه یـــکه ل :- به وه ناسرا بوون کـه « زمانی عه ره بیـان پاراو و شاعیرانیان پایه به رزن » .

ژنێکی ئه و خێڵه به ناوی ( حه لیمه ) موحه مه د ده گرێته خۆی و به میهره بانیه کی فـراوانه وه به خێوی ده کات ، موحه مه د هه تا هـــه تایـه خۆ به قه رزاری ئه و دایه نه ی ده زانێت ،

جوله که کان بیبینن ئازاری ده ده ن !! ئایا ئه م روداوه راسته یا دروستکراوه ؟؟ خۆرهه ڵاتـــناس مه کسیم رۆندسون ده ڵێت : له وانه یه ، بـــه ڵام له هه مانکاتدا ئه وه دوورناخاته وه که موسڵمانـــه کان هه میشه هه وڵی ئه وه یان داوه موحه مه د وه ك نێردراوێکی خوا بناسێنن ، له رێی دوو ئاینه که ی تره وه دیان وجو ئه وه بسه لمێنن ، چونکه ئیسلام به به رده وامی ئه م دوو ئاینه لـه قه ڵه مده ده ن . ئه وه ی شایانی باسه کـــــه موحه مه د له زۆر زووه وه په یوه ندی لـــه گه ڵ ئاینه کانی تردا به تاییه تی « دیان » هه بـــووه .

له ته‌مه‌نی بیستوپێنج ساڵیدا مامی پێی ڕاگه‌یان كه‌ ئیدیكه‌ ناتوانێت به‌خێوی بكات.
به‌ڵام له‌ توانایدایه‌ لای ژنه‌بازرگانێك به‌ناوی « خه‌دیجه‌ » ئیشیكی بۆ په‌یدا بكات.
خه‌دیجه‌ بێوه‌ژنێكی ده‌وڵه‌مه‌ند و سه‌رناسی نێو تیره‌ی قوره‌یش بوو، ئافرتێكی بزێو بوو، هه‌ر یه‌كه‌مین كه‌ ڕه‌ت كه‌ چاوی به‌ موحه‌مه‌د كه‌وت، به‌موچه‌یه‌كی دوویه‌رابه‌ر دایمه‌زراند، چوار وشتر له‌باتی دوو وشتر، موحه‌مه‌د له‌م كاره‌یدا لێزانین و بلیمه‌تی پیشاندا، به‌قسه‌ی مێژووناسه‌ موسڵمانه‌كان، كاروانێك ده‌باته‌ شام و، دووقات قازانج ده‌كات.
خه‌دیجه‌ زۆر زوو دڵی ده‌چێته‌ موحه‌مه‌د، هه‌رچه‌نده‌ ئه‌و كاته‌ ته‌مه‌نی چل ساڵ ده‌بێت و به‌ پانزده‌ ساڵ له‌ موحه‌مه‌د گه‌وره‌تر ده‌بێت، به‌ڵام داوا له‌ موحه‌مه‌د ده‌كات ماره‌ی بكات.
ئه‌م په‌یوه‌ندییه‌ كارێكی نائاسایی بووه‌، چونكه‌ وه‌ك باس ده‌كه‌ن خه‌دیجه‌ ناچار ده‌بێت باوكی سه‌رخۆش بكات تا ره‌زامه‌ندی لێوه‌رگرێت، له‌م په‌یوه‌ندییه‌ چوار كچ و دوو یا سێ كوڕ له‌دایكده‌بن، كوڕه‌كان شتاقیان ناژین.
موحه‌مه‌د به‌م كاره‌ساته‌ زۆر دڵ ته‌نگ ده‌بێ، ئه‌مه‌ وای لێ ده‌كات ئامۆزاكه‌ی خۆی (عه‌لی) بكاته‌ كوڕی خۆی، له‌ دوایشدا كچێكی خۆی فاتیمه‌ی پێده‌دات، هه‌روه‌ها كۆیله‌یه‌كی خه‌دیجه‌ كه‌ ناوی (زه‌ید) بوو ئه‌ویش ده‌كاته‌ كوڕی خۆی موحه‌مه‌د باوكێكی زۆر رێك و پێك بووه‌، له‌م كاته‌وه‌ش هێواش هێواش له‌ناو مه‌ككه‌دا ناو و ناوبانگی په‌یدا كردووه‌.
له‌ ته‌مه‌نی بیستو پێنج ساڵیدا نازناوی ده‌ستپاك (الامین)ی پێدراوه‌، واته‌ كه‌سێكی سه‌رڕاست، چونكه‌ له‌ كاتی چاكردن و پاككردنه‌وه‌ی كه‌عبه‌دا، كۆمه‌ڵه‌ جیاوازه‌كانی نێو تیره‌ی قوره‌یش خه‌ریكبوون شمشێر له‌ یه‌كدی هه‌ڵكێشن، ئه‌و توانی هه‌موولایه‌ك رازیبكات و جه‌نگێكی نێوخۆی تیره‌ی قوره‌یش لابه‌لا بكات.
له‌ گه‌نجیدا موحه‌مه‌د وه‌ك پیاو ماقولێكی تیره‌كه‌ی خۆی ناسراوبوو، هه‌رچه‌نده‌ جارێ هیچ جیاوازییه‌كی ئه‌وتۆی له‌گه‌ڵ پیاوانی تری تیره‌كه‌ی دا نه‌بوو.
موحه‌مه‌د ماوه‌یه‌ك بوو هه‌ستی به‌وه‌ ده‌كرد پێویستی به‌ ته‌نیایی هه‌یه‌، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش ده‌چووه‌ ئه‌شكه‌وتێك، كه‌ له‌ باكوری خۆرهه‌ڵاتی مه‌ككه‌ دا هه‌ڵكه‌وتبوو، نێوی ئه‌شكه‌وتی « حه‌ڕا » بوو، له‌وێدا به‌ نوێژكردن و بیركردنه‌وه‌ خه‌ریك ده‌بوو، ڕۆژی له‌ڕۆژان كه‌به‌رابه‌ر به‌ ١٩ی مارسی ساڵی ٦١٠ی زایینییه‌، بۆ یه‌كه‌م جار فریشته‌ی (گابریل) په‌یوه‌ندی پێوه‌ده‌كات، به‌ پێی « ئیبن ئیسحاق » كه‌ له‌ زاری موحه‌مه‌ده‌وه‌ی گێڕاوه‌ته‌وه‌، گوایه‌ وتویه‌تی:
{{ شه‌وێك كه‌ خه‌وم لێكه‌وتبوو گابریل هاته‌ لام، كتێبێكی قوماشی ئاوریشمی به‌ ده‌سته‌وه‌بوو، وشه‌كانی به‌ تاڵی زێڕو زیو نوسرابوونه‌وه‌، پێی وتم: « بخوێنه‌وه‌! » منیش وه‌ڵامم دایه‌وه‌: ناتوانم بخوێنمه‌وه‌!، جارێكی تر پێی وتم بخوێنه‌، من هه‌ر گوێم پێ نه‌دا، گابریل پاڵه‌ په‌ستۆیه‌كی به‌هێزی خسته‌ سه‌ر سنگم، وام زانی ده‌مرم، جارێكی تر وتی: بخوێنه‌وه‌، وه‌ڵامم نه‌دایه‌وه‌، به‌ قسه‌ی موحه‌مه‌د گابریل دووجاری تریش پاڵه‌ په‌ستۆی ده‌خاته‌ سه‌ر سنگی، ئه‌وجا موحه‌مه‌د ده‌پرسی: چی بخوێنمه‌وه‌؟ ئه‌و كاته‌ گابریل یه‌كه‌مین سوره‌تی قورئان:
{{ بخوێنه‌وه‌ به‌ناوی ئه‌و خوایه‌ی كه‌ ئافریدكاره‌، مرۆڤی له‌گرمۆڵه‌یه‌ك ئافراندووه‌ }} سوره‌تی ٩٦، ئا له‌و ساته‌وه‌ قورئان په‌یدابوو، به‌ڵام له‌و كاته‌دا موحه‌مه‌د باوه‌ڕیاكات كه‌ بووه‌ به‌ پێغه‌مبه‌ر.
ئیسلامناس « تۆر ئه‌ندرا » ده‌ڵێت:
« ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ شاره‌زاییان له‌باری سایكۆلۆژی ئه‌م جۆره‌ رووداوانه‌ هه‌یه‌ زۆرباش له‌ شپرزه‌یی موحه‌مه‌د ده‌گه‌ن. موحه‌مه‌د به‌م رودا وه‌ ته‌واو ده‌شله‌ژێ، هه‌روه‌كو له‌ قورئاندا باسده‌كرێت، گابریل ناچارده‌بێ پێی ده‌ڵێت {{ زمانت ته‌ته‌ڵه‌ مه‌كه‌ « تێكه‌ل و پێكه‌ل » بۆ ئه‌وه‌ی زوو بخوێنیته‌وه‌ }} سوره‌تی ٧٥، ئایه‌تی ١٨ – ١٦.
موحه‌مه‌د حه‌سه‌ن هه‌یكه‌ل ده‌ڵێت:
« موحه‌مه‌د توشی ترسێكی « پیرۆز » ده‌بێت، ته‌نها له‌ لای خه‌دیجه‌ دڵدانه‌وه‌و سه‌رفرازی ده‌دۆزێته‌وه‌ » وه‌كو ئه‌لهه‌یكه‌ل ده‌نوسێ:
« خه‌دیجه‌ سه‌ری موحه‌مه‌د توند ده‌پێچێت و ده‌یخاته‌ نێو جێگه‌وه‌، به‌دوای ئامۆزاكه‌ی « وه‌ره‌قه‌ی كوڕی نۆفه‌ل » دا ده‌نێرێت، وه‌ره‌قه‌ دیان بوو به‌ڵام شاره‌زاییه‌كی چاكی له‌ تیۆلۆجی و ئاییندا هه‌بوو.
وه‌ره‌قه‌ دوای ئه‌وه‌ی گوێی له‌ به‌سه‌رهاته‌كه‌ ده‌بێت، ده‌ڵێت: { ئا خه‌دیجه‌، مێرده‌كه‌ت هه‌روه‌كی عیسا وموسا په‌یامی فریشته‌كانی خوداوه‌ندی وه‌رگرتووه‌ « نۆموس » }
موسڵمانه‌كان نه‌یان ده‌زانی « نۆموس » چییه‌، به‌ڵام له‌پاشاندا تێگه‌یشتن كه‌ ئه‌م زاراوه‌یه‌ له‌ زمانی یۆنانییه‌وه‌ هاتووه‌، واته‌ « یاسا، ته‌ورات ». بۆ وه‌ره‌قه‌ كه‌ له‌دوایدا موسڵمان ده‌بێ، موحه‌مه‌د پێغه‌مبه‌ره‌و به‌رده‌وامییه‌كه‌ بۆ ئاینه‌ ئاسمانییه‌كانی پێش خۆی.
به‌ڵام موحه‌مه‌د هه‌ر زۆر تێك چوو بوو، به‌ تایبه‌تی كه‌ ماوه‌یه‌كی زۆر چاوه‌ڕوانی په‌یوه‌ندی دووه‌می گابریل بوو، له‌ نێوان ئه‌م دوو ژوانه‌دا موحه‌مه‌د دووچاری دڵگرانی و نیگه‌رانییه‌كی زۆر بو بوو، تا گه‌یشتنی سوره‌تی « الضحی ».
ئه‌و ده‌مه‌ موحه‌مه‌د زۆر بێده‌نگ و كرو كپ بوو، ده‌گه‌ڵ هیچ كه‌سێكدا باسی ئه‌م ئاینه‌ نوێیه‌ی نه‌ده‌كرد، ته‌نها خه‌دیجه‌



له‌ جه‌نگی به‌دردا گابریل و فریشته‌كان یارمه‌تی موسڵمانه‌كان ده‌ده‌ن

عەلی ، وەرەقە و زەید لەم ئاینـەدا دوایدەکەون ، دوای ماوەیەکی کەم « ئەبوبەکر » یش کە دەبێتە لایەنگرێکی گرنگی موحەمەد ، ئـەویش موسڵمان دەبێ .

تا ساڵی ٦١٣ – ٦١٠ موحەمەد تەنها وەك سۆفییەك دەمینێتەوە ، هەرچەندە کە تا ئەوکـاتە کۆمەڵێکی چل کەسی لە دەورەیدا کۆ دەبنەوە و هـێواش هێواش پەرە دەستێنن .

ئیسلامناس ولیام وات ، دەڵێت : ئەوەی شایانی باسە لە نێو ئەو کۆمەڵەدا هەموو جۆرە کەسێك بەدی دەکرا ، لە دەوڵەمەند تـرین بنەماڵەکانی قورەیش تا کۆیلەیەکی وەك بیلالە رەش ، کە لـە دوایدا دەبێتە یەکەمین مجێوری ئیسلام .

لەساڵی ٦١٣ دا وەك لەسورەتێکی قورئاندا تێبینی دەکرێ موحەمەد فرمانی پێکراوە بە ئاشکرا ئاینـی ئیسلام جار بدات .

لە سەرەتادا موحەمەد بە تاکتیکێکی زۆر زیرەکانە دەستپێدەکات ، ئەو لە یەکەمین هەلدا بەهیچ جۆرێك نکۆڵی لە خوایەتی و پیرۆزی بتەکان و ئاینەکانی تـری مەککە ناکات ، تەنێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە « اللە » کەی ئەم لەهەموو خواکانی تـر بەهێز ترو بەتوانا ترە بەم کارەی زۆر بەشێوەیەکی کت و پڕو توندو تیژ لـە بیرو رای قورەشییەکان نادات .

دوای ماوەیەکی تر دەستدەکات بە باسکردنی رۆژی قیامەت ، لەتەك نـاخۆشی و سەختی و توندی ئاگری دۆزەخ کەخوا بۆگوناهـکاران ئامادەی کردووە ، باسی بە هەشت و هــەزارەهـا خۆشی و رابواردن دەکات کە « اللە » بۆ پیاوچاکانی سازداوە ، ئەم باسانەش بتپەرستەکانی مەککەیان نەشلەژاند ، بەڵکو زۆر بەگاڵتە پێکردنەوە گوێیان لێدەگرت .

ئیسلامناس « تۆر ئەندرا » دەڵێت :

لە سەرەتادا موحەمەد نەیدەویست ئاینێکی نوێ بێتەکایەوە ، بەڵکو خواستی ئەو ئەوەبو ئـەم باوەڕانەی لەئارادا بوون بیان گۆڕێت بە « اللە » ، لەگەڵ ئەوەشدا مانا و مەبەستی ئەم گۆڕانە و ئـەوئاینەی کە لێی پێکدێت بۆ قورەیشییەکان راڤە کات .

گیروگرفتی موحەمەد لەو کاتەوە دەستپێکرد کە وتی: {{ من پێغەمبەری ئەو « اللە » یەم کە لە هەموو خواکان بە توانا ترە }} . لێرەدا قورەیشییەکان لێی بەخۆکەوتن و بەرەنگاری موحەمەدو کۆمەڵەکەی بوونەوە ، لە کۆمەڵگە و دانیشتنەکانیان دورەپەرێزیان دەکرد و کردیانە مایەی گاڵتەجاری .

موحەمەد وەك مرۆڤێکی سادەو راست ، زۆر بەم کارەی قورەیشییەکان دڵگران دەبێت و ئازاردەچێژێت تا وای لێ دێت لەبەر « اللە » بپارێتەوە بەڵکو لە قورەیشییەکانی نزیك بکاتەوە .

لەو کاتەشدا سورەتی « ئەستێرەکان = النجوم » کە باسی بتەکانی قورەیش « ئەلەت ، ئالئوزە ، مانەت =لات ، عوزەی ، هێبەبل » دەکات سەرهەڵدەدات .



**Mahomet s’entretient avec des moines en présence de Gabriel**
*Palais Topkapi, Istanbul*

موحەمەد لەگەڵ کەشیشەکاندا وتووێژ دەکات و ، کابریلیش یارمەتی دەدات


زۆر زوو بۆ موحەمەد ئاشکرا دەبێت کە ناتوانێت لە نێوان خواکانی قورەیش و « اللە »هێلێکی ناوەڕاست بدۆزێتەوە ، بۆیە لەو کاتەوە بەبێ هیچ پاکانەیەك بانگەوازی ئیسلام لەنێو تەواوی قورەیشییەکاندا دەستپێدەکات .

لەو ساتەشەوە ، چەوساندنەوە و ئازاردانی موسڵمانەکان بەدەست قورەیشـییەکانەوە دەستپێدەکات ، هەرچەندە موسڵمانەکان زۆریان ئازار چێشتووە بـەڵام بەپێی چەند لێکۆڵینەوەیەك رادەی ئەم چەوساندنەوەیە ناگاتە ئەوئاستەی کەمێژوو نووسە موسڵمانەکان باسی لێوەدەکەن ، بە زێدەڕۆیی و بەسەرەوەنانەکی زۆری تێدایە ، ئەوەی شایانی باسە قورەیشییەکان راستەخۆ ئازاری موحەمەدیان نەدەدا ، بەڵکو ئـازاردانی موسڵمانەکان بە گوێرەی گرنگی پایەی کۆمەڵایەتیان بوو ، بـۆ نمونە بیلال کە کۆیلەبوو زۆری ئازار چێشت ، لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆژدا بەردێکیان خستبووە سـەرسنگی و رایان کێشابوو .

لە کاتێکدا کە ئایەتێکی تر باسی ئەوە دەکات کە جگە لە « اللە » هیچ خوایەکی تر نییە ، بەم پێداگرتنە ، زۆربەی ئەوانەی موسڵمانیش ببوون واز لە موحەمەد دێنن ،ژمارەیەکی یەکجار کەم دەمێننەوە ، و دەکەونە بەر زەبری ئازار و ئەشکنجەی بێسنوری قورەیشییەکان .

موحەمەد ناچار دەبێت کە داوایان لێ بکات بـەرەو حەبەشە کۆچ بـکەن ، ئەم بڕیارە بەتەنیا بڕیاری موحەمەد خۆی بوو ، لەبەر ئەوەی پادشای حەبەشە « نیۆگۆس » بە پادشایەکی دیموکرات و بەخشندە ناسرا بوو ، بەم جۆرە بەشـێکی زۆری موسـڵمانەکان لە باروداخی پڕ ئازاری مەککە رزگاریان دەبێت .

لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆرکەمی موسڵمانەکان لە مەککە لەگەڵ موحەمەددا دەمێننەوە ، بەڵام دینی ئیسلام بەرگێکی دینی تەواو بەخۆدەگری وەك دین هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێشەوە دەنێ ، لە هەمانکاتدا بۆ دڵدانەوەی موحەمەد ، ئەو سورەتەی کەباسی ژیانی پێغەمبەرانی پێشوو دەکات ، کە چۆن لـــە



شه‌وی پێش میعراج ، موحه‌مه‌د پێشنوێژی ته‌واوی پێغه‌مبه‌ران ده‌كات

له‌رۆژانی بانگه‌وازه‌كانیاندا ، به‌ره‌نگاریـــان كراوه‌و دژایه‌تی‌كراون ، و خوا یارمه‌تی داون سه‌رهه‌ڵده‌دات، نوح و لافاوه مه‌زنه‌كه‌ی ،لوت ووێرانكردنی شاری سۆدوم ،موساو نه‌خۆشییه ترسناكه‌كه‌ی« حه‌فت برین » (٧) ، ده‌گه‌ڵ ئه‌م ئایه‌ته‌دا هه‌ندی ئه‌فسانه‌ی دێرین هه‌بوون له نێو عه‌ره‌باندا به‌شێوه‌یه‌كـی ده‌ماوده‌م و ، پشتاو پشت مابوونه‌وه ، ئه‌م ئه‌فسانه‌و ئه‌و ئایه‌تانه ئه‌وه روون ده‌كه‌نه‌وه كه په‌یامه‌كه‌ی موحه‌مه‌د ته‌نیا بۆ كۆمه‌ڵه مرۆڤێك نییه به‌لكو ده‌بێ له هه‌موو كونج‌و كه‌له‌به‌رێكی جیهاندا بڵاوبێته‌وه.

تۆرئه‌ندرا ، له‌و باوه‌ڕه‌دایه كـه عیسـا پێغه‌مبه‌رایه‌تی موسای سه‌لماند ،موحه‌مه‌دیش پێغه‌مبه‌رایه‌تی عیساو موسای سه‌لماند،

له‌م كاته‌دا موحه‌مه‌د ده‌كه‌وێته خولیـای لێكۆڵینه‌وه‌له‌چۆنییه‌تی‌ئاوێته‌كردنی به‌سه‌رهاتی ئه‌م پێغه‌مبه‌رانه ده‌گه‌ڵ ئه‌فسانه عه‌ره‌بییه كاندا ، چونكێ عه‌ره‌به‌كان ئه‌فسانه‌كانیان ده‌زانی و شاره‌زایان بوون.

بلیمه‌تی موحه‌مه‌د لێره‌دا ده‌رده‌كـــه‌وێت، چونكێ خاڵێكی هاوبه‌شی دۆزیه‌وه، ئیبراهیم !! موحه‌مه‌د به‌یارمه‌تی گابریل ، ووتی : ئیبراهیم نه جوله‌كه بوو نه دیان « ئایه‌تی ١٣٦ سوره‌تی ٢ » به‌لكو « حه‌نیف » بـوو، واته یه‌كه‌مین كه‌س بووه باوه‌ڕی ته‌واوی به‌تاكوته‌رایی خوا هێناوه،كه‌واته ده‌توانین بـه یه‌كه‌م موسڵمانی دابنێین. له‌هه‌مانكاتدا له به‌ر ئه‌وه‌ی ئیبراهیم زۆر له پێش ئاینی جوو دیانه‌كان بووه ، تازه ئه‌وان ناتوانن خۆیان بكه‌نه‌خاوه‌نی ، به‌ڵام گه‌ر ئیبراهیم باوكی ئیسحاقه « باپیری جـوه‌كان » ئه‌وه باوكی « ئیسماعیل » یشه « باپیری عه‌ره‌بان » به‌م جۆره موحه‌مه‌د پردێكـی له نێوان مێژووی دێرینی عه‌ره‌ب و مــێژووی پێغه‌مبه‌ره‌كۆنه‌كان دروستكرد.

زمانی عه‌ره‌بی قورئان زۆر پـاراوه ، مه‌كسیم رۆندسۆن ، ده‌ڵێ : ئـه‌م زمانه خۆی‌له‌خۆیدا ئه‌و كه‌سانه به‌درۆده‌خاته‌وه كه ده‌ڵێن گوایه موحه‌مه‌د قورئانه‌كه‌ی له دیان و جوه‌كان وه‌رگرتووه.

ئه‌ورۆ به‌پێی ئه‌و كتابه‌ی كه ســاڵی ١٩٢٣ له قاهیره چاپكراوه‌و هه‌موولایـه‌ك دانیان پیاناوه ،قورئان‌له ٦٢٣٦ ئایه‌ت، ١١٤ سوره‌ته پێك دێت ، كه‌له‌درێژی‌و كورتی جیاوازن.

گه‌وره‌ترین مۆركی دیاری قورئان ، وه‌ك باسكرا زمانه‌كه‌یه‌تی كه بریتیه‌له‌دیالیكتی عه‌ره‌بی شاری مه‌ككه ، گـه‌وره‌ترین به‌ڵگه بۆ ئه‌م بۆچوونه ئه‌وه‌یه كه له نێـو ده‌قه‌كانی قورئاندا زۆر وشـــه‌ی بێگانه ، ئه‌رمه‌نی ، یۆنانی و فارسی ، هه‌ن ، چونكه له‌وكاته‌دا مه‌ككه ســه‌ره‌ڕێی كاروانه بازرگانیه‌كان بوو كه‌به‌ره‌و سوریـا ، نه‌جد و یه‌مه‌ن ده‌چوون ......

به‌لای موسڵمانه‌كانه‌وه قورئان په‌رجوه (موعجیزه‌یه) ، سوره‌تی « الئیسرا » ش باسی ئه‌وه ده‌كات « نـــه‌گه‌ر هه‌موو شه‌یتانه‌كان كۆششیان بكه‌نه‌یه‌ك نمونـه یه‌كی تری وه‌ك قورئانیان پێ دروست ناكرێت».

په‌رجوی قورئان هه‌تا له سه‌رده‌می موحه‌مه‌د خۆیشیدا جێگه‌ی گومان بووه ،له‌پاش پێغه‌مبه‌ر زۆر فه‌یله‌سوف و سـۆفی گومانی خۆیان له په‌رجوی قورئان ده‌ربڕیوه ، لـــه سه‌روی هه‌مـوو شتێكه‌وه شـێوه‌ی دارشـتنی قورئان بــێ هارمۆنییه ، به‌تایبه‌تی ئه‌و سوره تانه‌ی سه‌ر به‌قۆناغی ژیانی موحه‌مه‌دن لـه مه‌ككه ،سوره‌ته‌كان كورت و هه‌ڵه‌شه‌و ره‌شبین .

به‌ڵام له مه‌دینه قورئان ئه‌م شێوه‌یه ون ده‌كات ، چونكێ له‌م شاره‌دا موحه‌مـه‌د ببوه سه‌رۆكی كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی نوێ و پێویست بوو بناغه‌و بنچینه‌ی یاساكانی ئه‌م كۆمه‌ڵگه‌یه به‌رونی دیاربكات .

به‌پێی زۆربه‌ی مێژوونووسه موسڵمانه‌كان ، پێغه‌مبه‌ر نه‌خوێنده‌وار بووه ، به‌ڵام ئـــه‌م بیروبڕوایه زۆر هه‌ڵه‌یه ، هه‌ڵه‌كه‌ش بـه‌لای زۆره‌وه له‌وه‌وه هاتووه كـه بۆ یه‌كه‌مین جار گابریل موحه‌مه‌د ده‌بینێت ، پـێی ده‌ڵێت« اقرأ =بخوێنه‌وه » سوره‌تی ٩٦ ئایه‌تـی « ٥ – ١ » به‌ڵام وه‌كو ده‌ركه‌وت گابریل كتێبی نه‌دایـه ده‌ست موحه‌مه‌د كه بیخوێنێته‌وه ، بـه‌لكو ده‌بوایه هــه‌رچی گابریل ده‌ی ڵێت ئه‌ویش دوابه‌دوای ئـه‌و دووباره‌ی بكاته‌وه.

زۆر له پسپۆره‌كانی ئیسلام له‌سه‌ر ئـــه‌م بابه‌ته لێكۆڵینه‌وه‌یان ئه‌نجام داوه‌و مانـــای « اقراء » یان فراوان كردۆته‌وه ، دڵنیان له‌وه‌ی كه گابریل مه‌به‌ستی « گوتنه‌وه » بووه نـــه‌ك خوێندنه‌وه ، واته به موحه‌مه‌دی وتووه ، ئـــه‌و ده‌نگه نادیاره كه به‌گوێتا ده‌چرپێنێ تـــۆ دووباره‌ی بكه‌وه ، واته بیكه‌ره قسه ، بـه‌م كاره‌كارێكی ده‌روونی نادیار ده‌كه‌یته كارێكی دنیایی دیار .

به‌ڵام زۆربه‌ی موسڵمانه‌كان ئه‌م راستییـه ناسه‌لمێنن و ره‌تی ده‌كه‌نه‌وه ، وه‌ك ولیام وات ، ده‌ڵێت : {{ بێگومان موسڵمانه‌كان به‌مه رازی نابن ، چونكێ ئه‌مان ده‌یانه‌ویت نــه خوێنده‌واری موحه‌مه‌د بكه‌نه خاڵێك بـــۆ سه‌لماندنی ئه‌وه‌ی كه قورئان نێراوی خودایه }} .

له ساڵی ٦١٩ له كاتێكدا كه موحه‌مه‌د لـه بانگه‌وازه‌كه‌یدا گه‌لی هه‌نگاوی به‌روپێشه‌وه‌ی نابوو ، خه‌دیجه و ئه‌بوتاڵیبی مـامــی ده‌مرن، ئه‌م دوو به‌ڵایه كارێكی زۆریان كرده‌سه‌ر موحه‌مه‌د و زۆر بێهێزیان كرد ، هه‌رچه‌نده كه له هه‌مانكاتدا گه‌وره‌ترین پیاوی قوره‌یـش « عومه‌ر » ده‌بێته موسڵمان .

قوره‌شـیـیه‌كان سود له‌م بارودۆخه ناسـكه‌ی موحه‌مه‌د وه‌رده‌گرن و راسته‌وخۆ ده‌كه‌ونـه نازاردانی ، بۆ نمونه له كاتێكدا نوێـژ ده‌كات و كرنۆش ده‌بات یزدانی بزنێك یا وشتریان له سه‌ر پشتی داده‌نـا ، جارێكی تر له

لەکاتی نانخواردندا نانەکەی پیس دەکەن. موحەمەد تەنگە تاو دەبێ، بۆیە بڕیاردەدات مەککە بەجێ بێلێت و رودەکاتە تایف، بەلام لەبەر ئەوەی خەلکی تایف بەردەبارانی دەکەن، دوای دە رۆژ بەشپرزەیی و نا ئارامی دەگەڕێتەوە مەککە.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاردەدات شارەکەی خۆی بەجێ بێلێت و بەرەو مەدینە، کە ۳۵۰ کیلۆمەتر دوری مەککەیە کۆچ بکات.

بۆچی مەدینە؟

مێژوناسەکان وەك یەك ئەم هەلبژاردنەی موحەمەد هەلناسەگێنن، بەلام ئەوەی زیاتر ڕێی تێدەچێت ئەوەیە، کە مەدینە شارێکی کراوە بێت، چونکێ دوو تیرەی عەرەب و سێ تیرەی جو پێکەوە دەژیان، لە کاتێکدا مەککە تەنها لە ژێر دەستی قورەیشییەکاندا بوو.

لەمانگی حوزەیران تا ئەیلولی ٦٢٢، نزیکەی حەفتا موسلمان بەرەو مەدینە کۆچ دەکەن، هاوڕێیانی موحەمەد ڕێگەی گەیشتنی بۆ خۆشدەکەن و موحەمەد دوای هەموویان دەگات.

رۆژی ٢٤ ئایلولی ٦٢٢ موحەمەد لەتەك هاوڕێی هەمیشەیی‌دا «ئەبوبەکر» دەگاتە مەدینە، دوای سەفەرێکی زۆر سەخت و ترسناك، یەکەمین رۆژی سالی کۆچی «هجری» عەرەبەکان بەرابەر بە ١٦ی تەموزی ٦٢٢ زاینییە ولەو مێژووەوە دەستپێدەکات

لە مەدینەدا، موحەمەد چەند تەکتیکێك بەکاردێنێت، لە سەرەتادا خۆی لە جوەکان نزیك دەکاتەوە، چونکە ئەوانیش وەك ئەم باوەڕیان بە هەمان خوابوو، چەند خالێکیان دەداتە دەست وەك ئەوەی فرماندەدات موسلمانان لە کاتی نوێژکردندا روو لە قودس بکەن و بەرەو قودس کڕنۆش بەرن، یان رۆژێك دیاردەکات بۆ روژوگرتن کە بەرابەر بەجەژنی «کیپور»ی جوەکان بێت....

بەلام ئەم رامیارییەی موحەمەد سەر ناگرێت و ناچار دەستبەرداری جوەکان دەبێت، هەر لەو کاتەوەش بڕیاردەدات ئیدی موسلمانەکان روولە کەعبە بکەن و کڕنۆش بەرە و کەعبە بەرن.

بۆ ئەم بڕیارەش پشت بەو ئایەتە دەبەستی کە گابریل پێی دەلێت:

کەعبە لەلایەن ئیبراهیم و کوڕەکەیەوە ئیسماعیل دروستکراوە «سورەتی ٤١ـ٣٧» مێژوونووسە موسلمانەکان ئەوەیان پێوە ناوە کە «بەردەڕەش» راستە خۆ لە بەهەشتەوە ئادەم لەگەل خۆی هاوردوویەتی، وئیبراهیم و کوڕەکەی لە گۆشەی رۆژهەلاتی کەعبەدا دایان مەزراندووە.

بەلام ئێستە دەزانین کە بەردەڕەش جگەلە «میتۆریت Metorite»ی بەولاوە شتێکی تر نییە (٨).

هەر لەو رۆژانەدا یەکەمین مزگەوت لە مەدینەدا دروستکرا، کە بریتی بوو لە مەیدانێکی لاکیشەیی و بەدیوارێکی لمین دەورەی درابوو، بانەکەی گەلا خورما ڕێژکرابوو، لەم گۆشەو لەو گۆشەی مزگەوتەکە دوو مالی چوکۆلانە بۆ دوو ژنەکەی موحەمەد دروستکرابوون.

ئەگەرچی موسلمانەکان لە مەدینەدا جێگای خۆیان کردبوەوە، بەلام ژیانیان زۆر سەخت و دژوار بوو، بەتایبەتی بۆ خۆراك زۆر پەریشان بوون، بۆ نمونە وا دەگێڕنەوە کە عەلی ئاموازی (کەموحەمەد کردبویە کوڕی خۆی) موحەمەد ناچار بوو ئاوکێشی بکات، موچەکەی یەك دەنکە خورما بوو بەرابەر هەر سەتلێك ئاو، ئەم بارو دۆخە موحەمەدی ناچار کرد بیر لە بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگ بکاتەوە.

لە سالی ٦٢٤ دا ولە ناوەڕاستی مانگی پیرۆزی رەجەب «لەم مانگەدا جەنگ لە نێوان تیرەکاندا قەدەغە بوو» موحەمەد بە لەشکرێکەوە دەچێتە شێوی «نەخلە» ڕێ لەکاروانێکی قورەیشییەکان دەگرێت و تالانی دەکات.

موسلمانەکان بە هەموو جۆرێك هەولدەدەن ئەم رووداوە بشارنەوە، دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە موحەمەد هەرگیز یاساکانی بیابانی پێشێل نەکردووە.

حەوت هەفتە دوای ئەم رووداوە، کاروانێکی گەورە تری قورەیشییەکان کە هەزار وشترێك دەبێت، لەمەدینە نزیك دەبنەوە، موحەمەد لەگەل لەشکرێکی ۳۵۰ کەسی دا بڕیاردەدات پەلاماریان بدات، جەنگ دەکەوێتە ناوچەیەك‌کە پێیدەگوترێ «بەدر»، دەگەل ئەوەی کە قورەیشییەکان بەهێز بوون، بەلام موحەمەد بە بەکارهێنانی فروفێلی جەنگ و گوێڕایەلی و دلسۆزی هاوڕێکانی سەرکەوتن بەدەستدێنێ.

قورەیشییەکان ٤٩ لاشە لەمەیدانی جەنگدا بەجێ دەهێلن و هەلدێن، لەشکری موسلمانانیش دەسەکەوتێکی فرەیان دەبێ و لە نەبونی رزگاریان دەبێت. موحەمەد یەك لەسەر پێنجی دەستەکەوتەکان بۆخۆی گل دەداتەوە (ئەوکاتە وا باو بوو تەنیا یەك لە سەرچواری دەسکەوت بۆ سەرۆك بێت).

لە گەڕانەوەدا بۆ شاری مەدینە، موحەمەد زۆر لەوە دلنیا بو کە خوا یارمەتیداوە و جێگەیەکی بەرزتر و پلەیەکی بالاتر لە نێو شاردا بەدەستدێنێ لای جوەکان نەبێت.

موحەمەد سود لەم بارودۆخەی وەردەگرێت و تیرەیەکی جوەکان «بەنووقەینونە» لە مەدینە دەردەکات، چونکە شاعیرێکی ئەم تیرەیە «کعب بن شەرەف» گالتە بەسەرکەوتنەکەی موحەمەد دەکات. هەفالەکانی موحەمەد کەعب دەستگیردەکەن و سەری دەبڕن، کەللەسەری فڕێدەدەنە بەرپێی موحەمەد و هاواردەکەن «اللە اکبر» واتە «خوا گەورەیە».

سالێك دوای بەدر قورەیشییەکان بە لەشکرێکی پڕ چەکی ۳۰۰۰ کەسی، بەسەرکردایەتی ئەبو سفیان بەرەو مەدینە دەنێرن.

موحەمەد ناچار دەبێت بەرەو پیریان بچێت، هەر دوولەشکر لەشوێنێکدا بەناوی ئووحد دەگەنە یەك و پێکدادانێکی خوێناوی دەقەومێ، هەرچەندە لەسەرەتادا موسلمانەکان زالدەبن بەلام زوو پەرش و بلاوییان تێدەکەوی و بەشێوەیەکی درندانە دەکوژرێن، لەوانە مامی موحەمەد «حەمزە» و موحەمەد خوێشی ددانێکی دەشکی و روومەتی دەڕوشێت و بریندار دەبێت.

لە کاتی گەڕانەوەدا موحەمەد زۆر خوی بە لاوازدەبینێ، داخی دلی خۆی بەتیرەیەکی تری جوەکان دادەڕێژی و ئەوانیش لە مەدینە وەدەردەنی «چونکێ یارمەتی دوژمنیان دابوو»

لە مانگی مارسی ٦٢٧ دا قورەیشییەکان بەسەرکردایەتی ئەبوسفیان جارێکی تر لە شکرێکی دەهەزار سەربازی دەنێرنە سەر مەدینەو بڕیار دەدەن ئەم جارە موسلمانەکان بنبڕبکەن.

موحەمەد بڕیار دەدات چالێکی قول بە دەوری شاری مەدینەدا لێدەن، ئەم چالە شار دەپارێزی و موسلمانەکان رزگاردەکات، بۆ ماوەی دوو هەفتە لەم بەر و ئەوبەری چالەکەوە چەند تیرێك دەهاوێژرێت بەلام لە کۆتاییدا قورەیشییەکان وەرس دەبن و پاشە کشە دەکەن.

موحەمەد کە لەو جەنگەدا خۆ بەسەر کەوتوویی دەبینێ، لە نێو مەدینەدا زۆر

دڕندانە پەلاماری دوا تیرەی جوەکان « بەنو قررەیزییە » دەدات ، چونکیێ بە دوژمنی نێوە خۆیان دەزانی ، ٦٠٠ سـەدتا ٩٠٠کەسییان لیێ دەکوژیێ . موحەمەد ژنی یەکێك لــە جووەکوژراوەکان کە ناوی « ڕێحانـە » دەبێتو ئافرەتێکی زۆر جـوان دەبێت لەخۆی مارە دەکات.

شایانی باسەموحەمەد زۆری حەزلە ئافرەت کردووە ، بەپێی سەرچاوەکان پێغەمبەر نۆ ژن و چەند دۆستێکی ئافرەتی هەبوو ،بەپێی هێندیێ سەرچاوە ژمارەیان ١٢٢ بووە، بـەلام لەهەموویان خۆشەویستر « عایشە » بوو کــە بە نۆ سالی مارەی کردبوو ، پێغەمبەر زۆر جار بە بەژن و بالای ئافرەتیدا هەلگوتووە گەلێك جار ئامۆژگاری هەڤالانی کردووە: {{ چێژی ئەم هەنگوینە شیرینە بـکەن }} بە قسەی عایشە پێغەمبەر وتویەتی {{ لەم جیهانەدا ، دەتوانم واز لەخواردنوخواردنەوە بێنم ، بەلام لە ئافرەت هەرگیز نا ».

هەروەها ئەو خۆی دەلێت {{ پەیوەنـدی جووتبوونی « سێکسی » ئافرەت و پیاو ، گیان دەلاوێنێتەوە ، کەسایەتی مرۆڤ بـەهێز ، مێشكوبیر ڕون ، چاو تیژدەکات ، نەخۆشـی دووردەخاتەوە ، مرۆڤ لــــە شێت بوون دەپارێزێت و لەش نەرم دەکات }}.

لەسالی ٦٢٧ واتە سالی حەوتی کۆچـی ، مەدینە دەبێتە دەولەتێکی سەربەخۆ و ڕێز لێگیراو ، لەم کاتەوە سورەتەکانی قورئان ، هەولدەدەن هەموو یاسا و چوارچێوەکانی ئەم کۆمەلگە نوێیە بەتەواوی دابرێـــژن ، لێرەدا دەتوانین بلێین کە کۆمەلـــگــەی ئیسلامی ( امە ، وەك لەزمانی عەرەبیدا دەوترێ ) لە دایکبوو.

هەرچەندە دەسەلاتی رامیاری لــەگەل دەسەلاتی موحەمەد و دارایی دەولەت دەگەل سامانی موحەمەددا تێکەل بوو، چەند یاسایەکی نوێش هاتنەکایەوە ، لـەوانە قەدەغەکردنی زیندە بەچالکردنی کچ بەمنالی، میرات دان بە ئافرەت ، یاسای تۆلەسـەندنەوە ، برینی دەستی دز ، حەسیرمەیدان کردنی ( ژنان ) ئەوانەی خیانەت دەکەن.

لە تەك ئەمانەشدا خووڕەوشت وهەلس و کەوتی موسلمانان بەگشتی ڕەنگدانەوەی خوو رەوشتی موحەمەد بوو.

زۆرجاریش یاسا بەپێی رەوت و ژیانـی موحەمەد خۆی دەگۆڕا ، بۆ نمونە کاتـێك لــە مەدینە وابلاو بووەوە کە ژنە کـــەی محەمەد « عایشە » دەگەل کاروانچییەکی گەنجدا دیتراوە ، موحەمەد یاسای قامچی لێدانی گۆڕی ، لەم ڕوداوە پێڕا دەبێت چوار کەس شتەکە ببینن ، ئەوجا قامچی لێدان دەی گرێتەوە « پێشتر یەك کـەس بەس بوو».

نمونەیەکی تری زۆر ناسراو سەرپۆش وچارشێو ( پێچەیە ) لە چەکە کە ئافرەتە موسلمانەکان بەشتێکی پێویستی دەزانن ، بەلام لەبنچینەدا ئەم لەچەکە هیچ پـێداویست نییە ، بەلکو ئەوە دەگەرێتەوە بـۆ ئەوەی کە موحەمەد نــەی دەویـست کــــەس تەماشای ژنەکانی بکات ، تەنیا لــە ژنــەکانی خۆی داوا کردووە کـــە خۆیان لە نیگای پیاوانی دی بپارێزن ، ژنانی دیـکەی موسلمانانیش لاسایی ژنەکانی موحەمـەدیان کردۆتەوە.

لە سالی ٦٢٨ دا دوای ئەوەی کەلە مەدینە بەتەواوی جێگیربوو ، موحەمەد بڕیاریـدا لە کاتی حەج دا بچێتە مەککە ، بـــەلام بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە ، هەرچـەنـدە بڕیاری دابوو لەگەل خۆیدا وەكخۆپیشاندانێك هێزوتوانای خۆی نیشان بدات . بەلام بە گەیشتنی موحەمەد بۆ دەوروبەری مەککە قورەیشییەکان ڕێگای لێدەگرن و ناهـێلـن بگاتە نێوشار.

موسلمانەکان لە باکوری مەککەدا لــە شوێنێکدا بەناوی « حودەیبیە » رەشمالی لیێ هەلدەدەن ، دوای ووتووێژێکی دوورودرێــژ ، لەگەل قورەیشییەکان رێك دەکەون ، کە ئەم سال واز لەحەج بێنن ، بەلام سالی داهاتوو قورەیشییەکان ڕێگەی پیێ دەدەن بەمەرجێك پەیمانێکی دەسالی ئـاشـتـی مۆربکات ، موحەمەد ئەوە پەسەنددەکات و دەگەرێتەوە مەدینە.

دوانزدە مانگ دوای ئەم ڕوداوە موحەمەد دوای حەفت سال دوورە ولاتی دەچێتەوە مەککە ، زۆر بەوریایی و نەرمی ڕەفتار دەکات و کەس تورە ناکات .

گەورەترین دوژمنی موسلمانان ئەبوسفیان خۆ لە موحەمەد نزیك دەکاتەوە و کچێکی خۆی دەداتیێ ، جگە لەوە ژنێکی تریش لە بنەمالەی دوژمنەکانی دەهێنێت !! لــەگەل ئەوەشدا پێشوازی مەککە زۆر سـارد و سڕ دەبێت ، بۆیە موحەمەد زوو مەککە بە جیێ دەهێلێت .

لە یەکی کانوونی دووەمی ٦٣٠ ،موحەمەد کوشتنی موسلمانێك دەکاتە بیانوو، پەیمانی حودەیبیە دەشکێنیێ.

سالی ٦٢٨ ی بە لەشکرێکی دەهـەزار کەسی هێرش دەکاتە سەر مەککە قورەیشییەکان بە دیتنی ئـــەو لەشکرە دەتۆقن ، ئەبوسفیان بەرەوپیری موحەمەد دەنێرن . ئەبوسفیان کە لە نزیکەوە چاوی بەولەشکرە دەکەویێ ، یەکسەر موسلمان دەبـیێ و دەگـەڕێـتەوە مەککەو بە قــورەیـش رادەگەێنیێ :

هیچ چارەیەك نییە دەبـیێ دوای موحەمەد بکەوین .

لەیانزدەی کانونی دووەمی ٦٣٠دا موحەمەد بەبیێ تەگەرە دەچێتە نێوشاری مەککە ، بە پەلە خۆی دەگەێنێتە کەعبە و حەوت جار بەدەورەی کەعبە دا دەسورێتەوەو هــاوار دەکات « الله اکبر = خوا گەورەیە » ، بتەکانی قورەیش دەشکێنێت و دوژمنەکانی بانــــگ دەکات و سوێندیان دەدات دلسوزی بن .

لەگەل دوژمنانی دا زۆر سەختگیری ناکات ، تەنیا دە کەس لەوان دەربەدەر دەکات ، دوای ئەوە دەگەرێتەوە مەدینە .

دوای چەند جەنگێکی بچوك لە باکوری ولاتدا ، بۆ دوا جار لەسالی ٦٣٢دا موحەمەد دەگەرێتەوە مەککە ، لەو سالەدا یاسا و نەریتی حــەجــی موسلمانەکان دادەنێت و بەیەکجاری لە حەجە کۆنەکەی بتپەرسـتـان دای دەبڕێت.

لەم قۆناغەدا تەواوی بتەکانی لەنــاوبردووە « اللّە » ی لە جێگەی ئەوان دانا ، لێرەشدا پەیامەکەی بەتەواوی گەیاند .

لە گەڕانەوە بۆ مەدینە ، زۆر هیلاك دەبـیێ نەخۆشی دەیگرێت ،و لە مالی عایـشـــە دەکەوێت . کەس لـــــە نـەخۆشییەکەی موحەمەد ناگات ، ئازاری زۆر دەبیێ و ، هـێندێك جار دەگریت و هێندیێ جار لەرزی دێتیێ ، بەلام بەپێی مێژوونوسە موسـلمانەکان موحەمەد لەم وەختەدا باوەڕناکات کــە کۆتایی ژیانی نزیك بۆتەوە .

کاتێك زۆر کەنفەت و ماندوو دەبیێ داوا دەکـات ئێسکی دەفەی شانی وشـترێکی بۆ بینن تـا راسپردەکانی تۆمار بکەن .

لە ٨ حوزەیرانی ٦٣٢ لـــە تەمەنی ٦٣ سالیدا لە باوەشی عایشەدا کـۆچی دوایی دەکات .

موسلمانەکان زۆر شپرزەدەبن و سەریان لیێ دەشێویێ ، چونکە نە لە یاساکانیدا نە خۆیشی کەسێك دەسنیشان ناکات جێگەی بگرێتەوە.

ئەبو بەکر هاورێی هەمیشەیی موحەمەد سورەتێکی قورئان دێنێتەوە « موحەمەد تـەنها پێغەمبەرێك بولە پێش ئەوەوە پێغەمبەری دیکەش هەبوون ، ئەگەر مرد یا کوژرا

لەسەر ڕێی خۆتان بوەستن».
عەرەبەکان ئەم قسانەیان جێ بەجێ کردو تا ئەندەلوس و نەوەستان !
بەم شێوەیە موحەمەد ئەم دنیایە بەجێ دێڵێت، ئەم دنیایەی کە دەیوت بەلامەوە سێ شت تێیدا زۆر گرنگن {{ ئافرەت، بۆنی خۆش، نوێژ بۆ دڵدانەوەم}}.

پەراوێزەکان

١- تاکخواپەرستان Monotheyste ئەوانە دەڵێن تەنها یەك خوا هەیە، فرەخواپەرستان Polytheyste ئەوانەی دەڵێن زۆر خوا هەن.

٢- خوا هۆبال: خوایەکی پیرۆزی جوەکان بووە.

٣- کوسە، ئەو ماسییە گەورە دڕندەیە کە گۆشت خۆرە و مرۆڤیش دەخوات، ئەم وشەیەم بەکار هێنا لەبەر ئەوەی نەهەنگ هەڵەیە، چونکێ نەهەنگ بە هیچ شێوەیەك پەلاماری مرۆڤ نادات، لە فارسی و ئێرانی کۆنیشدا ئەم وشەیە بەکاردێت.

٤- ساڵی (فیل ٥٧٠ زاینی) ئەم ناوە لەم بەسەرهاتەوە هاتووە، ساڵی ٥٧٠ دەستەراستی نیگۆسی پادشای حەبەشە، ئەبرەها بڕیاردەدات مەککە داگیربکات، بەخۆیی و لەشکرێکەوە هێرش دەکەنە سەر مەککە و دەیانەوێ کەعبە بڕوخێنن، بۆ ئەم مەبەستەش فیل لەگەڵ خۆیان دێنن، بەتایبەتی فیلێکی زۆر بەهێز بە ناوی مەحمود، بەلام کە دەگەنە کەعبە فیلەکان ماندەگرن و دادەنیشن، ئەبرەها ناچار پاشەکشەی لێدەکات.

٥- مانای وشەی Paraclets مرۆڤی ئاشتیخواز (لاتەریك، بێوەیی).

٦- وشەی «میسی» کەسێ کە سڕۆڤ لەتەنگ و چەڵەمە ڕزگار دەکات.

٧- نەخۆشی ٧ برین، نەخۆشییەك بوو لەسەردەمی «موسا لە میسر بڵاوبووەوە، گۆشتی مرۆڤ لە حەفت جێگە دەکرایەوە، دەرزی و هەڵدەوەری.

٨- METEORITE بریتییە لەو ماکانەی لە ئەستێرەکانی ترەوە دەکەونە خوارەوە، ئەو ماکانە کە دەگەنە چینی ئەتمۆسفیری زەوی و دەسوتێن، لەبەر ئەوەی سێ لەسەر چواری زەوی ئاوە ئێمەی دانیشتوانی سەرزەوی هەست بەوە ناکەین، دواترین مینۆریت کە گەیشتۆتە سەرزەوی بەردێکی حەوت کیلۆیی بوو کەوتە سەرخاکی ئەمریکای لاتین.

تێبینی: سەرچاوەی ئەم باسە گۆڤاری فەرەنسی De point ـە، کە دوو مانای هەیە ڕاستەخۆ یانی «خاڵ» بەڵام ئەم ناونیشانە بەمانای ئەدەبی وەك «ڕوانگە» یا خود «شی کردنەوەو لێکدانەوە» دێت.
گۆڤارەکە بڵاوکراوەیەکی هەفتانەیە لە ساڵی ١٩٧٢ وە دامەزراوە لەلایەن بنکەی پەخشی SEBDO وە دەردەچێت. ئەم باسە لە ژمارە ١١٥٠٠، ئەکتوبەر، ١٩٩٤ دا بڵاوکراوەتەوە.
تەواوی میناتورەکان «وێنەکان» لە موزەخانەی «تۆپکاپی» ئەستەمبۆلی تورکیا وەرگیراون و بەرەنگاورەنگی چاپ کراون، لەو میناتورانەدا، وێنەی ڕووی موحەمەد بەرەنگی سپی داپۆشراوە، ناکرێت دەموچاوی بەدی بکرێت، وا زانراوە کە ئەم بۆیە سپییە لە سەردەمێکی دواتردا بەسەر ڕووی موحەمەدا هێنراوە، کاتی لەلایەن پیاوانی ئاینی موسڵمان بڕیاری وێنەکیشانی ڕووی موحەمەد قەدەغە کراوە. هەڵبەتە ئێستە بەهۆی تیشکی لیزەر زۆر بەئاسانی دەتوانرێت چی لەژێر ئەو بۆیە سپییە دایە ببینرێت و وێنەیشی لێ هەڵبگیردرێتەوە.

کوردستان
لەم
یادمە کە
هاووڵاتیانت
لە یادت
ناکەن !!

پرسە

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچیدوایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان - عیراق، هاوڕێی تێکۆشەر سلیمان شێخ موحەمەد سلیمان (باوکی سیروان) مان پێگەیشت کە لە دیمەش لە ڕۆژی ٢٠ / ١١ / ١٩٩٥ دا بۆ دوا جار لە وڵاتی غەریباتی و دورە وڵاتی ماڵئاوایی لە هاووڵاتیان و ئەو نیشتمانە کرد کە ساڵانی تەمەنی خۆی بە لە خۆبوردوویی لە پێناودا بەخت کرد.
بە ناوی تەواوی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کۆمتەوە سەرەخۆشی خۆمان لە بنەماڵەی هاوڕێ و دۆست و ئازیزان و هاوڕێیانی حزبی شیوعی کوردستان و لایەنگران و دۆستانیان دەکەین. هیوای سێبوریان بۆ دەخوازین.

بەڕێوەبەرایەتی
کومیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان
٣ / ١٢ / ١٩٩٥ ئەورویا

ب- کرۆتشه

# جوانـاسـی

وه رگێڕانی له فارسییه وه بۆ کوردی :

## سه ربه ست خه سره وعارف

### POSITIVISME

فه‌لسه‌فه‌ی پۆسیتیڤیزم = پایه‌دارکردن = جێگیرکردن ؛
زراوه‌یه‌که له فه‌لسه‌فه‌دا تێگه‌یشتنێکی گشتی به‌خۆه‌گرتووه ، که بریتییه له به‌بێ‌سود زانینی گشت بیرێکی میتافیزیکی و ته‌نینی سه‌رنج به‌ئه‌زموون و هه‌ستکردن به جیهان و په‌یبردن به یاسای سروشت ، به‌لام به‌مانای تایبه‌ت به‌ناوی قوتابخانه‌ی August Cante فه‌یله‌سوفی فه‌ره‌نسی ئۆگۆیست کانتی کۆچ کردووه‌وه ( ١٨٥٧ ) دێت .
له‌روانگه‌ی ئه‌م فه‌یله‌سوفه بالاترین جۆری زانست درکاندن وپێناسه‌کردنی هه‌ستپێکراوه‌کانه‌و ته‌نیا ئه‌و شتانه شایه‌نی گرنگی پێدانن که مێشکی مرۆڤ به یارمه‌تی هه‌ستـه‌کـان ده‌توانێت په‌یان پێ ببات ، به‌رامبه‌ر به‌مه ده‌بێت فه‌لسه‌فه له ئاکایدا به‌جیهانی بالا و بیرکردنه‌وه‌دا ده‌باره‌ی هۆمه‌به‌ستداره‌کان « العلل الغائیه » چاپۆشی بکات ، چونکه ئه‌م گرفته به مرۆڤ چاره‌سه‌رناکرێت .
باوه‌رێك که‌گشتییه‌تی به‌م فه‌لسه‌فه‌یه به‌خشیوه ، ئه‌مه‌یه : که مرۆڤ جگه له هه‌ستپێکراوه‌کان وچۆنیتی په‌یوه‌ندیان به‌یه‌کدیه‌وه ؛ پێویسته خۆی به شتی تره‌وه سه‌رقال بکات ، ده‌بێت بزانیت که هیچ شتێك ره‌ها نییه ؛ به‌لکو گشت راستییه‌ك رێژه‌یی و هه‌ستپێکراوه .
هه‌سته‌کانیش دیارده‌یه‌کن که مرۆڤ ده‌توانێت به یاریده‌ی ئـه‌زمون بـه‌دییان بێنێت ؛ هیچ ئه‌زمونێکیش ناشێت ره‌چاوبکرێت گه‌ر هه‌ستی نه‌بێ - که‌واته هه‌ستـه‌کـان یاریده ده‌ری جیهانی ئه‌زمونن .
بنچینه‌ی ئه‌م فه‌لسه‌فه‌یه دابه‌شکردنی گۆڕانکاریه‌کانی زانسته بۆ سی قۆناغ . یه‌کـه‌م قۆناغی فره‌زانی خودایی که تێدا گشت لقی ویست و توانا و ده‌سه‌لاتی خوداوه‌نـد یان خواکان ره‌چاو ده‌کرێت ، ئۆجیستـکانت ئه‌م قۆناغه‌ی به‌قۆناغی خه‌یـالی Fictf نـاو ناوه .
دووه‌م : قۆناغی میتاڤیزیکی ، که مرۆڤ به تێگه‌یشتنی رووت « داماڵراو » بیر له هـه‌مان راستی و هه‌ستپیکردن ده‌کاته‌وه . ئه‌م قۆناغه به ئه‌بستراك Abstrait ناوده‌برێت.
له دوایدا قۆناغی سێیه‌م ، قۆناغی به‌دیهێنانی زانستی یه « قۆناغی ساغ کردنه‌وه = مرحله التحقیق » که ئه‌وه‌یشیان به‌قۆناغی په‌زه‌تیڤیزم ناونراوه .

### PRAGMATISME براگماتیزم ( فه‌لسه‌فه‌ی کار )

پراگماتیزم واته ئیش وکار ( ره‌سانایه‌تی کار ) زاراوه‌یه‌که له وشه‌یه‌کـی یۆنانییه‌وه وه‌ر گیراوه ، مانای باوه‌ر هێنانه به کارکردن ،فه‌لسه‌فه‌یه‌که به‌هـای پراکتیکی « کارکردن » له گشت بواریکدا به‌بنچینه‌ی هه‌موو شتێك داده‌نێ.

ئه‌م تیۆره چه‌ند لایه‌نی جیاوازی هه‌یـه ؛ زانست ، ئاکار و باوه‌ر . له روانگه‌ی زانسته‌وه ، بنه‌ماکه‌ی ئه‌مه‌یه : هیچ یاسایه‌ك یا تیۆرێك ناتوانێت بگاته راستی ، مه‌گه‌ر له‌روی سودی پراکتیکییه‌وه بتوانێت به‌ده‌ستی بێنێت . لـــه روانگه‌ی ئاکار و باوه‌ره‌وه تیۆرێکی شێوه - میتافـــیزیکی - ، ده‌کرێت به راسته‌قینه‌له‌قه‌له‌م بدرێت گه‌ر له روانگه‌ی ئـاکاره‌وه سودمه‌ند بێت . باوه‌ری ئاینیش پێویسته ته‌نها له‌م روانگه‌وه سه‌رنجبدرێت که لایه‌نێکی رێنیشانده‌ر و رابه‌ری کۆمه‌لایه‌تیمانه .
سه‌رپێچیکارانی فه‌لسه‌فه‌ی کـــار ئاشکرایان کردووه که ناتوانرێت بگوترێت ، تێور له‌شێوه‌ی راسته‌قینه‌دا پراتکیکی و سودمه‌ند ده‌بێت . به‌لکو به پێچه‌وانه‌وه ، تێور لـــه کاتێکدا ســـود به‌خش ده‌بێت ، گه‌ر خودانی راستی بێت .
لایه‌نی ئاینی ئه‌م فه‌لسه‌فه‌یه شایه‌نی ره‌خنه لێگرتنه ، به‌گوته و راوێژی پاپا که ده‌لێت:
« ئه‌م تیۆره‌ی له‌سه‌ر بنچینه‌ی باوه‌ره ده‌بێ ته‌نها به‌سه‌رنجدان له ئه‌نجامه پـراکـتـیکییه کانییه‌وه په‌سه‌ند بکرێت ، نـه‌ك له سه‌ر بنچینه‌ی بـاوه‌ری په‌تی ، به‌لکو بـه پـێی ده‌ستوری کار له بریارداندا کفره » .
دامه‌زرێنه‌ری فه‌لسه‌فه‌ی pragmatime فه یله‌سوفی ئه‌مریکی ولیام جێمز William Jamse بوو( ١٨٤٣ - ١٩١٠ ) .

### SCOLASTIQUE دانایی خودایی

( حیکمه‌تی ئالیهی )
ناوی قوتابخانه‌یه‌کی تایبه‌تی لوژێك وفه‌لسـه‌فه‌و دانایی‌خوداییه ، له نێوان مامۆسـتایانی‌زانکۆیی سه‌ده ناوه‌ندییه‌کاندا بلاوبوه‌وه ، بـه‌په‌نا بردنه به‌ر لوژێکی ئه‌رستۆ‌ونوسـراوه‌کانی بیرمه‌ندانی خوداوه‌ندی سه‌ده‌ی یه‌کـه‌مـی مه‌سیحییه‌ت .
هـه‌روه‌ك زانراوه له سـه‌ده‌کانی نـاوه‌نـدا کلێسا پارێزگاری زانستی دێرینی ده‌کرد و زانست له پـه‌رسـتـگه‌و فـێـرگه ئاینییه‌کاندا ده‌خوێندرا و به تایبه‌تی شێوازی فه‌لسـه‌فه‌ی ئه‌فلاتون و ئه‌رستۆ ، به‌ناوی پێشـه‌کی و زه‌مینه‌ی دانایی ده‌گوتراوه‌نه‌وه ؛ بـه کورتـی بیروباوه‌ری ئاینی به سه‌رگشت چالاکی بیرو ئاکارو پراکتیکدا زال بووه ، به‌وته‌یه‌کی کورتتر له شێوازی پیرۆزی‌ئانشلیم St-Anselm که له‌سالی ١١٠٩ دا کۆچی کردووه ، یه - کێك له هه‌ره‌باشترین نوێنه‌رانی گیان به‌گیانی رێبازی سکولاتیك بووه ، باوه‌ری خۆی له‌و وته‌یه‌دا ده‌ربریوه : باوه‌رم هه‌یه تا بتوانم تێبگه‌م »» .

Credo ut intellegam له مۆرکـی چاکه خوازیدا ، ئاشکرایه که تا چ رادەیەك باوەڕی پتەو بەسەر هۆش دا زاڵ بووه . چ بەڵگەی پێناوی زانیارییەك که لەسەر ئەو بنچینەیه بەدەسـتـ ـدێت ، بەرهەمی ئەزمون نییه، بەلکو ئەنجامی بەدیهێنان و پێزانەی باوەڕی ئاینی بووه ، چونکه ئەم رووه (هەتـــا وریا بوونـەوەی چێترکردنی پرۆتستانت لەسەدەی شانزدەیـــەم دەستپیکرد) بەردەوام بوو .

پەیدابوونی زانست بەمانای ئەمرۆ شیاو نییه، بۆیه لێرەدا یەکێك له نمونه بـــەربڵاوەکانی یاسایەکی سکولاتیك بەکورتی بەسەر دەکەمەوه ؛ ئەمەشیان لەم کتێبەدا له ژێر ناوی « هەمەیـی و هەندەکی * » دا دێت و چەندجار قامکی خراوەتەسەر و نیشانکراوه، ئەمەش بنەچەیەکی گشتی و ماوقوڵو جۆرەها رەگەزه . گـــرفـــتـــی تایبەت لەنێوان سکولاسیکەکاندا له گۆڕی بوو ، وەك ئەوەی ئایا « هەمەیی » (تیگەشتنیکه لەگەڵ ناوی گشت بەیان دەکرێت و بەســەر کەسانی هەمەجۆری یەکرەگەزدا هاوتابێت وەك « مرۆڤ » یا « سپێتی » ) بەراستی و سەربەخۆ لەخەڵکاندا هەیه یاخود تەناها تیگەیشتنیکی بیریه لەخەڵکاندا داماڵراوه ،کۆمەڵێك لەو باوەڕەن که هەمەیی له پێش تاکەوه یا هەندەکیـــەوه بەسەربەخۆیی هەیه ، کۆمەڵێکی ترنکۆڵی ئەم باوەڕەدەکەن و دەڵێن : مرۆڤ بەخودی خۆی و بەدەر له تاکه کەسانی دی هیچ بوونیکی راستی نییه بەلکو له ناو و دەنگ بەولاوه هیچی تـــر نییه ،گروپی یەکەم بە ریالیزمیەکان دەناســران Realistes و گروپی دووەم بـــه ناولێنەران Nominalistes ناسراون .

## SUBLIME بـالاتـریـن ، شـکـۆدار ، یـاخـود جـوانـی پـڕشـکـۆ .

ئەم زاراوەیه له زماندا مانای گشتی ترین یا باڵاترین ، بـــەڵام لەفەلسەفەی جوانـاسی دا گرنگیەکی تایبەتی هەیه چونکی هەرچەنده فەیلەسوفان ئەم زاراوەیەیان بێ وتوێژ لـــه ریزی تۆژینەوەی جوانیدا داناوه و « مەزنــی جوانی » یش بەتێکەڵەیەکی مانای ئــەو دەزانن ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی زۆرلـــه نێوان جوانی بەمانای زانراوی « جوانی » و Sublime دا دەنێن چونکه ناتوانرێت Sublime بەهەمان جوانی بزاندرێت، بەکورتی بە پلەیەکی باڵاتر بەمانایەکی دی جیاوازی لەچەندایيەتـــی دا نییه بەلکو لەچۆنایەتی دایه ؛ بۆنمونـه له روانگەی دانوەرییەوه جوانی لافاوێك یابورکانیکه،یاخودگیانبازییەکی سەرسورهـ ـێنەره و بەSublime نــــاو دەبرێت، بەڵام گوڵێك که هەمان جوانی چۆنێتی سەرەتایی و هەستی لەمرۆدا دەخرۆشێنێت بەپێداویست پێناسەیەکی تایبەتی پێدەدەن ،ئەوەی هەموو لایەك پەسەندیان کردووه ئەمەیه کەSublime له رەوانی مرۆدا کاریگەری بەرگریەکی ناشـــیـاودە کات وهەندێك جار هەوره تریشقه ئاسـا مرۆڤ گۆد دەکات و له پێی دەخات .

کانت لەپێش گشت فەیلەسوفانەوه لــەم بارەی تۆژیوەتەوه وتێیدا قوڵ بۆتەوه، ئەو دەڵێت:Sublime « هەروەکو جوان » هـەم له روی هێزی ئەندێشەوه وهەم له رووی هێزی بیرەوه کاریگەره . بــــەڵام پێچەوانەی« جوان »کاتێك بیردەیدەرکێنێت ئەوا کاریگەری ئەندێشەلــەبــەرتـیـشـکـیدا دابین دەبێت و بەم شێوەیه کەهەستیکی ترسناك یان دڵتەنگییەکی بەهێز بەسەر ئەو چێژەدا زاڵ دەبێت که شـــوێنەواری جوانییه، ئەو کاتەش له جوانی دا مانـــای زانراو ئەو جۆرەپێکهاته دوو لایەنییه بوونی خۆی لەدەستدەدات ،

کانت دووجۆر Sublime دەستنیشان دەکات ، یەکەمیان رێژەیی« ماتماتـــیـکی Mathematique وئەوەیدیان دینامیکی Dynamique ، ئەوەی یـــــەکەمیان جۆرێکه له ئەندازەی مەزن یـــا قەواره که رووی شتیکه بدرکێندرێت و مرۆڤ سەرسام بکات ، وەك روی دەریا یا کێوێـکی بڵند یاخود ئاسمانی بێ بن ، له هەمان کاتدا کاریگەری ئەوەی دووەمیان به یارمەتی توانا یاخود هێزێکی دینامیکی بەرگری نـــا بەجێ یا ترسناك یاخود سومبلی پەیدا دەبێت وەك خرۆشـــانی دەریا یاخود تاریکی ئەنگوستەچاوی شەو .

لەزمانی کوردیدا باشترین یاریدەدەر بـــۆ باسکردنی ئەو دوو جۆره جوانییه ئــەوەیه یەکیان « جوان » و ئەوەی تریان بـــــه « شکۆمەند » دەرببرڕێت .

له دانایی خوداییدا دەڵێن رەنگدانەوە و دەرکەوتنی جوانی یه ئەوەیش جۆرێکه له سۆز و بەزەیی و راستیەکی روکـــــەش نیشان دەدا ، هەندێ جاریش شکۆمەندی ئەو جۆرەیه که لـــه رق و تــــوورەیـــی و گەورەیی و شکۆیی خوداوەنده دەدوێت « جوانیت لەگشت راستییەکدا پەرشـــەو ، ئەو جوانیەش شتی تر نییه مەگـــــەر مەزنی تۆ یاخۆ شکۆداری تۆ بنوانێت بیتەرێنیێ» .

له ناوەرۆکی باسەکەماندا جوانی بەمانـای Beau و مەزن یاخود شـکۆ - ش بەمانایSublime بەکارهاتوون، واتـــه هەر شتێك شکۆدار و باڵاتر بوو جوانتره یا شکۆمەندتره لەجوانی سەرسورمێنەر تره.

بـــــەڵام شێوەکانی وشەی شـــکۆدار ئەمانەن که ناسراوین ومۆرك یا خەسڵەتی خوایەتیـ ـتیان هەبێ نەك هەر شـت بن، بەمانایەکی دیSublime روویەکـه له خەسڵەتی شکۆمەند نەك خـــودی بەشکۆ یـــاخود مەزن ،

* الكلی و الجزئی ، هەروەها ،جۆرەکان و روته کان وچەمکەکان - یش له دوتوێ بابەتەکانی ئەم کتێبەدا بەرچاودەکەون .

---

## راگه یاندنی

## کۆمیته ی په یوه ندی

بەبۆنەی راگرتنی شەڕی نێوان پـ ک ک و پـ د ک کۆمیتەی پەیوەندی له راگەیاندنێکدا له کۆبونەوەی دووەمی رۆژی ١٢/ ١٢ / ١٩٩٥دا پێشوازی گەرمی خۆی له هەواڵی راگرتنی شەڕ له نێوان پارتی کریکارانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستانـ یەککگرتوو راگەیاند ، دوپاتەی لەسەر ئەوه کردەوه که راگرتنی شەڕ هەنگاوێکی پێویسته بۆوەدیهێنانی خواستی جەماوەری گەلەکەمان له ســـەرانسەری کوردستان ، هەروەها کۆمیته رێزی خۆی لەو کۆشش و تەقەلایانه دەربڕی کەبۆ راوەستانی شەڕ لەلایەن هێزەسیاسی و کەسایەتییه دڵسۆزەکانی کوردستانەوەبەشێوەیەکی بەرپرسیارانە درابوون .

کۆمیته لەو کۆبونەوەیەدا داوای کرد کەپرنسیپەکانی کۆبونەوەی یەکەمی ١٤ و ١٥ /ئۆکتوبەری١٩٩٥ی برۆکسێل لەلایەن هەردوولا رەچاوبکرێت. ئەم بارە گونجاوەی بەهەل زانی بۆ بانگکردنی پـ د ک کوردستان بۆ بەشداری کردنی خەبات له پیناو پیکهینانی کونگرەی نەتەوەیی .

هەروەها کۆمیته بڕیاری کۆبونەوەی برۆکسیل دووپاتە کردەوه که داوادەکات ئاگربەستی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو بکرێ بەئاشتیەکی هەمیشەیی وهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلەکەمان لەباشـوری کوردستان بدرێت.

شایانی باسه که کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و کۆمیتەی ئاشتی وپشگیری نیشتمانی کوردستان چالاکانه لەهەردوو کۆبونـەوەی یەکەم و دووەمی برۆکسێل بەشداریان کرد. (دلانیار)

گیرۆمی ستۆلنیتز

# ره خنه ری هونه ری

گۆڕینی له عه ره بییه وه بۆ کوردی ره هبه رجه لال

**به شیدووه م**

**١- جیهان چۆن ده رکده که ین**

دەرککردنی ئێستیاتیکی به ڕێگه‌ی هه‌ڵوێستی ئێستیاتیکی ڕاڤده‌کرێت .

له راستیدا ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی ده‌یگرینه به‌ر هه‌ر ئه‌وه ڕێبازی ده‌رکردنی جیهانمان بۆ دیـار ده‌كات. هه‌ڵوێست ڕێبازێكه له ئاراسته‌كردنی ده‌رككردن و ڕكێف‌كردنی . ئێمه هه‌رگیز له ده‌وروبه‌ری خۆماندا به‌بێ جیاوازكردنه‌وه هه‌موو شتی نابینین وناش بیستین، به‌ڵكو هێـندێ شت «سه‌رنجـ»ـمان راده‌كێشن، له‌كاتێكدا شته‌كانی دی ته‌نی به‌شێوه‌یكی سه‌ره‌ڕۆ ده‌ركده‌كه‌ین ، ده‌شبێ هه‌رگیز ده‌ركیان نه‌كه‌ین . به‌م‌شێوه‌یه سه‌رنجدانمان ده‌ستبژێره «واته ده‌كشێته سه‌رهێندێ سیمای دیاركراوی ئه‌و ده‌وروبه‌ری كه تێداین ، هێندكیشیان پشتگوێده‌خات . كه له‌وه تێگه‌یشتین ، ئیدی ده‌توانین ده‌ركی كه‌ماسی ئه‌م كۆنه بیـره‌ش بكه‌ین ، كه ده‌ڵێ: مرۆڤ ته‌نی گیانله‌به‌رێكه كه به‌ڕێبازێكی نه‌ری كارگه‌ریه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی خۆی وه‌رده‌گرێ ، جا هه‌رچییه‌ك بێ . سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش ئه‌و مه‌رامانه‌ی كه هـه‌مانن له كاتی ده‌ركردن هه‌رئه‌وانن ده‌ستنیشانی هه‌ڵبژاردنی ئه‌وه شته‌ده‌كه‌ن سه‌رنجمان بـه لایه‌وه ده‌كشێ. هه‌موو كردارێكی ئێمه ئاراسته‌ی ئامانجێكه . بۆ ئه‌وه‌ی مرۆڤی زینـدو بگاته ئه‌و ئامانجه ، سه‌رنجی ده‌روبه‌ری ده‌دات تا بزانی چی سودی پێده‌به‌خشێ و چیش زیانی پێده‌گه‌یه‌نێ. ئاشكرایه كاتێ هه‌ر كه‌سه‌و مه‌رامێكی خۆی هه‌یه ، ئـه‌وا هه‌ر كه‌س به شێوه‌یه‌كی جیا له‌وه‌ی دی ده‌ركی جیهان ده‌كات ، به‌جۆرێ ئه‌وشته‌ی یه‌كێكیان گرنگی پێده‌دات ئه‌وه‌ی تر پشتگوێده‌خات . پـشـكـنـه‌رێكی هیندی زۆربه‌وردی سه‌رنجی هه‌موو نیشانه‌یه‌ك و ئاندگارێك ده‌دات له‌وانه‌ی كه كه‌سێكی تر به تـــه‌واوی پشتگوێیانده‌خات كاتێ له دارستانێكدا بێ ئامانج پیاسه‌ده‌كات (ده‌سوڕێته‌وه).
به‌و شێوه‌یه ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی ده‌یگرینه‌به‌ر رابه‌ری سه‌رنجدانمانه بۆ ئه‌و لایه‌نانـه‌ی كه په‌یوه‌ندیان به مه‌رامه‌كانمه‌وه هه‌یه . هه‌روه‌ها به مانایه‌كی تر مۆركێـكی دیـكـه‌ش ده‌خاته سـه‌ر هه‌ڵسوكه‌وتمان . ئاماده‌مان ده‌كات بۆ به‌ره‌وپیره‌چونی ئه‌وه‌ی ده‌ركـی ده‌كه‌ین ، و ڕێگه‌یه‌كیش ده‌گرینه‌به‌ر كه باوه‌ڕمان وایه بۆگه‌یشتن به ئامانجه‌كانمان له‌و په‌ڕی كاریگه‌ری دایه. له‌هه‌كانكاتدا ئه‌و هه‌ستانه‌ی كه ده‌بنه ڕێگرو ته‌گه‌ره له ڕێـگه‌ی هه‌وڵدانمان سه‌ركوتیان ده‌كه‌ین و دایان ده‌مركێنینه‌وه . ئه‌و كه‌سه‌ی ڕشت بێ
یاری شه‌تره‌نج بباته‌وه بۆ به‌ریه‌رچدانه‌وه‌ی هه‌ر جـوله‌یه‌كی بەرامبه‌ره‌كه‌ی زۆر چاك خۆی ئاماده ده‌كات ، پێشه‌كیش بیر له باشترین ڕێگه ده‌كاته‌وه بۆ به‌جێگه‌یاندنی، هه‌روه‌ك چۆن سوره له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی سه‌رنجی بۆشتی لابه‌لا نه‌ڕوا .
له كۆتایدا ، هه‌ڵوێستگرتنی كه‌سێك ، مانای وه‌به‌رگرتنی ڕێبازێك كه چاكه یا گاڵته‌جاری تێدا به‌دی‌ده‌كات . ده‌شێ مرۆڤ دڵشادو گه‌شاوه‌بێ به‌وه‌ی كه ده‌یبینی ، یاخود بـه پێچه‌وانه‌وه هه‌ڵوێستی دوژمنانه‌و هیشكی لێ وه‌ربگرێت .ئه‌و كه‌سه‌ی رقـی لـه ئینگلیزه ئه‌وه ئه‌و كه‌سه‌یه له به‌رابه‌ر هه‌ر شتێكی ئینگلیزی هه‌ڵوێستێكی نه‌ری ده‌نوێنێ ، به جۆرێك كاتێ به‌ڕێكه‌وت گوێی لێ ده‌بێ كه‌سێك به ئینگلیزی ده‌په‌یڤی یا گوێی لـــه مارشی به‌ریتانی ده‌بێ ، وای لێ ره‌چاوده‌كه‌ین كه به ته‌شه‌ر و بێزاریه‌وه شـتـێ بڵـێ،

كه‌واته كاتێ مرۆڤ هه‌ڵوێستێكی ئه‌ری له به‌رابه‌ر شتێكی دیاركراودا ده‌گرێت ، ئـــه‌وا هه‌وڵده‌دات پشگیری مانی ئه‌و شته بكات به‌رده‌وامی به ده‌رككردنی بدات،هه‌روه‌هاش كاتی هه‌ڵوێستێكی نه‌ری لێ ده‌گرێ ، ئه‌وا هه‌وڵده‌دات ئه‌و شته له‌ناو بدات یـــاخـــود پشتگوێی بخات .
بـــه كورتی هه‌ڵوێست ئه‌و ڕێبازه‌یه كـه هۆشیاریمان به‌رابه‌ر به‌جیهان ڕێكه‌خات و ئاراسته‌ی ده‌كات .لێ هه‌ڵوێستی ئێستیاتیكی هه‌مان ئه‌و هه‌ڵوێسته‌نییه كـــــه خه‌ڵكی ئاسایی ده‌یگرنه‌به‌ر ، به‌ڵكو ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی ده‌یگرینه به‌ر به ئاسایی ده‌كرێ نـــاوی بنێین هه‌ڵوێستی ده‌ركردنی « به كرده‌وه » .

* * * *

ئێمه شه‌ته‌كانی ئه‌م جیهانه له‌سه‌ربنچینـه‌ی ئه‌و سوده یا ئه‌و زیانه‌ی لـــه هـێـنـانـــه‌دی مه‌به‌ست و مه‌رامه‌كانماندا هه‌یانه ده‌بینین .
گه‌ر بمانه‌وێ به وشه‌ی ئاسایی هه‌ڵوێستی كه پێڕاهاتووین ده‌ریببڕین ، ئه‌وا ئه‌م وشانه شێوه‌ی ئه‌م پرسیاره ده‌گرنه‌خۆ :
« ده‌توانم چي پێئه‌نجامبده‌م ، ده‌توانم چـی پێئه‌نجامنه‌ده‌م ؟ » من ده‌بینم پێنوس شتێكه ده‌توانم پێبنوسم ، ئه‌و ئۆتۆمۆبێله‌ی لـه دوراڕ دێ شتێكه كه ده‌بێ خۆمی لـــێ لاده‌م ، به‌لام هه‌موو هۆشی خۆم ناخه‌مه سـه‌ر بابه‌ته‌كه . به‌ڵكو بابه‌ته كه هێنده به‌لامه‌وه گرنگ نییه ته‌نیا بایی ئه‌وه‌نده نه‌بێ كـــه چه‌ند ده‌توانی له‌هێنانه‌دی ئامانجی داهاتوودا به‌كه‌ڵكم بێ. به‌راستیش كاتی مرۆڤ ئامانج ره‌چاوده‌كات ، ده‌بێته گێلی وگه‌مژه‌یی گه‌ر هه‌وڵی خۆی له شتی بێئامانج بـه فیڕۆ بدات‌و له خودی بابه‌ته‌كه رامێنێ ، ئـــه‌و كرێكاره‌ی ته‌نیاله‌ئامێره‌كانی رابمێنێ،هه‌رگیزكاره‌كـه‌ی بۆ ته‌واو ناكرێت . هه‌روه‌هاش ئه‌و شـتـانـه‌ی وه‌ك جه‌فه‌نگ به‌كاردێن وه‌ك زه‌نگی جه‌مـی خوردان یا تراڤیكلایت ،گرنگییه‌كی ئه‌وتـــۆیان نییه له‌وه به‌ولاوه كه ڕێبه‌ریمان ده‌كه‌ن بۆ هه‌نگاوی داهاتوو، كه‌واته كاتێ هه‌ڵوێستمان « كرده‌نی » بێ ، ئه‌وا ده‌ركی شـتـه‌كـان ناكه‌ین ته‌نێ به‌وه‌وه نه‌بێ كـه ڕێگه‌یه‌كن بۆ ئامانجێك كه تاقیكردنه‌وه‌ی ده‌رككردنمـان لێ تێده‌په‌ڕێنێ .
به‌وگوێره ئێمه شته‌كان به‌گشتی به‌سنوركرا و به‌شه‌كی ده‌ره‌كده‌كه‌ین ، ئێمه ته‌نێ ئه‌و سیمایانه ده‌بینین كه په‌یوه‌ندیان به‌مه‌رامه كانمانه‌وه هه‌یه ، ئه‌گه‌ر سود به‌خش بن ئه‌وا ئـیـــدی ئێمه زۆر بایه‌خیان پێناده‌ین

دەرکردن بە گشتی هەر تەنیٚ سنورکردنێکی کاتی وخێرای جۆری شتەکان وسودیان نییە . لیٚ ئەگەر منالْ هیچ چاری نییە و دەبیٚ هەولی زۆربدات بۆ ئەوەی شتەکان و ناوەکانیان و ئاستی بەکارهێنانیان بناسیٚ، ئەوا کەسێکی پێگەیشتو ئەوە ناکات ،چونکیٚ لیٚ راهاتن فێری کردووە دەست بەدەرککردنییەوە بگرێت ، بەجۆرێك توانای هەیە خێرا شتەکان و سودەکانیان بناسێتەوە . گەربمەویٚ بنوسم بیٚ دوودلی دەستدەدەمە پێنووس نەوەك کاژمێری مەچەکم یا کەوچکێك . تاکە شتی کەلەو کاتەدا بەلامەوە گرنگە سودی پێنووسە لە نوسین ، نەك لەبەر رەنگی یا ئەو شێوە تایبەتییەی کەهەیەتی ، ئا ئەمە لەگەڵ بەشێکی زۆری پەی بردنمان بەشتەکانی جیهانی دەرویەرمان یەك نایەتەوە ؟.

« ئەوەی کەسێکی ئاسایی لەژیانی رۆژانەدا دەیکات خوێندنەوەی ئەو تابلۆیانەیە کەلەسەر شونەکانی دەرویەری چەسپێندراون – گەر ئەو دەربڕینە لەجێی خۆی بیٚ– دەنا بایەخ بەچی تر نادات » *.

راستیش ئەوەیە گەر لە قەوارەی ئەوەی بەراستی لەجیهاندا دەیبینین وردبینەوە،هێندە کەمە واقمان لیٚوڕدەمێنیٚ . ئێمە « تابلۆکان دەخوێنینەوە » لەسەر شتەکان تا بزانین لە بەرابەریان دا چی بکەین ، بەشێوەیەك کە خودی شتەکان خۆیان تەواو بەرچاومان نین .هەروەك لەوەوپێشیش وتمان ، ناچارین ئەوە بکەین تا بتوانینین ئەوەی لەو جیهانە گەرەکمانە بەدی بێنین . لەگەڵ ئەوەش پێویستە وای دابنێین کە دەرککردنی هەستەکی بەر دەوام « کردەنی » نییە، هەروەك لە ژیاری ئێمەدا دیارە . بەلکو کۆمەڵگەی تر هەن لەو بوارە دا لە ئێمە جیان . **

لەگەڵ ئەوەش دەرککردن هەر بەتەنیٚ لەسەر شێوەی « کردەنی » نەوەستاوە لە هیچ لۆخێکدا . چونکیٚ ئێمە تاونا تاوی سەرنجمان بە شتێکەوە خەریکدەکەین تەنیا بۆ چێژلیوەرگرتن یا دیتن ، یا خود بیستن یا دەست لێدانی . ئەوەش « هەلوێستی ئێستیاتیکییە » لەدەرککردندا . لەوکاتەوە سەر هەڵداویٚ کە خەڵکان گرنگی بەشانۆگەرییەك یا چیرۆکێك دەدەن ، لە هەر جێگەیەکیشدا کە گویٚ کوڕی ئاوازێکی موزیك دەبن .هەتا جاری وا هەیە لە ساتەوەختی دەرککردنی « کردەنی » دا روودەدات ، وا دەبیٚ « سەرنجی تیژڕۆی شتەکانی دەورویەرمان دەدەین کاتیٚ لە گیروگرفتی رۆژانەی ژیان بێزاردەبین و بۆ چاچوقانێك بەلاوەیان دەنێین تا بیرێك لە خۆمان بکەینەوە ، هەروەك لەو کەسەدا روودەدا کە مۆلەت بەسەردەبات ، کاتیٚ ئیشێك دەکات ولە بیرکردنەوەدا روودەچیٚ ، ئەویش لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکەیەتی بە خێرایی چل یا پەنجا میل لە کاژمێرێکدا لە رێگەیەکی بەریندا بەرەو مەنزل ، چاو دەگێڕی بەداروبارو گردۆلکەکانی دەرویەری ریٚ دا .

* * *

## ٢ / هەڵوێستی ئێستیاتیکی :

پێویستە دەمەقێکەمان بەهێنانەوەی پێناسەیەك بۆ هەڵوێستی ئێستیاتیکی دەست پێبکەین . بەلام دەبیٚ ئەوەمان لە بیربیٚ کەپێناسە ، لێرەدا یاخۆ لە هەر تۆژینەوەیەکی تردا ،خاڵێکە بۆ دەستپێکردن . بە تۆژینەوەیەکی تر کە بەدوایدا دیٚ و لەوە بەولاوە شتێکی تر نییە .ناکریٚ تەنیٚ بە وشەکانی پێناسەکەش نیایی بی ، بەبیٚ ئەوەی لەو رێبازە بگات کە بە هۆیەوە پێناسەکە یارمەتی دەدات لە تاقیکردنەوە کە بگات ،و چۆنیش دەتوانی لە تۆژینەوەی جوانزانی بەردەوامبیٚ، تەنیا ئەو قوتابیە نەبیٚ کە بیرکوڵ و زۆرزان نییە .

دوای ئەم ئاگادارکردنەوەیە ، دەمەویٚ پێناسەی « هەڵوێستی ئێستیاتیکی » بکەم ، کە « سەرنجدان و تێرامانێکی سۆزدارانەی بێگەردە تەواو دورە لە هەر مەبەستێکی بابەتی هۆشیاری ، لەپێناو ئەو بابەتەدایەو بەس » ، چاکە دەبا هەر بیرێکی لەو پێناسەدا هاتووە یەك بەودای یەك بە وردی لە مانایان بکۆڵینەوە . بەلام چونکیٚ ئەمەیان شیکردنەوەیەکی بەشەکییە ، دەبیٚ بایی ئەو باسانەی پێشکێشیان دەکەین لە سەرجەمی شیکردنەوەکەماندا رەنگداتەوە ، نەك لە بەشێکیدا و بەتەنیا .

* * *

گوتەی یەکەم ، ئەوەبوو « دورە لە هەر مەبەستێکی . . . » کە بایەخێکی تایبەتی و دابڕی هەس ،وا دەگەیەنیٚ کە ئێمە تەماشای بابەتەکە ناکەین لەوگۆشەنیگایەوە کە گرنگییەکی هەبیٚو بۆ مەبەستێکی دەرەکی کە دەشیٚ بۆ هێنانەدی کەڵك لە بابەتەکە وەربگیردرێت .ئێمە نامانەویٚ سودێك لەبابەتەکە بچنینەوە یاوەك ئامێرێك بەکاری بێنین ، هیچ مەبەستێکیش نییە کە تاقیکردنەوەکە ژێر رکێف بکات تەنیا مە بەستی ئەنجامدانی تاقیکرنەوە کە خۆی نەبیٚ .

بایەخپێدانی ئێمە لە سنوری بابەتەکە دەوەستیٚ ، ئەوەش مانای نیشانەیەك نییە بۆ روداوێکی کە بەدواوەی دا دێت ، وەك زەنگی جەمە خواردن ، یا دەراوێك بیٚ بۆ جموجۆلێکی کە بەدوایدا دی ، وەك روناکی ترافیکلایت .

زۆر جۆری جیاجیای « بایەخدان» هەیە کە بواری ئێستیاتیکا بەلاوەیان دەنیٚ ، لە وانە بایەخدان بەکاری هونەری بەمەرامی خاوەنداریەتی و شانازی پێوەکردن و خۆ پێوە بادان . لەزۆر کاتدا یەك لەوانەی سەرگەرمی کۆکردنەوەی کتێبە بەسەر کۆنە دەستنوسێکدا دەکەویٚ ، بایەخ بە هیچی نادات تەنی بەدەگمەنی و نرخەکەی نەبیٚ ، نەك بەو بابیەی کە کتابێکی وێژەییە . ( زۆر هەن لەوانەی کتابان کۆدەکەنەوە و هەرگیز ناشیان خوێننەوە )، جۆرێکی تری نائێستیاتیکی بایەخدان یش هەیە کە بایەخدانی « زانیاری » ، بە مانای وەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بابەت . پسپۆری چاوە دێری تەشقی ئاووهەوا بایەخ بەشێوە تالوتەراکانی جۆری پێکهاتنی پەلەهەورەکان نادات، بەلکو بایەخ بەو هۆیانە دەدات کە پێکیهێناوە . هەروەها لە بەرابەر ئەوەش ئەو بایەخەی زانای کۆمەڵناسی یا مێژونووسی هونەر بە کارێکی هونەری دەدات ، کە لەوەپێش ئاماژەمان بۆی کرد ( لەبەشی یەکەمدا ) بایەخپێدانێکە بۆ زانین « زانیاری ». سەرەڕای ئەوەش ، کاتیٚ مەبەستی ئەوکەسەی کە دەرکی بابەت دەکات واتە precipient « ١» بڕیاردان بیٚ لەسەر بابەتەکە ، ئەوا هەڵوێستی ئێستیاتیکانە نابیٚ. ئەوەش کاریکە دەبیٚ بە چاکی لە یادمان بیٚ ، چونکیٚ هەڵوێستی رەخنەگری هونەری هەروەك لە دوایدا دەی بینین ، هێندێك جیاوازی دیاری هەیە لەگەڵ هەڵوێستی ئێستیاتیکی .

# سڵاو بۆ ماندێلا *

هۆ سەرکردەی بەدەگمەنی ژیان
ئەی تەنیا باری راستگۆیی دنیای سیاسەت

ئەتۆ سەروەر و بڵندی ، لەگەڵ خۆتدا
گەلی ئەفریقیای خوارووشت گەیاندە لوتکە


منی ! کوردێکی پەرەوازەی ئەم جیهانە
چۆن هەتا دەمرم ستایشت نەکەم
تۆ بوی. بەتاقی تەنیا
لەسەر رووی ئەم زەمینە
بۆ حەقی کورد
پاداشتی رژێمێکی داگیرکەری کوردستانت
بەلاوەنــا .

هاتووم لەبری ئەم سڵاونامە ، چەپکە گوڵی
نێرگزی کوردەواریت پێشکەش دەکەم
لەچاوپەنای ئەم چەپکە وشە
پیرۆزبایی سەرکەوتنی مێژوییتان لێ دەکەم

هەستی تۆ
بــڕوای تۆ
خۆڕاگری تۆ
جوامێری تۆ
کوا نمونەی لە دنیای ئەمڕۆ ... ؟؟

* نیلسۆن ماندێلا : ئەو کەڵە پیاوە یە کە دوای بیستونۆسال لە زیندانی رەگەزپەرستە حوکمرانەکانی کۆرینی ئەفریقای خواروو لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەی مێژوویی بوە سەرۆك کۆماری وڵات و سیستەمی رەگەزپەرستی لە وڵاتدا هەڵوەشاندەوە .

کاکە باس




# *DLANPAR*

Cultural magazine publish in Sorany ( south - kurdish)
By Kurdistan National Paece and Solidarity Committee
Editoral board - R.Mamash . R. Muhedin . A. Mustafa . H . Akram.
Address - KNPSC . P.O.Box 533 . 001001 Helsinki . Finland
Bank No - PSP - 8 0 0 0 2 4 - 1 2 8 5 5 7 1 9
1.& 2. Cover - Miniature au musee de Topkapi.
The tow aquarells by Elie Abrahami

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library

# خوێنەری هێژا !

ویرایی سڵاو و ڕێزی تایبەتیمان ، هیوای کامەرانی و ساڵێکی بەختەوەرتان بۆ داخوزین !

لەوەتەی ناونیشانی ئێوەی بەڕێزمان پێگەیشتووە چ بەنامەی خۆتان یا بەهۆی ناسیاریکتانەوە ، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە گۆڤاری دلانپار و هەر چاپەمەنییەکی تری کۆمیتە کە بویێ بەناونیشانی ئێوەی بەڕێزمان بەڕێ کردووە.
دیارە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتی پار و پێرار بەشێوەیەکی خێرا ژمارەی خوێنەرانی دلانپار پتربوون ، هەڵبەتە ئەمەش جێگەی دڵخۆشی ئێمەیە ، بەڵام ئێستە ئەم ژمارەیە گەیشتۆتە رادەیەکی وا کە تەنیا بەکۆمەکی ئەندامانی کۆمیتە و ئەو یارمەتییەی دەگاتە دەستمان بەتەواوی کارەکانمان راناگەین و ناتوانین ئەو ژمارە زۆرەی دلانپار چاپ بکەین و پۆستیشی بکەین، بۆیە روو لە ئێوەی خوێنەرانی بەڕێز دەنێن لە سونگەی بەرژەوەندی گشتی و بۆ ئەوەی دلانپار لە کاتی خۆی دەرچێ و پۆست بکرێت و بگاتە دەستتان ، ئێوەی بەڕێزیش لەلایەن خۆتانەوە بەگوێرەی توانا یارمەتی دارایمان بدەن ، کە بێگومان جێگەی پێزانین و بە پیرۆز راگرتنی پەیوەندی هەر بوو لامانە .
چاکترین ریگەش بۆ یارمەتی داریی ئەمەیە : کۆمەکەکەتان بخەنە زەرفێکی نامە و بە پۆستی تۆمارکراو( ریگێستەر- ئێکسپرێس ) بەناونیشانی گۆڤارەکە رەوانی بکەن.
پێشەکی زۆر زۆرتان سوپاستان دەکەین .
دیسا هیوادارین ساڵی نوێتان ساڵی سەرکەوتن و شادی و کامەرانی بێت!

کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

لە باتی دڵسۆزان و هاوکارانی ئێوە

رەهبەر مامەش

١٩٩٦/١/١